یان لە دەقی (ناونیشان بە گەڕپانی جەنگەکان) دا .. هاتووە وەک فەرمەکی نوە ، (دە) دەقی شیعری نووسیوە ، دەقە شیعرییەکان تەنهـــا ،، ناونیشـــانن و هیچیتـــر . وەک شیعـــری تاکـــدەری و ناونیشانەکانیشی لە ناوەڕاستی لاپەڕەدا نووسیوە ، بەنموونە (لە کاتی خەیدا لە قووڵاییدا هەڵدەلەرزم ، گرەو لەگەڵ کلیلسازی گەنجینەی پاشا و داهاتووی پەشبینیکراو ، پەم بوونەتە ڕووبار و خەم بە شەڵی دونیا ناونووس کردووە ، هەتا دوایی ...) وەک گوتمان دە ناونیشانە شیعرە ، بە بەوای من ئەم هەوڵەی سەباح ڕەنجدەر لە دوو ئاست دا دەتوانین قسەی لەبارەیەوە بکەین ، یەکەم / وەک هەوڵەکی نوە ویستوویەکی ئەم دەقەی بە فەرمەکی نوە بنووسەت ، واتە شیعرەک تەنهـا پەکهـاتبە لە (ناونیشـان) و بەس .. کە ئەمەش هەوڵەکی نوەیە لە شیعری کوردی ، وەکچەن کاتی خەی (فەریدا زامدار) دیوانەک شیعری بە ناونیشانی نووسی کە هەوڵەکی نوە بوو بە ئەوکـات ، ئەم هەوڵەی ئەو شاعیرەشمـان بە پەچەوانەوە تەنهـا ناونیشانی نووسیوە و هیچیتر ، دووەم / ئامانج لەم شیواز و فەرمە بە بەوای من ،، پەیوەندی بە باری دەروونی شاعیرەوە هەیە ، لەلایەک مەیدانی شیعر وەک مەیدانەکی گەورەی جەنگ دەبینەت لەنەوان زەرانبازی و ململانەی نەوان (جوانی و ناشیرینی) یان بەمانا (فریـد)یەکەی ململانەی نەوان (ئیرەس و ساناتەس) واتە (ژیاندەستی و مەرگدەستی) کە شیعر لە سەنگەری جوانی و ژیاندەستییە ، بەیەش دەڵین ئامانجی شیعر گەڕانە بەدوای جوانی لەنەو ڕووبەری زمان دا . لەلایەکی تر / چەمکی ناونیشان و کاریگەری ئەم چەمکە بەسەر دەروونی شاعیرەوە کە کوەی کەمەگەیەکی بە شوناس و بە ناو و نیشتیمانە .. ئەم دەقە گەڕانەکە بە دوای شوناس چ وەک تاک چ وەک کەمەگە . واتە هاوار و ململانە و جەنگەکە بە بە دەستهەنانی شوناس .
شیعرەکیتر بەناوی (خاەبەندی) ، سەباح ڕەنجدەر لە ئەزموونی سەرەتایی دا ، واتە بەدوای (زەوان)ەوە ، بەهەی ئەو زمانە

شیعرییە تایبەت و جیاوازەی ، کەوتە بەر هەرش و دژایەتییەکی زەر ، لەوەی کە ، سیستەمی زمان و سیستەمی ڕەزمانی تەکداوەو ڕەچاوی خاڵبەندی ناکات و ئەم ڕەخنە بە بنەمایانە ، بە ئەساتاشەوە ئەم ڕەخنە و تەروانینانە لەبارەی زمانی شیعری ئەم شاعیرەمان هەرماوە بەڕام ، بە شێوەیەکی تەخ نییە وەک ڕابردوو ، شاعیریش بە وەڵامدانەوە بە ئەو ڕەخنە و تەوهینانە ، هاتووە ئەم دەقەی نووسیوە بەناوی (خاڵبەندی) کە هەموو یەکە و پێکهاتەکانی خاڵبەندی یەکبەدوایەک ڕیزکردووە و شیعری لە دروست کردوون ، دەیەوێت پێشانی بدات کە زەرباش شارەزایی هەیە لە خاڵبەندی کە لە زمانی شیعری ڕەچاوی ناکات مانای ئەوە نییە کە ئاشنا نییە یان بەئاگایە بە یەکە و پێکهاتەکان و ڕەی خاڵبەندی لەنەو ڕووبەری ڕەزمان و زماندا بەڕام ، بە بەوای من شاعیر پێی وایە ، زمانی شیعری دەبێت سەربەخۆ و ئازاد بێت ، خۆی نەبەستێتەوە بە هیچ سیستەمێکەوە بە سیستەمی ڕەزمانیشەوە چونکە شیعر بوونێکی گەردوونی هەیە هاوکات ، شیعر جووڵەیەکی بەردەوامە لە نەو ڕووبەری ئیستاتیکادا ، بەیە بوونێکی کراوەی هەیە بە تایبەت لە کاتایی دەقە شیعرییەکان دا هیچ دەقێک پەویستی بە نوختە دانان نییە ، پیکهاتە خاڵبەندییەکانیش ئەمانەی بەدوای یەک ڕیزکردوون (خاڵ ، دووخاڵ ، سێ خاڵ ، کەوانە ، هەی لار ، تەقەڵە ، وەرگوە ، ئەستێرە ، نیشانەی پرسیار ، نیشانەی سەرسووەمان ،) هەریەکێک لەمانەش شیعرەکی سەربەخۆی بە دروست کردوون وەک لەسەرتا بە (خاڵ) دەستی پێکردووە و دەڵێت :

خاڵ لە شەرمەکی گەمژانەی ڕستە ڕادەگرێت
زەمینیش دەخولێتەوە بە دوای خورپەیەکی بەهەزەوە
ئەدی بەخشندە بە کام دەست دەبەخشە و بەکام دەست لەمان دەستنێتەوە
دوای کەمەکی تر زەمین هەمووی تاریک دەبێت
بە دەنووکی سووری قەقنەس گەڕێک هەڵدەکەنم
دە پێی ڕازی نییە و ئاهی شادمانی تە نەگەڕاوە
گوڵەستێرە لەناوی نیشانە و ناوە
بە نیگایەکی ماندوو بیر و پەژەی دیوارەکانی دەخوێنێتەوە
لەوە پێیام ناگات
کەویش لە چیای ڕاەن
هەروەها لەدەقی (سیما و ساەکان لە پە پیرەزەوە) ش لەردا شاعیر لە کەش و هەوایەکی ئارامی پە لە بیرکردنەوە و ڕامانی قووە ، دەڵێ
لەگەڵ ئەستێرە بیردەکاتەوە و لە مەیسوورەوە دە

سەر لەنوێ سەیری بای پەنجەرە دەکەمەوە
لە کۆتایی ڕۆگا دانیشتووم و سەاو وەردەگرمەوە
چاوم ماندوو نییە بە زەربینی ..
شاعیر لەڕدا ، بە شوێنێک گەیشتووە لەنێو ئامان و بیرکدنەوەیەکی قووە ، ئامان لە ئابردوو و لە ئەزموونێکی دوورو درێژی لەگەڵ شیعر ، ئیتر هەر ڕەبوارە و دەت بەپیریەوە و سەاوی لە دەکەن ئەمیش سەاو وەردەگرەتەوە ، هەریەکێک لەو ڕەبوارانەش یەکێک لە کتێبە شیعرییەکانییەتی کەی ڕەبوارکان سەزدە ڕەبوارن ، ڕەبواری یەکەم (زەوان)ە تا دەگاتە ڕەبواری سەزدەمین (سەرزەمینی هەموو ناوکان) . لەگەڵ ئەوەی شاعیر دەڵێ ، لە کۆتایی ڕۆگا دانیشتووم ، بەڵام هەشتا لەگەڵ ئەستێرەکان بیردەکاتەوە و سەر لەنوێ لە بای پەنجەرە دەڕوانێتەوە و چاویشی ماندوو نییە بە زەربینی ،، ئەگەر لەسەر مەبەستی لە بینینی ڕەبوارکان بێت کە کتێبە شیعرییەکانییەتی ، دەیەوێت ئەو هەزە لەخەی پەشان بدات کە هەشتا وزەی بینینی ڕەبواریتری تیایە و چاوکانی ماندوو نابن واتە ، ئەو وزەیەی تیایە بە خوەقاندنی ڕەبواریتر واتە هیشتا کەسکی پە جووڕە و وزەیە لەنێو ڕووبەری شیعر و داهێناندا . وەک هەوڵکی پە جوانکاریش بە هەر ڕەبوارێک بە دەرە شیعرێک باسی کردووە بە نموونە :

_ ڕەبواری یەکەم زەوان

بوون تەیدا لە بەیانی خەڵەمشی و مانگی نیوەگیان نامەنەتەوە

_ ڕەبواری دووەم ڕووکەکانی خوداوەند

دیکتاتەر نەیهەشت گوریسی جەلانە بە درەختی ناوچیا ببەستین

_ ڕەبواری سەیەم خوون وا خەی گەڵایەوە

گوەم لە بەئاگایی نەچنیوە و نهەنی گەشکردنم درەوشاندەوە

ئیتر تا دەگاتە ڕەبواری سەزدەمین (سەرزەمینی هەموو ناوکان)ە ، کە دوا کتێبی شیعرییەتی ، شاعیر بە بەواو شانازییەکی گەورەوە دەخەشە بەوەی کە توانیویەتی ئەو هەموو ڕەبوارەی بە ژیان بەخشیوەو کەلەگەیان پەڕە لە خوون و خەزگەکانی مرۆڤبوون ئەمەش بە ئەو سەروەرییەکی گەورەیە ، واتە لەنەو هەستکانی ئەو / شیعر دەبە بە ڕەبوار و ڕەبوارکان بە تائەباد لەنەو ژیان دەمەننەوە و دەبن بە سەرزەمینی هەموو ناوکان …! ، چونکە کتێبە شیعرییەکان و شیعر بە ئەو مانای ژیان و یانی سەروەری و هەزی مانەوەی پە دەبەخشن. ئەگەر بە کورتی قسە لەبارەی ناساندنی ڕەبوارکان بکەین بە نموونە ، ڕەبواری یەکەم کە (زەوان)ە دەڵێت ، بوون تەیدا لەبەیانی خەڵەمشی و مانگی نیوەگیان نامەنەتەوە ،، دەکرێت لەسەر خوەندنەوەیەکی (هایدگەر)یانەی بەبکەین بە تایبەت بە بوون کە

پەیوایە ، مرۆڤ لەسەرتاوە بوونەکی ناتەواوی هەیە لە رەگەی داهێنانەکانییەوە هەوەدەدات بوونەکەی بەرەو کەمال بەرەت ، شاعیریش باس لەوە دەکات بوون تەیدا لە (بەیانییەکی خەمەشی) دەکرەت خوەندنەوەی بوونەکی ناتەواوی بە بکەین لە مانگی نیوەگیان نامەنتەوە ، هەوەدان ەیشتن بەرەو کەمال لە ەگەی داهێنانەوە بەت ،، داهێنانکانی شاعیریش سەرتاکەی بە زەوان دەست پەدەکات . بە ەبواری دووەم کە ەووکەکانی خوداوەندە دەەت ، دیکتاتەر نەیهەشت گوریسی جەلانە بە درەختی ناو چیا ببەستین ، ئیتر لەم کتەبە زەتر قووە دەبەتەوە بەنەو کەشمەکەش و هەوراز و نشەوکانی ژیان ، چ لەنەو داهێنانە شیعرییەکانی چ لەنەو واقیعی ژیانی خەی ، کە ەووبەووی سەختییەکان دەبەتەوە و دەسەاتدار و ستەمکاران ناهەن بە ئارامی بژی و خەشییەکانی ژیانی بەرەو بەندایییەکان بچن گوریسی جەلانە کە هەمایە بە خەشییەکان بە درەختی ناوچیا ببەستن . شیعر پەویستی بە چ توانایەک و سەلیقە و وزەیەک هەیە ، لەهەمانکاتیش دەکرەت وەامەک بەت بە هەموو ئەوانەی لەم نەوەدا ەخنەیان لەگرتووە و هەرشی ناەوایان کردەتە سەر کە بە تەکدەری زمانیان لە قەەم داوە و ئەوەتا بە ەوون و ئاشکرایی دەەت ، گوەم لە بەئاگایی نەچنیوە و نهەنی گەشکردنم دروشاندەوە ، بە کتەب و ەبوارکانیتریش بەهەمان شەوە تا دەگاتە دواهەمین ەبوار و دواهەمین کتەبی کە (سەرزەمینی هەموو ناوکانە) ، ئیتر بەشی دووەمی ئەم دەقە شیعرییەوە هەموو دەقەکانی تری نەو ئەو کتەبەی شایستە بە قسە لەبارەوە کردن و ئاوەلەدانەوەن ، بە نموونە دەقەکانی (وەسیەت و سپی بەرەو ەش و دیوانی مات و مردووان گەرانی زەوی دووەمیان دەەن ..) ، بەەام من لەرەدا دەمە کەتایی ئەو خوەندنەوەیەم ، بەهیوام ماەی شیعری سەباح ەنجدەری شاعیر هەر ئاودان و ەووناک و بە هەمیشەش پە کەشش و داهێنان بەت ، هەروەها هەر لە شاری شیعر بمەنتەوە چونکە وەک خەی دەەت / لە شاری شیعر هەناسەم نەرم و خەش و بە ئارەزووی خەی لە بەهەشت ناچمە دەرەوە .

سەرەتای

نیسانی ٢٠٢٣

سەرچاوە : کتەبی شیعری (سەرزەمینی هەموو ناوکان) .. سەباح ەنجدەر

گۆڕان ١٠.. ناڵە حەسەن

(قەدەر ، تابلۆ ، سووتان ، خەون ، گۆڕانەوە ، ژیان ، جیابوونەوە ، ونبوون ، دووری ، خەزان ، عەشق ، مردن ، ژووان ، گومان نائومێدی ، سووتان ، کوژانەوە …)

١

(.....)

من دەمەوێت وێنەی تۆ
لەسەر گۆنای مانگ هەڵکێشم
تا شەوانان
ببیت بە سەناتای تریفەیی بتهەڤن و
چاوەکانیشت
هەموو گەردوون ڕووناک بکەنەوە

٢

(.....)

من دەتەنگیەکی فەنتازیایی قووم
لە عەشق بە ماوەتەوە
هەر دەڕۆم و
خەم و ڕەگایەکی خەواوو
خەم و خەیاڵێکی خەمناک
نازانم لە خەم نزیک دەکەومەوە یان دوور
نازانم تە جەدەهەم یان بەرەو لات دەم
هەندە نەبە
بە دووەیانەک گەیشتووم
خەیشم نازانم لە کوێم !

٣

(.....)

ژیان هەشوە ترەیەکی ڕەشە
لە بنار بەندایەکانی
خەمە سپیەکاندا
هەوەریی گەڕاکانی پایزەکە
بەسەر

تۆلاری تۆمە تۆنیاکاندا
تۆمومژەکی ئاڵزە
لەنیو خەیاڵی مرۆڤە ونبووەکاندا
٤
(.....)
تۆ / ئەی پرشنگی عەشقەکی شینی
نیگا شین و
برژانگ شین و
ئەنگوستیلە شین و
ستیان شین و
دەلینگ شین
منیش / لەم بیابانی غوربەتە شینەوە
لەم دەریا شینەی پە لە شەپۆلەکانی
نادیدەگی و خەمەکییەوە
ئەم هەز و سەلیقە شینە لە کوە بەنم
تا بە قەڵەمەکی ئاگرینی شین شین
قەسیدەیەکی شینت بە بنووسمەوە
ئەی گوڵە شین ...!
٥
(.....)
تۆ بروسکەی ئاسمانەکی تەکشکاوی
هاوارەکانت ناگات بە من
منیش تیشکە ڕیشالییەکانی تریفەیەکی تۆنیام
کەچی شەوانان
ژەر کەپر و کەڵاوەکانی نەو خەونەکانی تۆ
هەر تاریک و تاریکتر دەبنەوە
٦
(.....)
لەوەتەی هەم
خەر بە دووچاوی خەلەوە
لەنەو خەونەکانم هەڵدەت
تەش تازە بە تازە
پەڕەی کتێبە شیعرییەکانم هەڵدەدەیتەوە و
لەم دەپرسی و دەڵێی
لەم دەزەخی پە لە کەپە و هەستانەوە
لەم گەڕستانی کوژانەوەی ئەستێرەکانەوە
بەچی هەندە بە زمانەکی غەمگین و

بە وشەی چاو بە فرمێسکەوە
شیعرەکانت دەنووسیەوە
٧
خەم لە نێو تاریکیەکی گۆڕە دەبینمەوە
کە هیچی / لە ڕووناکیە ناچێ
لە نێو چاوەکان و لە نێو
ئەو شەفەقەی کە دەمویست شتە جوانەکان و
پێشکی درەوشانەوەی وردە ئەستێرەکانی پێ ببینم
ئەستاش چەند پرسیارێک مەشکیان داگیر کردووم
ئەم تاریکیە بە بوو بە قەدەری من
ئەم تەنیاییە بە بوو بە بەشێک لە بوونی من
ئەم غوربەتە ئەبەدییەش بە بوو بە نیشتیمانی من
٨
(.....)
ژنێکی بزە گەرم و نیگا نەرم
هەموو شتێکی منی خەشدووت
شیعرەکانم
پێکەنینم
ڕەنگی پێستم
قژی خاوم
هاوار و فرمێسکەکانیشم
هەموو شتەکم / بەس خەم نا
٩
(.....)
ویستم لە نێو بیرکردنەوە و
خەونەکانم دەرتبەنم
ڕەشبایێک هەڵیکرد
هەموو شتەکی ڕفاندم
کتێبەکەی دەستم
چاویلکەکەم
جلەکانم و ڕووت ڕووتی کردمەوە
ویستم نامەکان و
دەفتەری یادەوەرییەکانیشت بسووتێنم
باران شەپۆل لێیدا و بوو بەلافاو
هەرچی ئاگری نێو ماڵەکان و دارستانەکان و
تەنانەت / ئاگری نێو دەزگەکانیشی کوژاندەوە
ئیدی منیش لەسەر جێگاکەم ڕاکشام و

زەردەخەنەیەک هاتە سەر لێوخسارم
لەودەمدا / شەبەنگێک لە ڕووناکی هاتە نێو ژوورەکەم
دەنگێک لە نێو ڕووناکییەکە گوتی
ئەی شاعیرە ڕۆژهەڵاتییەکە ئایندەت باش …!

مارسی ٢٠٢٣

تێبینی : خوێنەری خۆشویست دەتوانن ناونیشانی ئەم وردە شیعرانە لێو وشانەی سەرلێو هەڵبژێرن ، هەندێکیان زێتر لە ناوێک لەخۆدەگرن . خۆتان ئازاد و سەرپشک بن لە دانانی ناونیشانەکان …!

ڕۆژهەڵاتبەجێیی و زمانی شیعری.. ناڵە حەسەن

ڕۆژهەڵاتبەجێیی ساڵانێکە شیعر دەنووسێت ، من لەدوای دووهەزارەوە بە هەی شیعرکانییەوە بەم شاعیرەمان ئاشنام . بەدیاریکراویش ئەو ساڵانەی بەشداری کارای هەبوو لە ڤیستیڤالی گەلاوێژ و خەڵاتی بەدەست دەهێنا ، دواتریش لە ڕەگەی گۆڤاری (هەنار)ەوە هاوڕێیەتیمان وەک دوو شاعیر دەستی پێکرد .. چ لە ڕەگەی ئیمەیل یان مەسنجەرەوە چەندجارێک پێیوەندیمان بووە لەبارەی شیعر و نوێگەری و بابەتی گرینگ قسەمان کردووە ،، منیش هەر لەوسەردەمانە لەکەینەوەیەکم بەناوی (شیعر و هەڵەکەست) پێشکێش بە ڕۆژەی شاعیر کردووە . ڕۆژهەڵاتبەجێیی تا ئێستا حەوت کتێبی شیعری بەاوکردەتەوە ، دواهەمین کتێبی بەناوی (دەڵێک دارستان و تاڵێک چەلەکە) کە بە (پدف) وەک دیارییەک لەلایەن شاعیرەوە بەدەستم گەیشت . بە شێوەیەکی گشتی ڕۆژهەڵاتبەجێیی خاوەن ئەزموونێکی شیعری جوان و نایابە ، یەکێک لە هەوڵە دیار و جوانەکانی دەیەوێت بە زمانێکی شیعری جیاواز بنووسێت ، تا ئاستێکی باشیش لەم پێناو و ئامانجەی سەرکەوتوو بووە ، خاوەن ملوانکەیەک لە شیعر و وشە و دەستواژەی شیعری جیاوازە . زەرجار لە دەمی خەییم بیستووە و دەڵێ (من نامەوێت تەقلیدیانە بنووسم …!) کە ئەمەش بنەمایەکی پەزەتیفە بە جیاوازبوون یان هەنگاونان بەرەو نوێگەری .. من لە کتێبی (گەیشتن بە ڕووبەری شیعر) ، لەبارەی ئەزموونی

نوخوازانی (فرید زامدار)ی شاعیر قسە دەکەم . بە پشتبەستن بە فەرم و ناوەڕۆکی جیاواز و زمانی شیعری جیاواز ، هاوکات پەیوەندی (یاخیبوون و نوگەری) . فرید زامدار دەیگوت (من بەوەی کە هەیە ڕازی نیم !) واتە مەبەستی بوو شتێکی جیاواز بنووسێت ، ڕۆژی شاعیریش دەیوت هەمان شت بڵێت بەڵام ، بە دەرربڕین و بە زمانی خۆی ، ئەو دەڵێ (من نامەوێت تەقلیدیانە بنووسم) ، واتە بەزمان و فەرم و شێوازی کۆن ، ئەگەر لە تایتلی دواهەمین کتێبە شیعری بەوانین ، ئەو ڕاستییە دەبینین کە ئەو شاعیرمان دەیوێت بە زمان و فەرمێکی جیاواز بنووسێت .کتێبی (دەڵێک گەڵستان و تاڵێک چەلەکە) . ئەم کتێبە پێکهاتووە لە سێدو هەشتاو دوو لاپەڕەو بە دیزاینێکی نایاب ، کەمەڵە شیعرێکی لەخۆگرتووە کە بە فەرمی جەراوجەر نووسراون وەک ، هایکۆ و کورتە شیعر و شیعری درێژ و هەتادوایی . شیعرکان بە زمانێکی شیعری جوانی ئیستاتیکی و ناوەرۆکێکی پڕ کێشمەکێش و پڕ لە دەستەوازی شیعری سەرنجڕاکێشن . بە شێوەیەکی گشتی شیعرکان لە ڕووی شیعرییەتەوە سەرکەوتوو و لەڕووی ناوەڕۆکەوەش زۆرێک لە شیعرکان ناوەڕۆکێکی قووڵیان هەیە ،، ئەوەی زۆر سەرنجی منی ڕاکێشا هەستکانی شاعیرە لەنێو دەقە شیعرییەکانی. (هەستی ژنانە و هەستی نەتەوەیی و هەستی مرۆیی) ، لە چوارچێوەی ئەم کتێبە شیعرییەدا ئەم هەستانەی شاعیر زۆر بە تەخی هەستیان پێدەکرێع ، هاوکات لە زۆر شوێنیش یەکانگیر دەبیت لەگەڵ نائومێدی و (هەستی نائومێدی) . کە ئەم هەستی نائومێدییەش من بە حاڵەتێکی نەگەتیڤ نایبینم لەنێو ڕووبەری شیعردا . بەمانایەک کاتێک شاعیرێک ئیش لەسەر نائومێدی دەکات ، ئەوە بەو مانایە نییە ئەو شاعیرە ڕەشبینە و دەستی لە ژیان و خۆنەکانی بەرداوە ، یان (بوون و نەبوون)ی خۆی لەنێو ژیاندا وەکو یەک دەبینێت ،، دەکرێت شاعیرێک هەمیشە نائومێدییەکانی خۆی بنووسێتەوە و کەسێکی ڕەشبینیش نەبێت ، چونکە هەروەک پێشتر لە وتارێک باسمان کردووە ، (ڕەشبینی و نائومێد)ی دوو چەمکی جیاوازن ، نائومێدییەکەی ئەو شاعیرە لەوەدایە ، کە لەبنەڕەتدا ئومێدی گەورەی هەیە بەڵام ، لە ئێستادا بە ئومێدەکانی نەگەیشتووە ، پەاوپێ لە خۆن و ئومێد بەڵام لەوساتەدا بەیە نائومێدە چونکە ئومێدەکانی بەدینهاتوون و لە هەوڵەکانیش بەردەوامە بە بە دیهاتن و گەیشتن پێیان . هەروەک لەشیعری (با گەمژەیی نەنین بە عیشقەوە) ، لە سەرەتای دەقەکە تا کۆتایی ئیش لەسەر نائومێدییەکی گەورە دەکات ، نائومێد لەدەوروبەر ، کاتێک مرۆڤکان ژیان بە ئاراستەی ناشیرینی دا دەبەن ئەوە خۆتای عیشق نییە ، داوا دەکات با گەمژەیی نەنین بە عیشقەوە ، دەیوێت عیشق

وەک خەی جوان پەشان بدات ، ئەوەش ئامانجە سەرەکییەکەی شیعرە کە ئیش لەسەر جوانی بکات و نەهەشت جوانیەکانی ژیان بشوێندرێت .
شاعیر لەم دەقە شیعرەی هەر نائومەد نییە لە دەوروبەر بەکو خەیشی پەیشکی ئەو نائومەدییەی بەردەکەوەت و جووەکانی بە ئاراستەی نائومەدی دەوات ، ئەوەتا بە ەشنی دەەت :
دەستم لە مەدەن ، پەم لە تاریکی هەخلیسکاوە
شوعلەی مەمەک لە دوگمەی خەیاەما
بزر بووە
لەردا تەعبیر لە نائومەدییەکی گەورە دەکات ، پەی لە تاریکی هەخلیسکاوە و لەنەو تاریکی ماوەتەوە ، شوعلەی مەمەک لە دوگمەی خەیاەیا بزربووە ، ەووناکی نەو خەیاە و بیرکردنەوەکانی بزربوون ئەستا خەیاە و ئاسە و بیرکردنەوەکان تاریکن . تابلەکان ەش دەنوەنن ، ژیان لە جوانیەکان داشەراوە ، یان لە شوەنەکی تری ئەم دەقە شیعرییە دەەت ،
من ئاوا خەون هەدەکەم
لە هەندە قەپچەی برینتان نا بە سینگی عیشقەوە
عیشقم داکەند
هەندە چەخماخەی چەەوانیتان نا بە ژیانەوە
تەنهاییم لەبەرکرد
لەم کەپلە شیعرە جوان و نایابە ، ەشنتر باس لە نائومەدییەکانی خەی دەکات بەرامبەر بە عەشق ، تا ئاستی ئەوەی بەرگی عەشق دادەکەنە ، خەی خاەی دەکاتەوە لە عەشق ، چونکە هەندە قەپچەی برینیان ناوە بە سینگی عیشقەوە ، ئیتر عیشق بووە بە مانایەکیتر بە برین و ئازار و خەفەت ، هاوکات هەندە جەخماخەی چەەوانیشیان ناوە بەژیان دواجار تەنیایی هەبژاردووە ، هاوکات ەخنە و گەییەکی جدیشە لە بەرامبەرەکەی ، لەگەە ئەوەش کەەنادات ، وەک دەە (هەموو هاوارەکانم لەکەوت ، لەپە نەکەوتم) هەر دەیەوەت عەشق وەک ەووناکییەکی نەو ژیان جوان پەشان بدات و داوا دەکات و دەخوازەت / دەخیلتانم ، با گەمژەیی نەنەین بە عیشقەوە ..!
ەژ هەبجەیی ئەم هەوە و هاوارەی لە خەانییە ، ئەو شاعیرەکی ناسکە و شیعریش هاوتەریبە لەگەە جوانییەکانی ژیان یان هەروەک لە پەشتر گتومانە (شیعر فەرمەکی بەدەنگ نییە) ، لەگەە ئەوەی بەرگی عەشق دادەکەنەت و نائومەدییەکی گەورە بەرجەستە دەکات ، بەام نائومەدییەکەی ناگاتە ئاستی ەشبینی و هەر بە خەون و ئومەدەوە دەژیت و دەست لە ئومەدەکانی بەرنادات و دەەت :
هەواش ، هەواش ئومەدم خستە سەریەک
تا نائومەدی ەاکات

یانی لە بنەڕەتدا ، شاعیر کەسێکی گەشبینە، کەسێک بووە لە هەوڵی
ڕەوینەوەی نائومێدی دا بووە ، هەواش هەواش ئیشی بە ئومێدکانی
کردووە ، هەوڵیداوە دەستی لە لچکە کراسی ژیان بەرنەدات و خێی بە
نائومێدی شل نەکات . ئەم کتێبە شیعرییەی ڕەژەی شاعیر ، پێیەتی لە
دەقی ناوازە و جوان ، زمانی شیعری هونەرکاری نایابی تیاکراوە ،
بەشتی بە دەستەواژە و وشە و تەنانەت ناوەکی شیعرکانیش بەخشیوە
، شیعرییەت لە ئاستێکی بەرز و بەند دایە ، تەنانەت تایتلی کتێبە
، ستەیەکی شیعری جیاواز و نایاب و شیرییە ، بە چ مەبەستێک ئەم
ناونیشانەی بە کتێبەکەی هەڵبژاردووە زەر بەلامەوە گرینگ نییە
بەڵام ، ئەوەم بە گرینگە کە ناونیشان و دەستەواژەیەکی شیعری
نایابە ، لەڕدا.هەوەدەین هەندێک قسە لەسەر دیوە شاراوەکانی
بەشێک لە شیعرکانی نەو ئەم کتێبە بکەین . لە شیعری (توحفەیەک
لە دژەکان) ، بە شێوەیەکی گشتی شیعرکی ناسک و جوانە لە ڕووی
زمانی شیعری و پێکهاتەی شیعری و ناوەکەوە ، بەڵام من ناونیشانی
شیعرەکە لەگەڵ ناوەکەکە ناتەباو نەگونجاو دەبینم .. ڕەژ
هەڵبجەیی لەم دەقە شیعرییەی دەیەوێت ئیش لەسەر حاڵەتە دژبەیەک و
ناتەباکان بکات واتە (پارادکس) ، هەر خەیشی دەڵێت (توحفەیەک
لە دژەکان) ، بەڵام ئەگەر بە وردی شیعرەکە بخوێنینەوە ، ئەو
دژایەتییە و ناتەباییە نابینین ، بەڵکو تەریبی و تەبایی دەبینین
، وا لە خوارەوە یەکدوو نموونە دەهێنینەوەو مەبەستکان بە ڕوونی
پێشان دەدەین . لە کەپلەی یەکەم دەڵێت :
کە (با) قاچی لە جە چوو
درختەکان چەنەبازی فێ دەدەن
سەمای گوڵی کراسەکەم دەکەوە !
وردە شیعرکی جوانە ، وشە و دەستەواژەکە پڕ لە شیعرییەت ، بەڵام
کردەکە هاودژ و ناتەبا نین ، دەیەوێت بڵێ (کە با لە جووڵە
دەکەوێت درختەکان بەدەنگ دەبن و گوڵەکان لە سەما دەکەون) ،
لەڕدا هیچ هاودژیەک نابینین ، بەڵکو تەباییەکی سروشتیانە
دەبینین ، ئەوە شێوەیەکی تەبا و سروشتییە کە با هەڵنەکات
درختەکان بەدنگ بن و گوڵەکانیش لە سەما بکەون ، بەڵام ئەوکاتە
حاڵەتەکە دژ و ناتەبا دەبوو ئەگەر با هەڵبکات و دروختەکانیش
بەدەنگ بوونایە و گوڵەکانیش لە سەما بکەوتبان ،، لەڕدا ناتەبایی
و پارادکسەکە بە ڕەشنی دەردەکەوت ، دوورنما و مەبەستەکانیش
قووڵتر دەبوونەوە . لە کەپلەی دووەمیش بە هەمانشێوە دەڵێ :
تاریکی زمانی دەچەقە لە تەمومژ
کە چرا چەند چرکەیەک دەخاتە گیرفانی
لەڕدا ین دەتوانخوەندنەوەی جیاواز بکەین ، بەدیوەك دەتوانین دژ

و پارادەکسەکە ببینین ، بە دیوەکیتر تابایی و ئاوەزانبوون و تەریبوون ، ئەگەر تاریکی بە چەند چرکەیەک چرا بخاتە گیرفانی مەبەست کوژاندنەوەی چراکە بێت ، لەو وەنەیە ئاساییە تاریکی زمانی لە تەمومژ بچەقە و ناڕۆشن و تاریک بمەنێتەوە ، بەم دیوە تەبایی دەبینین ، بەڵام ئەگەر خستنە گیرفانی چراکە مەبەست نزیکبوونەوە بێت لە چراکە ، ئەوا لەم حاڵەتە هاودژی و ناتەباییەکە دەبینین ، لەڕدا من خوێندنەوەکە بە کراوەیی و بە خوێنەر جەدەم .

لە شیعری (وەنەکانی جەنگ) ،، بە دەستواژەی شیعری و وشەی شیعرییەوە لەکەوتە و کاوەکاری و تراژیدیای جەنگ پێشان دەدات ، دەیەوێت ناشیرینترین وەنەکانی جەنگمان پێشان بدات ، هاوکات لە پشت وەنە شیعرییەکان ، هەستی مرۆڤبوونی شاعیر بە قووڵی دەبیندرێ ، بە کورتی دەیەوێت بڵێت ، کە جەنگ هەڵگیرسا هەموو شتێك وەران دەبێت هەموو جوانییەکان دەشوێندرێن ، بەزمانێکی ئیستاتیکی نایاب ئەم مەبەستانەی دەپێکە ، ئەوتا دەڵێت :

پاشماوەی جەنگە
نونی بەوەژنەکان و
ناڵەی دارشەق و
سەرئێشەی نیشتیمان !

شەو و دەربەینێکی شیعری جوان ، دەرخستنی دیوە هەرە ناشیرنییەکەی جەنگ ، بەڵام لەڕدا تەبینیەکم هەیە ، من بە هیچ جۆرێک لەگەڵ بەکارهێنانی وشەی (بەوەژن نیم) دەبوو بڵێ (نونی ژنەکان) ، بەڵام لەدواجاردا شیعرەکی نایاب و پڕ لە جووڵەی ئیستاتیکی و شیعری .

لە شیعری (ژن و ئەوان) ڕۆژەی شاعیر بە هەستکی ژنانەی قووڵەوە قسەمان بە دەکات و وینەکان دەکێشێ ، هەستی ژنانە و هەستی پیاوانە دوو چەمکی مرۆیی گرینگن پێیوەندی نییە بە ڕەگەزی شاعیرەکان و پەلینکردنی شیعر یان بە شیعری پیاوانە و شیعری ژنانە .. ئەم هەستانە مەسەلەی گرینگن لەنەو شیعر ، شاعیرەکان پێویستە بە وریایی مامەڵە لەگەڵ ئەم هەستانە خۆیان بکەن ، هەروەک لە وتاری (شیعر و گەندەر) بە ڕەشنی و بە درێژی قسەمان لەبارەی ئەم بابەتە کردووە ، مەبەستمە بڵێم / شاعیرەکی ئافرەت ئاساییە لەنیو شیعرەکانی هەستی ژنانەی خۆی و تەنانەت تەعبیر لە هەستی پیاوانەش بکات ، بە شاعیرەکی بە ڕەگەز پیاویش بە هەمانشێوە ، چونکە شاعیر کاتێک دەگاتە نەو ڕووبارە قووڵەکانی خۆیان لە واقیع دادەبێ و دەگاتە نەو ڕووبارە تاریکی ناخودئاگایی ، لەوەدا هەم لە واقیعی مەوجود دادەبڕێ هەم لەواقیعی خودی خۆیشی ، بەرگی گەندەر و ڕەگەز فەڕ دەدات ، (تەنها و تەنها) وەک مرۆڤ لەوەدا خۆنەکان و

جوانیەکان و خەمەکانی خۆی دەنووسێتەوە ، وەک مرۆڤێک گەلانەکانی خۆی دەکات ، پرسیار و نائومێدی و نیگەرانیەکانی خۆی لە بەرگێکی ئیستاتیکی و شیعری دا دەخاتە ڕوو ، ئەژە لەم دەقە شیعریە نایابەی بە هەستێکی ژنانەی قووڵەوە وێنەی گرینگ و گەورەیی ژنانمان بە دەکێشێ ، سەرکەوتووانە هەستەکانی خۆی بە ژن دەردەبڕێ ، دەیەوێت بڵێت ، گەر ژن نەبێت ژیانیش نابێت و مانایەکی نابێت ، لەخوارەوە یەکدوو کەپلە بە نموونە دەخەینە ڕوو .

شەوکارێک هەموو
کورسییەکانی کوژانەوە
دواجار کورسییەک
لە هزریا هەڵنیشت ، کورسی
بووە پەپوولە ژنێک ..!

بڕاستی ئەژەی شاعیر لەم وێنەیە بە قەڵەمێکی شیعری بە خەیاڵێکی ئیستاتیکی نایاب ئەم دیمەنەی کێشاوە ، هەستێکی قووڵ و ژنانە و لوولدراو بە گەورەیی مرۆڤ و بەها مرۆییەکان ، لە ژیان دەتوانین هەموو کورسییەکان بکوژێنینەوە بڵێم ، ناتوانین کاریگەری و جێگا و ئاڵی ژن لەنیو ژیاندا بکوژێنینەوە ، تەواو .. ئیتر ژن ژیانە و ژیان بەبە بوونی ژن مانایەکی نییە و نابێت ، یان دەڵێت :

ژنیارێک لەژێر چەترەکا عاشق بوو
کە خەری ژنێک باری
دەڕپ دەڕپ چەتر
بووە میلەدیا ..!

عەشق گەورەترین ڕووناکی نەو ژیانە ، لای هەرکەسێک عەشق نەمێنێ خەون و هەموو شتە جوانەکان بەرەو پووکانەوەو بەرەو نەمان دەچن ، ژیان پێ دەبێت لە نائومێدی و مەینەت ، باری دەروونەکان ناجێگیر و غەمگین دەبن ، عەشقیش ئەوکاتە دەبە بە چەتر کاتێک خەری ژنێک دەردەکەوێت و چەترەکەش دەبە بە میلەدیێک و ژیان جوانتر و ئەنگینتر و سەرفرازتر دەکات ،

ئەم هەستە ژنانەیەی ئەژە لەزەرەک لە شیعرەکانیتریش هەستی پێدەکرێت بە نموونە ، لە شیعری (با نەچینەوە ئەستێی عیشقەوە) یان شیعری (خەمە خاکییەکانی کچێک) و زۆرانیتر .

شیعری (باجی کورد بوون) ئەم شیعرە دووەم شیعری نەو کتێبی (دەرێک دارستان و تاڵێک چەلەکە) یە . واتە لە سەرەتای کتێبەکەیە ، بڵێم من بە مەبەست ویستم خوێندنەوە بە ئەم دەقە شیعرە بخەمە کەتایی خوێندنەوەکەم . (ڕاست و ڕەوان و کورت و پوخت !) ، دەمەوێت بڵێم ، ئەم شیعرەی ئەژ هەڵبجەیی نێک یەکێکە لە شیعرە ناوازەکانی ئەژە خۆی بڵێکو ، یەکێکە لە شیعرە نایابەکانی نەو

شیعر و ئەدەبیاتی کوردی . هەستەکی نەتەوەیی قووڵ ، ئەو دەخوێنینەوە کوردبوون چ ئازارەکە ، چ تراژیدیایەک لەنێو دڵی ئەمەدا و چ برینێک لەنێو جەستەی نیشتیمانی ئەمەدا بوونی هەیە ، بەزمانی شیعری دوور لە دروشمکاری تەعبیر کردن لە خەمە تراژیدییەکان و برینە گەورەکان کارێکی سانا نییە ، بە قناعەتەوە دەڵیم ، هەموو ئەو شاعیرانەی بە شاعیری نەتەوەیی ناسراون ڕەنگە / هەستی نەتەوەیی خەیان وەک ناوەڕۆک و هەستە قووڵەکەی نێو ئەم دەقە شیعرییە تەعبیر لێنەکرد بێت . لەبەر ڕۆژە لەوە دەنیامان دەکاتەوە ، کە شیعر لە ڕووبەرێکی هێندە فراوان و لەو ڕووبەرە گەردوونییە ئیش دەکات هاوکات ، زمانی شیعری ئەو هێزەی پێیە کە شاعیر بتوانێت قسە لەسەر هەر بابەتێک بکات ، تەنانەت گەورەترین و تراژیدیترین ڕووداو و بابەت ، لێرەدا شیعرەکە وەکو خەی دەنووسینەوە و لە کەتاییش هێندە قسەیتری لەبارەیەوە دەکەین .

_ (باجی کورد بوون)

(١)

بە هەی ئەم باجەوە
بە بەنی سەو خنکا
هەڕەبجە !

(٢)

بە ئەوەی ئەم باجە بداتەوە
نوچی دایە سەدارە نەک هەڕاتن
قازی محەمەد !

(٣)

لە باجی کوردبوندا
سپاردیانە سوڕەتی ئەنفال
گەرمیان !

(٤)

ئەم باجەی وەرگرتەوە
بە تەرم چیایەکی چەکرد
ئەتاتورک !

(٥)

کوردبوون خوشک و براکانمی
کردە یادگاری
کیمیاباران !

(٦)

لەم باجەدا دەستیان پە دووکەڵ و

چاویان لیزمەی باروت
ەژئاڤا !
(٧)
لەم باجەدا
داروپەردووی بە مایەوە
کەبانە !
(٨)
لە باجی کوردبوونا
تفەنگی کردە هاوسەری
شەڕڤان !
(٩)
لە قەڕەبووی ئەم باجەدا
کچەنییان هەڵاج کرا
شەنگاڵ !
چەند گرینگە لە شیعرەکی (نە) کەپلەیی توانیویەتی هەموو خەم و ئازارەکان و (زەرەک) لە مەژووە خونناوی و پە ترژیدییەکەی میللەتی کوردی خستەتە ڕوو ، بە بروای من دەبا لە وەنەیەک (کەوە) چەند ملیۆنیەکەی ئاداری ١٩٩١ی باس کرد با ، هەستەکی نەتەوەیی سەرتاپایی ، ئازارەکان گشتگیر و جوگرافیا و شوێن نیشتیمانەکی گەورەی دابەشکراو . لەم دەقە شیعرییە مەژوویەکی خونناوی قسە دەکات ، سەدارە و مردن قسە دەکەن کارساتەکانی ئەنفال و کیمیاباران و هەڵەبجە و گەرمیان شەنگاڵ قسە دەکەن ، لە بەرامبەردا بەرگری و فیداکاری و مقاومەتیش قسە دەکەن . چەند بە جوانی و شاعیرانە دەڵێت (تفەنگی کردە هاوسەری .. شەرڤان !) یان (کچەنییان هەڵاج کرا .. شەنگاڵ !) ، یان دەرخستنی ڕووی ڕەش و فاشیزمی دیکتاتۆرە ئەتاتورکەکان . یان قوربانی و نەبەردییەکانی کەبانە و شەڕڤانان ، یان مردن و تراژیدیا جەرگبڕەکانی هەڵەبجە و ئەنفال .. وەنەی شیعری نایابی پە جووڵەی ئیستاتیکی خەمناک . لەڕەدا من کەتایی بە خونندنەوەکەم دەهێنم ، بە دەنییایەوە دەڵێم ئەم کتێبە شیعرییەی ەژەی شاعیر ، خونندنەوەی فراوانتر و هەمەلایەنەتر هەدەگرێت ، بە ئومەدم خونەری تر و قەڵەمی تر لە دید و گۆشەنیگای ترەوە ، خونندنەوە بە ئەم کتێبە و دەقە شیعرییەکانی بکەن ، لە کەتایی ئومەدی سەرکەوتن بە ئەم شاعیرە ئازیزمان دەخوازم و بە هیوام هەمیشە لە شوێنە بەندەکانی داهێنان بیبینم و قەڵەمی هەر بارانی شیعر ببارێنێت .

ئاداری ٢٠٢٣

_ سەرچاوە
کتێبی شیعری (دەرەک دارستان و تاڵەک چەلەکە) نووسینی / ڕەژ هەڵەبجەیی .

شیزۆفرینیا و هونەر.. لە ئینگلیزییەوە: ناڵە حەسەن

شیزۆفرینیا شێوە و جۆری جیاواز دەگرێتە خۆ وەک (بە شێوەیەکی کوشندە بەدەربەست و بەباك ، یان توندوتیژ و هەڵچوون و بە ڕووداشاخان ، یان بینینی شێوە و دەنگی نامە کە لە ڕاستیدا بنەمایەکیان نییە ..!) هونەرمەندە شیزۆفرینیاییەکان ، لە نێو تابلۆکانیاندا ، ئێم خەیاڵە ئازاربەخشانەی خەیان دەخەنەڕوو . لە دەرەوەی تواناکانی خەیان و بەویستی خەیان دەکەونە ژێر کەفی خەیاڵ و فەنتازیایەکی سەیر و سەمەرە و ئاڵەز ، بە شێوەیەکی توند و تیز هەڵەشە لە دونیای دەرەوەی خەیان دەکەن ..! بەڵام ، بەئاگا لە خەیان زۆر بە سادەییەوە دەکەونە ژێر کاریگەریەکانی دەرەوە . لەگەڵ خەونی ناخەش و دونیای خەیاڵئامێزی ترسناک و ناڵەک و شێواو یەکانگیر دەبن . ئێم بارە دەروونییان ، ئاڵەزییەک و شێواوییەک بە هونەرەکەیان دەبەخشێ .
کاتێک هونەرمەندێکی دەروون نەخۆش تابلۆکانی دەکێشێ ، هەوە دەدات سکێچ و شێوازی نامە وەک شێوەی دەو و درنجەکان بکێشێ . ئێم خەیاڵە نامە و ترسناکانە تێواوی بیر و هەشیان داگیر دەکات . بە شێوەیەکی چەپەندراوی لە ناوەوەیان دەمێنەتەوە . لە کاتی نیگارکێشاندا ، بە شێوەیەکی ئاڵەز و شاراوە بە هەمای سەیر و جیاواز دەریان دەبڕن . یان بە ڕەنگی نامە و جیاواز ، هەندێکجاریش وێنەی دەنگەکان دەکێشن . کاتێک تابلۆکانیان تێواو دەبەست ، هەمیشە ئەو ترس و نیگەرانیانەشیان هەیە کە تابلۆکانیان تێواوی مەبەست و ئاکامەکانیان ناپێکە ، بەڵام لە ڕاستیدا جوانترین و گەورەترین کاری هونەریان نەخشاندووە ..!
زەرجاران ئێم خەیاڵانە بەوە دەردەبڕن کە شێواز و فیگەرەکانی نێو تابلۆکانیان دەشێوێنن ، یان شێوە و جێستەی مرۆڤ بە شێوەیەک دەکێشن وەک مرۆڤی سەرتایی و مرۆڤی نێو ئەشکەوتەکان بە شێوەیەک

سەرنجەاکەش بەرچاویان دەخەن ، بە ئەوەی ئاڵزی و ترسناکی بە تابلۆکانیان ببەخشن . فرەید لەم بارەیەوە دەڵێت (هونەرمەندان دونیای خەیاڵ و فەنتازیا دادەهێنن ، بە دەربڕینی هەرا و ژاوەژاوێک کە لە ناوەوەیاندا هەیە ، بە تەرکردنی ئارزووەکانیان و وەڵامدانەوە بە ڕاستی دونیای دەروونی خەیان .) کاتێک دیواری زیندان و شێتخانە و نەوەندەکانی چارەسەرکردنی دەروونی بەمجۆرە تابلۆ و وێنانە دادەپۆشن ، تەنیا بە ئەوە نییە کە پزیشکە دەروونناسەکان وەک سەرچاوەیەک بە تەگەیشتن و خوێندنەوە و گرفتەکانی نەخۆشەکانیان و نزیکبوونەوە لێیان ، بەڵکو بە شێوەیەکی کاریگەرانە بارە دەروونیەکان و هەڵچوون و ڕوانینە نامەکانی نەخۆشیە دەروونیەکان لە نەودا دەبینینەوە ..! کە ئەمەش کەشێکی خزمەتکەی زەر بە زانستی دەروونناسی دەکات و زەر شتی تازە لێیانەوە فێر دەبن ..! هونەرمەندی دەروون نەخۆش زەر ساکارانە دەکەونە ژێر کاریگەری هەستە چەپەنراوەکان و بارە نەستیەکانیان و ئەم وێنانە دەکەشن . ئەم ئاڵزیی و ترسناکییەی لە نێو تابلۆکانیان دەبیندرێن ، ئەوە ئەم خەیاڵە دەوزمانەیە لە نێو قووڵایی مەشکیاندا هەیە و مەشکیان بەمجۆرە خەیاڵانە دەورە دراوە ..!

_ هەماکانی نێو کۆڵاسەرەک

(هەرنیمس بەسکس) یەکەکە لە نیگارکێشە شیزۆفرینیاییەکان ، لە تەمەنی ٢٦ ساڵیدا تابلۆی کۆڵاسەرەک دەکێشێت کە بەهەمای جیاوازجیاواز دەینەخشێنێت . تەواوی ژیانی ڕابردووی و ترس و نیگەرانییەکانی خۆی ، بە هەمای سەیر و نامە لە نێو کۆڵاسەرەکە دەکێشێت . هونەرمەندەکی کە نەدیە ، ژیانی منداڵیتی زەر سەخت و دژوار و ناخۆش بووە تا ئاستی دەندەیی . ئەم ئێش و ئازارانەی ژیانی منداڵیتی و بە شێوەیەکی بەرچاو لە نێو خەیاڵە ترسناکەکانی ڕەنگ دەداتەوە . بە نموونە پەی وادەبێت (گەر پارچە گۆشتێک لە باسکی خۆی بکاتەوە هەست و بیر و خەیاڵی دەگۆڕێتەوە باری ئاسایی و چاک دەبێتەوە ..!) لە ڕاستیدا وا دەکات . پارچەیەک گۆشت لە باسکی خۆی دەبڕێت و دەکەوێتە نەخۆشخانە . ئەوکاتە دان بەوەدادەنێ کە باری دەروونی تەواو نییە و پێویستی بە چارەسەرکردن هەیە . لە نەخۆشخانەی دەروونی دەمێنێتەوە لەوەدا ، تابلۆیەک بەناوی (Maze واتە ونبوون) دەکێشێ . یەکێک لە گرفتەکانی ئەم هونەرمەندە ئەوەیە ناتوانێ (بە ئاسانی قسە بکات و ئێش و ئازار و هەستەکانی خۆی دەربڕێ) کاتێک وێنە دەکێشێ ، لە نێو ڕەنگ و هەما و فیگەرەکاندا مەبەست و مانا و ئازارەکانی بە دەردەکەون ، بە

شۆیەکی ڕوون و ئاشکرا و بە جوانییەکی هونەری دەبیندرێن . هەر لە نێو تابڵۆی (Maze) وێنەی خۆی لە ناو کۆگەیەک کەشاوە لە پاڵ ئەمەدا تەواوی یادگارییەکان و ڕابردووی خۆی وێنە کردووە . ئەم شتانەی کاریگەریان بە سەریەوە هەبووە لە ژیانی سەختی منداڵیتیەوە تا عەشق و خۆشویستی و دەسەڵات و زوڵم و ستەم و هەموو شتێک ..! یەکبەیەک هەماکانی بە پزیشکەکەی شیدەکردەوە و ڕاڤەی دەکرد ..! پزیشکەکەی تەبیینی زۆر ورد و پێویستی دەست کەوت بە چارەسەرکردن و تەگەیشتنی باری دەروونی سوودی زۆری لێم تابڵێ بینی . ئەم هونەرمەندە بە ماوەیەک لێم نێوەندی چارەسەرکردنە دەمنەتەوە ، پاشان ئاسایی دەبەتەوە و دەتە دەرەوە ژن دەهێنە و تا ئێستاش لە نیگارکێشان بەردەوامە ، بەڵام ئێستا تابڵۆکانی کەمتر ئاڵز و ترسناکن ..!

_ میزاجی شێتانە

هەندێک لە هونەرمەندو دەروون نەخۆشکان ، شێوەی میزاجی نائاسایی وەردەگرن ، واتە دەمێک تا ئۆپەڕەی دەتەنگ و نیگەران و نامە و توندوتیژ ، دەمێکیش تا ئۆپەڕەی ئاسایی و ئارام ، دەخۆش و بەختەوەرن ..! ئەم شێوازانە بە بەراورد لەگەڵ شیزۆفرینیاوە هیچ پێیوەندیەک و کاریگەرییەکیان بە ڕاستی ژیانەوە نییە .. لە دونیایەکدا دەژین تەنها خۆیان لێم دونیایە تەدەگەن تەواو نقومی نێو خۆیانی میزاجین ..! بە شێوەیەکی گشتی هونەرمەندە دەروون نەخۆشکان ئاسانتر دەتوانن وێنە بکێشن لێوەی تا قسە بکەن ..! کاتێک تابڵۆکانیان دەکێشن ، بە شێوەیەکی قووە تەعبیر لە بەئومێدی و ونبوون و ڕەتکردنەوە و هەستکردن بە تاوان و شەرم کردن دەکەن ، زەرجاریش ڕەنگی تەخ و تاریکەکان بەکاردەهێنن ، وەک ڕەش یان ڕەش و سووری تاریک . خۆیان لە نێو تابڵۆکاندا ، بە مردوویی دەبینن ..! هەڵەکان بە شێوەی خەتخەتەکەی ئاڵز و شێواو دەکێشن ، یان سەری کەسەکان بە ماسک دادەپۆشن کە هەمایە بە (تەکشکانی و دەتەنگی و نائومێدی) . هەندێکجاریش ، تا ئۆپەڕەی دەخۆش و سەرفرازن . مەبەستەکانیان بە شێوەی شاراوە و جیا جیا دەردەبڕن . وەک ئەوە وایە کە توکەڵەکان هەڵدەیتەوە لە ژەرەوە پاوپە بە لە هەما و مەبەستی جەراوجەر کە باری دەروونی و تووڕەیی و یاخیبوون و هەڵشاخان و هەستکردن بە تاوان و تەنیایی دەبیندرێ . ئەم جەرە تابڵیانە دەکرێ وەک پسپۆڕەکی دەروونناس سوودمەند بێت بە نیگارکێشکان خۆیان و بە خەڵکانی تر ..! چونکە کاتێک مرۆڤکان سەیری ئەم تابڵیانە دەکەن بە ئاسانی دەتوانن ناخ و خۆیاڵکان و میزاجی خۆیان بخەنە ڕوو ..!

_ ڤانکوخ و تووڕەیی لە ئیشکردندا

بەگوێرەی کاریگەرتی بەرگە نەگرتنی بەدەست شەواوی باری دەروونییەوە ، هونەرمەندی بەناوبانگی هۆلەندی ڤانکوخ بە براکەی دەنووسێت (لەم گەڕە با بە تەنیایی خەریکی کارکانم بم ، ئەگەر بە تە ئەمە ، ئەوە دەگەیەنە کەوا من شەتم ، بەلامەوە گرینگ نییە ..!)

ڤانکوخ لە تەمەنی ٢٧ ساڵیدا دەست بەکاری نیگارکێشان دەکات . لەوساوە تا کۆتایی ژیانی نزیکەی ١٠ ساڵێک خەریکی نیگارکێشی دەبێت . لەودەمەدا لە کەنار شارێکی گەورە لە ئاپارتمانێکی بچکۆلەدا دەژی . میزاجی بە بەردەوامی دەگۆڕێ ، لە بەرزترین لووتکەی نائومێدیەوە بە بەرزترین لووتکەی ئاسایی و باوەڕ بەخۆبوون و دەخۆشبوونەوە . دەتوانین ناو لە ئیشکانی بنێین (تووڕەیی لە ئیشکردندا) یان (ترس و نیگەرانی و شەتی) لەودەمەدا چەند ڕۆژێک یان هەفتەیەک دەبوو باری دەروونی ئاڵۆز ببوو ، شەت ببوو .. بە دەست نەخۆشی دەروونییەوە وەک دیل ئازاری دەبینی و بە دەستیەوە دەیناڵاند ..! لە نەوان ئەم کاتانەی دەگۆڕایەوە باری ئاسایی ئیشکانی زۆر ڕەمانسیانە و ناسک بوون ..! بە گوێرەی تابلۆکانی و نامەکانی و ژیاننامەی ، ئەوە دەبیندرێ کەوا ڤانکوخ ، بە دەست نەخۆشی دەروونییەوە گیردە و گرفتار بووە . بەڵام بە ڕەشنیش هەموو شتێک نەزاندراوە . جارێکیان لە ناوەڕاستی گفتوگۆدا لەگەڵ هونەرمەندی فەڕەنسی " پۆل گۆگان " تووڕە دەبێت و بەرداخەکەی دەستی بە ڕوویدا دەهاوێ ، پۆل گۆگانیش دەیباتە ماڵەوە لەسەر جێگاکەی خەی دایدەنێ . بە شەوی دواتر ڤانکوخ لە ژوورەکەی دەتە دەرەوە و گوێزانێکی بە دەستەوەیە و بەرەو ڕووی گۆگان دەت ، پاشان شەرمەزارانە دەگەڕێتەوە ژوورەکەی ، لەناو ئەم ڕەفتارانەی دا زۆر هەست بە شەرم و تاوان دەکات . لە ژوورەوە (پارچەیەک لە گوێی خەی دەبڕێت) . ڤانکوخ لە کاتی سەرەمەرگیدا دەنووسێت (من لە پەناو ئیشکانمدا ژیانی خەم خستە مەترسییەوە ، بەڵام لە ئاکامدا سەرنەکەوتم و تەک شکام ..!)

_ کۆتایی ڤانکوخ

ڤانکوخ لە کۆتایی ساڵەکانی ژیانیدا . هەوە دەدات خەی بپارێزێ لە دەست شەتی و ئەم بارە دەروونییدا دەنووسێت (ئیشکانم مەشکمیان سەرسام کردووە و پەویستە من ئەم سەرسامیانەم هەبێت ..!) بەگومان ڤانکوخ توانایەکی هونەری لە ڕادەبەدەری هەبوو ، هەوەی دەدا خەی بە ئیشکانی سەرقاڵ بکات ، زەرجاران بە ئەم مەبەستە وێنەکانی دەکێشا . ڤانکوخ ستایلێکی بە هاوتای بەکارهێنا ، بەئەندازە

توانای هونەری و بەیمەتی خۆی پێشان دەدا ، شەواوی و ئاڵەزی دەروونی تا ئاستی زەدەڕەیی دەبیندرێ . لە هەمانکاتیشدا هەموو کەسێک دەتوانێ لە مەبەستەکانی تەبگات ، زەرنین ئەم هونەرمەندە دەروون نەخۆشانەی بەم شێوەیە کاردەکەن و ئەم توانایەیان هەیە . هونەرمەندی ئیسپانی (فرانسیس گۆیا) نموونەیەکی لەم بابەتەیە لە ماڵەوە دیوارەکانی ژوورەکەی خۆی بە وێنەکانی (جنۆکە و ڤامپایەر و جادوگەر و دێو و درنج) داپۆشیبوو ، ئەویش هەمیشە باری دەروونی دەگەڕدرا . دەمێک ئاڵەز و دەمێک ئاسایی ، گۆیا دەنووسێت (بە ئەو مەبەستە دەخۆوم کە پشو بدەم ، یان لە دەست ئەم بارە دەروونییەم ڕابکەم ، بەڵام لە خۆیشدا خوون بە دێو و درنج و خەیاڵی ناخۆشەوە دەبینم ، وازم لێناهێنن و ماندوو ترم دەکەن ..!) ڤانکوخیش هەمان هەست و ئازاری هەبوو بە دەست خوونکانییەوە . مردن بە باشتر دەزانێت لە دەست ئەم جۆرە خەوتن و خوون بینینە ناخۆشانە ، بۆیە پاش تەواو بوونی تابلۆی (کەگەی گەنم) بە گوللەیەک کۆتایی بە ژیانی خۆی دێنێت ..!

_ فریشتەی ڕەش لە نێو بەشکەمدا

ئیدوارد مۆنچ ، هونەرمەندی نەرویجی دەنووسێت (نەخۆشی و شێتی وەک فریشتەی ڕەش ، ببوونە پاسەوان لە نێو بەشکەمدا) . ئیدوارد مۆنچ ، یەکێکە لە هونەرمەندە نیگارکێشە مەدەرنیستە تەعبیریەکانی نەرویج . لە تەمەنی پێنج ساڵیدا دایکی بە دەست نەخۆشی سیلەوە دەناڵێنێ و هەر لەم کاتەدا تووشی خوێن بەربوون دەبێت و دەمرێت . دوای مردنی دایکی لەگەڵ باوکی دەمێنێتەوە . لە ژێر پەروەردەیەکی بەئێندازە توندوتیژ و کوشندە و هەڕەشاوی گەورە دەبێت . مۆنچ بە بیری دەتەوە و دەڵێ (کاتێک باوکم ئازاری ئەمەی دەدا تا ئاستی شێتبوون توندوتیژ و ترسناکانە بوو) ژیانی بەمجۆرە بەردەوام بوو تا تەمەنی چل و پێنج ساڵی . لەم تەمەنیدا سەرەتای بە دەرکەوتنی ناڵەکی و ئاڵەزی باری دەروونی لە نێو تابلۆکانیدا بوو . هەما و ماناکانی نێو تابلۆکان ، دەربڕی خەیاڵ و ئەو ئازار و ئەژکێنجەیە بوو کە لە ڕابردوودا بینیبووی . جیاکاری و تایبەتمەندێتی شیزۆفرینیا لە تابلۆکانی ڕەنگی دەدایەوە وەک (بەکارهێنانی هێڵی ڕاستی تەریبی ، یان هێڵی چەماوەیی و شپەڵاوی و بازنەیی بە دەوری پێتی ناوەڕاست ، یان شێواندنی جەستە و فیگەرەکان ..! ئەو هێڵانەی ئەو بەکاریت دەهێنا دەربڕی ترس و نیگەرانییەک بوون کە نوقمی نێو دەریای دەندەیی و دوژمنکارانە بوون . نەخش و نیگاری ڕووی خەڵەمشی داری لە نێو تابلۆکانیدا بەکار دەهێنا . لە دوای تەمەنی چلوپێنج ساڵیدا تا کۆتایی ژیانی باری دەروونی بە ناتەواوی مایەوە

، هەمیشە دونیای تایبەتی نەو خەیاڵەکانی خۆی وەنە دەکرد . کە زۆر جیاواز بوو لەگەڵ دونیای دەرەوەدا . هەمیشە گەشەگیر و بە تەنیا لەگەڵ تابلۆکانیدا دەژیا . دەیگوت (تابلۆکانم چاوچنۆکن ئیرەییان هەیە ، نایانەوە لەگەڵ تابلۆی هونەرمەندانی تر خۆیان نمایش بکەن ..!) یان بە تابلۆکانی دەگوت (ئەمانە کەرپەی منن ..!) یان ئەگەر لەگەڵ تابلۆیەکی زۆر دەخەش نەبووایە ، بە قامچی دارکاری دەکرد و لاسایی باوکی دەکردەوە و دەیگوت (ئەمە وانەی ئەسپ فێرکردنە ، بەمجۆرە ڕەفتارانەی دیوی ڕاستەقینەی خۆیی و کەسایەتی و باری دەروونی خۆی دەخستە ڕوو ..!

سەرچاوە

The Mind
By : John Rowan Wilson
And the Editors of The Time – Life Books

دەقی تەمەن / ٣٤.. ناڵە حەسەن

١
لە شەوێکی خامەش
خامەش وەک خۆتنی
ژەر کەپرەکانی مردن
بە شازادەیەکی ڕووتی
نەو کەشکە شووشەبەندەکانی شیعرم گوت / ئەی شازادە
تە دەتوانی لەسەر جەستەی خەت لە خاچم دەی
ئەویش گوتی / ئەی شاعیرە ڕەژهەڵاتییەکە
من دەمەکە لەسەر جەستەی خەم لەخاچم داوی
بەڵام حەیف / کەتا ئەستا پەت نەزانیوە …!
٢
ئاوەنە تاریکەکانی شەوم شکاندن
چونکە وەنەکانی تەیان تەلخ
پەشان دەدا
ئەستا من

لەناو ئاوەنەکانی خەرەتاودا
سەیری تۆ دەکەم
لەوەدا
سەماو جوانییەکانی ەوخسارت
کتومت وەک خەیان دەردەکەون
٣
خاەخاەکە خانەخشینەکەی خەونەکانم
لەنەو لەپی دەستەکانت خەوتووە
پەنجەرەکانی دەت مەکەرەوە بە ەشبا و
نینەکەکانیشت
بە ەنگەکانی نیو تابلەکانی مردن ەنگ مەکە
لەگەە با
خاەخاەکەی خەونەکانم / خەون
بە دونیایەکیتر و
بە ژیانەکی تر و
بە زەمەنەکی زەینی ەوونا کەوە ببینە
٤
من کەسکم
بە چەندین هەوراز و نشەو تەپەیوم
بەسەرپشتی شەپەلەکان بازمداوە و
بەنەو خەرەندە چەکانی ئایدیەلەژیاکاندا
چووەتە خوارەوە
لەنەو چوارچەوەیەکی دیوار ئەستوور
بە زەمەنەکی دوور و درەژ ماوەتەوە
لەوەدا بەئاگا لە خەم
بە قووەایی سییەکانم
قوومم لە جگەرەی دەگمایی داوە
هەمیشەش / تابلەی نائومەدییەکانم
بە درەختی تەنیشت ەگاگان هەواسیوە
جارجارەش خەم داوەتە
بەر بارانی عەبەسییەت و وجودییەت
بەام بەوە دەخەش و دەفرازم کە
بە تەنها جارەک و چرکەیەکیش
پەنجەکانم بە تەنییە ەشەکەی
دەورەی مەنجەە گەورەکەی
دانووی ەشبینی ەشنەکردووە
دەستم لە چارەگەی خەونەکانم و

لە پشدەنی ژیان بەرنەداوە …!
٥
وەک گەزەیەکی بەر باران
پەم لە بەدەنگی
بەدەنگیم پەق لە گەردەلوول
گەردەلوولی عەشقم
پەق لە پشکە
پشکەی خەونەکانیشم
ئاوسن بە تە …!

٦
چ خەیاڵەکی کوشندە و مەرگئامێزە
کاتێک لە نیشتیمانی من
فریشتەکان دەبن بە شەیتان و
شەیتانەکانیش بە فریشتە
منیش وەک شاعیرێکی نەفرەت لێکراو و
وەک ئادەمێکی لە بەهەشت دەرکراو
دەبە تائەبەد
غوربەت بکەم بە ماڵی هەمیشەییم و
هەر لەوەشدا سەر بنەمەوە
٧
بە بینینی ڕووناکی لە درزەکەوە
تەمەنێک لە نەو
شەوزەنگە تاریکەکان ماومەتەوە
بە گلەرە و داوە ڕەنگاوڕەنگەکانی عەشق
دەیەها مافووری ڕەنگینم بەت نەخشاندووە
تا بە نەرمی بەسەریا بڕیت و
ژیانیش لەگەڵ لەنجەو لارت
جوانتر و ئیرەسیانەتر بدرەوشێتەوە
٨
وەتەرکانی دەم
هەندە گەرانی
بە مرۆڤە بەشمەینەتیەکان و
عاشقە نامورادەکان پە ژەنراوە
وەک دارتەلی کارەبای گەرەکەکەمان ماندووە
ماندوو ماندوو ماندوو
ناوە ناوەش بە شریخەیەکی شەتانەوە شەت دەکات و

کەسکیش نییە بیت چاکی بکاتەوە
هەندە نەبە جاروبار
کەارەی دەستی منداڵە پەخاوسکان و
کەترە شینکە کەویەکان
بە ئارامی لەسەری دەنیشنەوە ...!
٩
من ناتوانم لە هیچ شوێنە ئەقرە بگرم
هەر دەبە / بڵێم و برەم و بڵێم
چونکە / لە هەوڵەکانم بەو هاوکەشەیە گەیشتم
پەم لەتە و بەتاڵبوومەوە لە خەم ... !
١٠
جوانیت لە چەژی ئەو دەقە شیعرییانە دەچێت
کە / سەرکەشانە و سەرچاڵانە سەرمستم دەکەن
شیرینی گوفت و ەوخساریشت
لە هەنگوینەکەی لای خەمان
ئەی شەتەکە نیگا شەبەنگییەکەی نەو شەوکانی خەیاڵم
١١
هەندە گوتم
تە لەنەو قووڵایی دەم دای
تا / قافی قووڵایی و دالی دەم
بوون بە دوو پیتە تەخکانی
ئەو مرەڤە (ق ە ل ە ن د ە ر)ە ی
ئەستا لەنەو قووڵاییەکانی
دەزەخی عەشق دا دەسووتە ...!
١٢
غەریبی
وەک کاغەزەکیی گەچراو وایە
فەدرابەتە سەر گوفەکانی ژیان
من لەسەر ەووی ئەم کاغەزە گەچراوانە
هەمیشە /
وەنە شەواوکانی خەم دەبینمەوە
١٣
هەرگیز بیرم لەوە نەکردەتەوە
کە ەژەک دە
ژەنگی تیشکەکانی ەوونا کی
لەنیو چاوکانم کەدەبنەوە و
خەمەشی خەونە خەنەییەکانیشم

بینا ییم لە دەکەن
هەور هەموو جەستە وشکهەلا تووەکەم دادەپۆشە و
خەرەتاویش لەودیو جەستەی ئەستەرە ڕەشکانەوە
خەی لەم دەشارەتەوە

١٤
ژیان هەندە ناشیرین بووە
من لە هەماکانی تاریکی
ڕەشنتر تەدەگەم
ئەو شاعیرەشم ماوەیەکە
بە ڕەنووسە ڕەش ڕەشکانی
تاریکی دەنووسم
بەیە / هەرکاتێک منت لە ونبوو
لەنیو تاریکایی هەورە ڕەشکان و
لەنەو سەبەرکانی خەت دا
بەدوای مندا بگەڕە ...!
١٥
لەنەو خەیاڵ و بیرکردنەوکانم دا
بەدوای فەرمەکی تردا دەگەڕەم بە عەشق
کە لە ژێر ڕەشنایی مانیفەستەکی شین
بەختەوەری گالیسکەیەک بەت بە ژیان و
ژیانیش شکۆفەیەکی پرشنگی بەت بە جوانی
کات بە هەڵەکی بازنەیی نەسووڕەتەوە و
خەونیش لەنەو دەفتەرەکی نارنجی
بە قەڵەمی ئاگر بنووسرەتەوە
مرۆڤکان (شاعیرانە بژین) و
شیعریش
بە خەرەتاو خەی رووت بکاتەوە
گەردوونیش وەک زەردەخەنەی
سەر ڕوخساری گوڵگەنم
سەمفۆنیایەکی نوێ بەت بە خۆشویستی ...!

بەفرانباری
٢٠٢٣

(پۆل ئیلوار).. یەکێک لە شاعیرە پێشەنگەکانی سوریالیزم.. لە ئینگلیزیەوە: ناڵە حەسەن

_ چەپکێک لە شیعرەکانی (پول ئیلوار)

(من نەمدەتوانی بیزانم)

من نەمدەتوانی بیزانم
باشتر لەوەی تۆ من بناسیت
چاوەکانت لە خەودان
ئێمە پێکەوە بێ درەوشانەوەی
چارەنووسێکی باشترمان لە شەوەکانمان دروست کرد
چاوەکانت لە کام سەفەری من
بە درێژایی ڕێگاکان ،
هێماکانی
مانایەک بە نامێیی زەوی دەبەخشێ
لەنێو چاوەکانی تۆدا
کە کۆتایی ئەم تەنیاییەمان
بێ ئاشکرا دەکات
کە خۆشیان
ئیتر نازانن چارەنووسیان بە کوێ دەگات
تۆش نەتدەتوانی بیزانی
باشتر لەوەی من تۆ بناسم … !

(کچی عەشق)

ئەو لەسەر پێووی چاوەکانم وەستاوە
پرچی لەنێو پرچی منداید
ڕەنگی چاوەکانی منی گرتووە
شێوەی دەستەکانم …

ئەو لەنێو سێبەری من قووت دەدرێت
وەکو بەردێک بەووی ئاسماندا

ئەو هەرگیز چاوەکانی داناخات
یان هەرگیز لێناگەڕێت من بخەووم
یان خەونەکانی ئەو لەژێکی پرشنگی دا
وادەکا خێرەتاو ون ببێ
منیش پێدەکەنم و دەگرێم
یان پێدەکەنم و قسەدەکەم
ئەو کاتانەی هیچ شتێکم پێ نییە بێ گوتن !

(زەنگی ئێواران)

دەمانتوانی چیتر بکەین ، بێ دەرگاکان ئێشکگری کرابان
دەمانتوانی چیتر بکەین ، بێ زیندانی بوونمان
دەمانتوانی چیتر بکەین ، بێ ئەو شەقامانەی لە ئێمە قەدەغە کرابوون
دەمانتوانی چیتر بکەین ، بێ ئەو شارەی کە خەوتبوو
دەمانتوانی چیتر بکەین ، بێ ئەو ژنەی برسی و تینوو کرابوو
دەمانتوانی چیتر بکەین ، بێخێمان کەبێ بەرگری بووین
دەمانتوانی چیتر بکەین ، بێ ئەو شەوەی کە بێبایەخ کرابوو
دەمانتوانی چیتر بکەین ، بێ خێمان کە یەکتریمان خێش دەویست … ؟

(لە پەنجەرەوە)

هەمیشە من ئەو دڵنیاییەم نەبووە ، ئەو ێەشبینیەی کە باشترین دڵنەواییە لە نێوان ئێمەدا . لەوێدا کاتی ئەوەبوو کە برادەرەکانم بە من پێبکەنن . من زرینگ نەبووم بێ وشەکانم ، دڵنیاییەکی جیاواز ، من هەمیشە نازانم کە دەمەوێت بێم چی ؟ بەڵام زێرجاران کە هیچم نەبووە تا بیێم . گرینگی قسەکردن یان مەیلی ئەوەی کە زێر بە زەحمەت نەبیت . ژیانی من تەنها بە داوە دەزوویەک هەڵواسراوە . لەوێدا کاتی ئەوەبوو ، ئەوکاتەی وا دیاربوو من لەهیچ تێنەگەیشتبووم . زنجیرەکانی من سەر ئاو کەوتبوون . هەموو حەزەکانم لەنێو خەونەکانم لەدایک دەبن . من بە وشەکانم عەشقی خێم دەسەلمێنم . بێ چ مەخلوقەهایەکی نایاب من متمانەم بەخێم کرد . لە چی دڵتەنگیەکی ئازاربەخش و دنیایەکی ێەنگین دا خەیاڵەکانم بازنەیان بە چواردەورم کێشابوو . من دڵنیا بووم کە عاشق بووم لە زێربەی بوارە ترسناکەکانی خێم . زمانی عەشقی من سەر بە زمانی

مرۆڤ نییە ، جەستەی مرۆیی من دەست لە گۆشتی عەشقم نادات . خەیاڵە ئیرۆسیەکانیشم هەمیشە و بە بەردەوامی لە ئاستێکی بەرزی گونجاو دا بوون ، کە ئەوەش هەوڵدانێکی ئەوتۆ نییە بۆ ڕازیکردنم لەسەر چەوتی … !

(ونبوون)

من قسەت بۆ دەکەم بەدەم بۆینی شارەکانەوە
من قسەت بۆ دەکەم بەدەم بۆینی دەشتەکانەوە
دەمم لەسەر سەرینی تۆ دایە
دەنگم دەتدزێتەوە
من قسەت بۆ دەکەم لە ئەبەدیەت دا
ئای شارەکان یادەوەریەکانی شاران
شارەکان بە ئارەزووەکانی ئێمە پێچراون
هەندێک لە شارەکان زوو هاتوون هەندێکیان تۆزێک لەمەو پێش
هەندێک لە شارەکان بەهۆزن هەندێکیان پەنهان
بەتاڵان چوون بۆ مرۆڤ بەڕۆزەکانیان
بۆ هەموو بیرماندەکانیان و بۆ هەموو دڵو و خۆوەکانیان !
کۆگەکان شۆوازێکن لە ئەماس
ژیانێکی ڕەونەقانە دەژیێن
وەرزی درونەی ئاسمان لەودڵو زەوییەکانی ئێمەوەیە
دەنگم تۆرکەن منیش دەگرییم و شیوەن دەکەم
من لەنێو گڵ و بۆسەدا خەون دەبینم و پێدەکەنم
لەنێو هێشوەکانی خۆرەتاو
یان جەستەی تۆ بڵاوبۆتەوە بەنێو جەستەی مندا
وەک چەرچەفی سەر ئاونە ڕوونەکان .

ڕاستیەکی ڕووت (من باش دەیزانم)

نائومێدی هیچ باڵێکی نییە
عەشقی نییە
ڕوخساری نییە
قسەش ناکات
من نایجوڵێنم
من نایگرمە باوەش
من قسەی بۆ ناکەم
بەڵام بەئەندازەی ڕاستی
عەشقم پێە لە نائومێدی … !

_ کورتەیەک لە ژیان و بەرهەمەکانی (پۆل ئیلوار)

پۆل ئیلوار لە ١٤ ی دیسەمبەری ١٨٩٥ ، لە " سەینت دلەنیس " سەر بە شاری پاریس لە دایکبووە ، خێزانەکەیان سەر بە چینێکی مامناوەندی بوو ، باوکی فەرمانبەر و دایکیشی ژنی ماڵەوە بووە و لەماڵەوە ئیشی بەرگدرووی کردووە . پۆل ئیلوار لە سەردەمی ڕاوێتیدا قوتابیەکی زیرەک و چالاک بووە لەبەر نەخۆشی و باری تەندروستی جارجارە لە خوێندن دابڕاوە ، لە تەمەنی شازدە ساڵی بە هۆی نەخۆشی (سیل) ەوە دەنێردرێت بۆ " سویس سەنەتۆریەم " . لەو تەمەنەیدا بۆئەندازە هەگر و حەزی لە شیعر دەبێت . ساڵ و نیوێک لەو شوێنەدا دەمێنێتەوە ، کاتێک دەگەڕێتەوە بۆ پاریس یەکسەر دەچێتە ڕیزی سوپا بۆ خزمەتکردنی سەربازی . پاش ماوەیەک بریندار دەبێت بەهۆی تەقینەوەی غازی تۆکسیک . دوای تەواوبوونی ئەزموونی شەڕ ، لەساڵی ١٩١٧ ماوەی خزمەتکردنی سەربازی تەواو دەبێت و ئازاد دەبێت ، هەر لەم ساڵەدا یەکەم کۆمەڵە شیعری خۆئ بە ناوی (Le Devior et) بڵاو دەکاتەوە . ئیلوار خۆی وای هەست دەکرد لە " وات وێتمان " ی شاعیری ناوداری ئەمریکی زۆر نزیکە ، وات وێتمان نووسەری دیوانە شیعری (گەڵاکانی گیا) ئێلوار ئەم دیوانە شیعرەی زۆر دەخوێندەوە . هەروەها بەشداری لە بزووتنەوەی دادایییەکانیش کردووە ، لەگەڵ " تریستان تزارا و ئەندری بریتۆن و لویس ئەراگۆن و فلیپ سۆپات و زۆرێک لەو نووسەر گەنجانە یەکتریان دەدیت و لەگەڵ یەکتریدا کۆدەبوونەوە . پاشان لەگەڵ چەند نووسەر و هونەرمەند و ڕۆشنبیرێکی تر وەکو سوریالیستەکان خۆیان ڕادەگەیەنن . پۆل ئیلوار یەکێک لەو کەسانە دەبێت کە مانیفێستی سوریالیزم ئیمزا دەکات . ئیلوار لەساڵی ١٩١٢ ژنی هێناوە و کچێکی لەو ژنەی هەیە بە ناوی " سیسەیل " ، بەڵام لەگەڵ ئەو ژنەی بەیەکەوە زۆر بەختەوەر نابن بۆیە لە ئاکامدا لەیەکتری جیا دەبنەوە . ئیلوار لە ساڵی ١٩٢٤ بۆ ماوەیەک ون دەبێت ، دەنگ و باس وا بڵاو دەبێتەوە گوایە مردووە بەڵام ، دوای حەوت مانگ دەگەڕێتەوە پاریس ، وا ڕادەگەیەنێت کەوا لە سەفەرێکی دوور و درێژ دا بووە ، لە مارسلیس ەوە بۆ تاهیتی ، ئەندەنووسیا ، سیلان ، ئوسترالیا ، چەند شوێنێکی تر . پاش دەرکەوتنەوەی لە چوارچێوەی سوریالیزم درێژە بە هەوڵەکانی دەداتەوە . هەر لەو ماوەیەدا بۆی دەردەکەوێت کە گاڵەی خێزانی پێشووی لەگەڵ (سلفادر دالی) پەیوەندی هەیە ! ئیلوار لەساڵی ١٩٢٦ بەهۆی چاپکردنی دیوانە شیعری (Capital de la Doluer) ناودەنگێکی شیعری باش پەیدا دەکات . لە دەوروبەری ساڵی ١٩٣١ لەگەڵ (Nusch) ەی هونەرمەندی شۆکاری سوریالیست یەکتریان

خۆشدەوێت ، کە یەکێکە لەو خوێنەرانەی ئیلهام لە شیعرەکانی وەردەگرێت ! هەر لەوکاتانە زەماوەند دەکەن و دەبن بە هاوسەری یەکتری و لەگەڵ یەکدا زۆر بەختەوەر دەبن ، بۆیە هەتا دواچرکەکانی تەمەنی بۆیەکەوە دژین ، واتە تا ساڵی ١٩٤٦ چونکە لەوساڵەدا ژنەکەی دەمرێت . ئیلوار لەساڵی ١٩٣٩ جارێکی تر بۆ خزمەتکردنی سەربازی بانگ دەکرێتەوە ، لەسەردەمانی دەست ڕۆیشتوویی ئەڵمانیا بەسەر فەڕەنسا ئەو ڕیزەکانی سوپای جەڵشتووە و بەنهێنی خەریکی کاری ئەدەبی و خەریکی ئیشکردنە بە دژی شەڕ و دوژمنکاریەکانی ئەڵمانیا ، لە ساڵی ١٩٤٢ دەچێتە ڕیزی پارتی کۆمۆنیستی فەڕەنسی . بەشێوەی نهێنی چالاکی و کارە سیاسیەکانی ئەنجام دەدات . لەو سەردەمانە ئیلوار سەفەر بۆ زۆرێک لە وڵاتانی دونیا دەکات لەوانە (بەریتانیا ، بیلگیەم ، چیکیسلۆفاکیا ، مەکسیکۆ ، ڕوسیا …) بەڵام لە وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕێگەی پێنادەن و ڤیزەکەی ڕەتدەکەنەوە بە پاساوی کۆمۆنیست بوونی ! لە نۆڤەمبەری ١٩٤٦ لەومانگەی" نووچە"ی خۆزانی دەمرێت دیوانە شیعرێک بەناوی (Le Dur Desir de durer) بەچاپ دەگەیەنێت ، کە لە پێنج قەسیدە پێکهاتووە . پۆل ئیلوار وا بیری دەکردەوە و پێیوابوو ، پەیامی شیعر ئەوەیە(دەبێ داهێنان لە زمان بکات و زمان نوێ بکاتەوە) ، بۆ مەبەستی بەدیهێنانی ئاوگۆڕی ڕادیکاڵانە لە ژیان و ڕووبەری بووندا ! وە پێی وابوو شیعر هۆکارێکە دەتوانێت خوێنەران هۆشیار بکاتەوە و گەشەیان پێ بدات ! لەم ڕاستایەدا لەپاڵ داهێنانە ئەدەبیەکان و بەرز ڕاگرتنی ناسنامە سیاسیەکەی ، هەوڵیدەدا بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی و بە دەستهێنانی ئازادییەکانی تاک هاوکات ئازادی سێکسیش . ئیلوار لە ماوەی هەموو ژیانیدا زیاتر لە حەفتا کتێبی جۆراوجۆری دەربارەی شیعر و بابەتی ئەدەبی و گۆشەنیگای سیاسیەوە بڵاوکردۆتەوە . وە لە ساڵی ١٩٥٢ لە تەمەنی پێنجا و شەش ساڵیدا دەمرێت ، ئەوکاتە لەگەڵ ژنی سێیەمی دا بووە .

_ سەرچاوە : ئەنتەرنێت

- Poets.org- poetry,poems- Bios&more
- Pual Eluard- poems.Biography,Quotes

خوێندنەوەیەک بە چیرۆکی (خۆنی پیاوێکی گێلە)ی دۆستۆفسکی.. ناڵە حەسەن

(کتێبێکی دۆستۆفسکی یە ، ئەم کتێبە Notes From Ander Ground) چەند چیرۆکێکی لە خۆ گرتووە ، یەکێک لەوانە (خۆنی پیاوێکی گێلە)یە . یان خۆنی پیاوێکی گاتەجاڕە . چونکە وشەی (Ridiculous) بە مانای گێلە دێت و بە مانای گاتەجاریش دێت بەڵام ، من بە ناونیشانی ئەم چیرۆکە گێلە بە شیاوتر دەزانم . کاتێک لە خوێندنەوەی چیرۆکەکان بوومەوە ، چیرۆکی خۆنی پیاوێکی گێلە لە هەموو چیرۆکەکانی تر زیاتر سەرنجی ڕاکێشام و تووشی ڕامانێکی قووڵی کردم . دیارە دۆستۆفسکی بە ڕەمانەکانی (برایانی کارامازۆف و تاوان و سزا) وە ناوبانگی دەرکردووە و یەکێک لەو نووسەرە زیندووانەی کە وا ، مەژوو بە هەمیشە بە زیندوویی باسی دەکات . لەگەڵ ئەوەش هەر یەکێک لەم چیرۆکانە لە ئاستی ڕەمانەکانی (برایانی کارامازۆف و تاوان و سزا) دان . دیارە من بەخەم لە سەرەتای هەشتاکانەوە لە ڕەگەی ڕەمانی (شەوە سپیەکان) ەوە ، بە دونیای دۆستۆفسکی ئاشنابووم و پێی سەرسام بووم . لە شەوە سپیەکانەوە فێربووم ، لە پاڵ شیعر و چیرۆک ، ڕەمانیشم خۆش بوە ..! (خۆنی پیاوێکی گێلە) بە بەوای من ، چ ناونیشانێکی چ ناوەڕۆکێکی چەندین خوێندنەوەی جۆراوجۆر هەڵدەگرێ . چونکە مەدلوولەکان هەندێ قووڵ و پڕ واتان ، هەر لە دەسپێکی چیرۆکەکە تا کۆتاییەکەی خوێنەر حەپەساو دەکات . بەرلەوەی بچمە نێو خوێندنەوە و ڕەچوون بە نێو ڕەگ و ڕیشە و کەلەپانە پڕچاوپڕجەکانی چیرۆکەکە ، دەمەوێت ئەوە بڵێم کە وا ، ئەگەر (چارلز دیکنز) لە ڕەمانی (دەڤید کۆپەرفێلد) دا ، وێنەی منداڵی خۆی کەشابێ و ژیانی پڕ مەینەت و ناسەریەکانی خۆی لەم ڕەماندا بەرجەستەکرد بێ ، ئەوا بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین ، کە وا دۆستۆفسکی ش لەم چیرۆکەیدا ، وێنەی خۆی و بیرکردنەوە و تەوانینەکانی خۆی زۆر بلیمەتانە لە دەقەکی هامەنی و جواندا خستەتە ڕوو . من بەخەم لە سەرەتای چیرۆکەکە تا کۆتاییەکەی هەستم دەکرد ، لەگەڵ پیاوێکی گەورەدام یان لەگەڵ فەیلەسوف و بیرمەندێکی گەورەدام ..! وام هەست دەکرد ، لەگەڵ کەسێک دام دەکرە شەرم لە تواناکانی بکەی .. موعجیزەیەکی سەیر و سەمەرە ، خاوەن دونیایەکی پڕاوپڕ لە نهێنی و پڕاوپڕ لە

گۆش و کۆلۆن و قوژبنی تاریک ..! بۆمانایەک ، ئەگەر بمانووت بەدوای خۆشی و لەزەتەکانی ژیاندا بگەڕێین لە هەمانکاتدا ، مانایەکمان دەست بکەوت بە بوون و بەهاکانی جوانی ، پەویستمان بەوەیە (ئەو گۆش و کۆڵان و قوژبنە تاریکانەی نەو دونیای نووسینەکانی دەستەفسکی ڕووناک بکەینەوە و لەیان بڕوانین ..!) . (خۆونی پیاوەکی گەلحە) .. هەر لەسەرتاوە گەورەترین پرسیار لە پشت زاراوەی گەلحە لەلای خوێنەر دەوژێنە . لە پشت ئەم زاراوەیە ، کۆشە و تەنگژەکان خەیان ڕووت دەکەنەوە ، ئەم حالەتە وا لە خوێنەر دەکات بە چۆشەیەکی زیاتر و بە تامەزرەییەکی زیاترەوە ، بەنەو ناواخنی چیڕۆکەکە ڕابچێ ، هەر بەم شاگۆشکەییەوە خوێنەر واز لە مانا ڕووتەکەی گەلحە دەنێت و بەدوای مانا شاراوەکانیدا دەگەڕێت بە ئام ، دەستەفسکی زەر لەزانانە ئەم زاراوەیەی هەبژاردووە بە ناونیشانی چیڕۆکەکەی . مەبەستیەتی ، لە پشت ماناکانی گەلحەوە بە خوێنەر بڵێ / ژیانێک پەاوپە بەت لە جیاوازی و هیچ بەها و پیرەزیەک و ڕەزەک بە مرۆڤکان بە ڕەوا نەبیندرێ ، مرۆڤکان بە هەمیشە کەیلە و زەلیل بن ، ئیدی ئەمجارە ژیانە لە گەلحەیی زەتر هیچی تر نییە ..! ئاخر مرۆڤ بە ئەوە دروست نەبووە کە تەنها بە پەیداکردنی پاروو نانێک ئامادەبەت هەموو کەششکان و تەنانەت مەرگی خۆشی ببەخشەت ..! یان لە هەموو ئەوشتانە بەبەش بەت کە بزە دەهێننە سەر لەوان و فەرامۆشی بە ڕەح و جوانیەکانی سروشت دەبەخشن ..! ئاخر گەر مرۆڤ لە گەرمەی خۆشیەکانیدا نەتوانەت بە ئازادی گەرانیەکانی بچڕێ ، بە ڕەواندنەوەی ناسەریەکان و بەتاەکردنەوەی خود ، دەبەتە کائینێکی بەبەها و مردوو ..! شتێکی ڕوون و ئاشکرایە ، لەو کەمەگە چینایەتیە پە چەوساندنەوەی کە دەستەفسکی لەم چیڕۆکەیدا وێنەی کەشاوە ، مرۆڤکانی خوارووی چینی خواپەداوەکان دەبە بە هەتاهەتایە هەر قەشمەر و گەلحە و زەلیل بن ..! نابەت هیچ ناسنامەیەکی مرۆڤانیان هەبەت . شایستە بەوەن هەتا مردن سەرگەردان و داماو لەسەر شەستەکاندا بخەون ، سواڵ بکەن ، لەنەو جەنجالیەتی هەراوزەنای ئاوازە ناشازەکانی مەرگی شەنەییدا بە ونبوویی بمێننەوە . وەک چۆن " بەرتەلد برێخت " لە شانۆگەریەکانیدا ،هەوەی ئەوە دەدا ، بریین و ژان و کەشە کەمەایەتیەکان و مەینەتیەکانی مرۆڤ بخاتە بەردەم بینەر و لەهەمانکاتدا ، ئەوە لە مەشکی بینەر بەجێبهێڵێ (گەر مرۆڤ لە هەوە و کەششکانی بەردەوام بەت ، دەتوانەت وەڵام بە کەشکانی بداتەوە و چارەسەریان بکات ..!) هەر بەیە لە شەوازی برێختی دا ، دیواری چوارەم لە نەوان ئەکتەر و بینەر نامینەت . وەک ئەوەی بینەریش بەشدار بەت لە نمایشەکاندا ..!) .

دەکات و باس لە ئازارەکانی خۆی دەکات ، بەڵام (منی شاعیر) ئەم شیعرەی نووسیوە ، واتە دەنگەکی مەیینە لەنێو منی شاعیردا هاتە قسە ، (منی شاعیر) لەنێو ئەم دەقە شیعریە کەسێکی مەینەم یان دەنگەکی مەینەم لە خەمدا بەرجەستە کردووە ، بەدەر لەوەی خەم وەک کەسایەتی چیم و چ گەندەڵکم هەیە ، من باس لە (منی شاعیر) دەکەم لەنیو ئەو دەقەدا .. لە شیعرەکی ترم بەناوی (شەباهەنگی بەفر) ، لە شوێنێکی شیعرەکەدا دەڵێم ،

خەم دەخزێنمە نێو باوەشی هەمی ڕووبارە شەرمنەکان
لەگەڵ کازێوەی عەشق پێکەوە سەفەر دەکەین
دەمەوە لە ئاهەنگی لە دایکبوونی خەر سەما بکەم
تا لە بەهەشتی خۆنە سک پڕکانی بەهار
دەسکە گوڵێک بە تەمەنی کچێنی خەم و بە گەڵا پایزییەکانی
ئەم دەڤەرە بە دیاری بهێنم …!

ئەم شیعرە بەروارەکەی لە (ئازاری ١٩٩٦) نووسراوە و دواتر لە ساڵی (١٩٩٩) لەگەڵ کەمێک شیعرەکی تر لە کتێبی (عەشق و بەرائەتی ئاو) بڵاوبەتەوە ، شیعرەکە باس لە عەشق و نائومێدییەکی گەورە دەکات ، لەبارەی خەمی کچێنی و خەمی گەورە کچان دەدوێت ، لە شوێنێک بە ڕەشنی دەڵێت ،(ئەمشەو هەردوو مەمکی تەمەنی کچێنی عەشق بەسەر شانم شەبەتەوە ، لە قووڵایی دڵە خەمناکەکانییان ، تف لە ئاوەزانبوونی هەوری ئافات و خۆنە کابووسییەکانی قەدەر دەکەن ..!) لەڕەدا مەبەستمان نییە خوێندنەوەیەک بە دەق و ناوەڕۆکی (شەباهەنگی بەفر) بخەینەڕوو ، هەندێ مەبەستمان ئەو کەپلە شیعرەی سەرەوەیە کە شاعیر / باس لە کچێنی خەی دەکات و دەڵێ (دەمەوێت ، دەسکە گوڵێک بە تەمەنی (کچێنی خەم) و بە گەڵا پایزییەکانی ئەم دەڤەرە بە دیاری بهێنم …!) ئیتر چی لەمە ڕەشنتر و ڕوونتر هەیە کە شاعیر ، لەنێو ئەم دەقە شیعریە باس لە کچێنی خەی و خەمەکی قووڵی کچانە دەکات ، واتە دەنگەکی مەینەی لەنێو خەیدا بەرجەستە کردووە و کچێک یان گەورە کچێک لەنێو ئەودا هاتە قسە ..! یان لە قەسیدەی (ڕەشبەڵەکی ڕەح) کە قەسیدەیەکی درێژە ، لەساڵی (١٩٩٥) نووسراوە ، لەشوێنێکی ئەم قەسیدەیە دەڵێم ،

ئێستا
ڕووباری نێوان مەمکەکانم ئاوەکی شڵووی
پێدا دەڕوات ..!
ئێستا من لەناو گێژاوی سەرگەردانی ، هاژەی
تاڤگەیەکی دە تەنگم ….
دەی گوێ گیان دەی ،
دەورە / لەسەر نینۆکەکانم

لەسەر پشتی هەردوو دەستم
لەسەر پەنجەکانی لەوم بەوە
تا بەتەوە بئاخقم و بە تەوەش هەناسە بدەم
تا بە تەوە بمناسنەوە و لەم غەریبییەدا
ئەنگی ئەیشتووم بەتەوەبەر
دەی گوڵگیان
دەماچم کە
دەبم گوشە
دەبەنم کە
دەی گوڵکەی خەم دەی ..!
دەقی (ئەشبەنگی ئەح) قەسیدەیەکی درێژە ، یەکەکە لە ئەزموونە سەرتاییەکانی من لەگەڵ هەناسە درێژیم لەنەو دەقی شیعریدا ، قەسیدەیەکە ناوەنگەکی پە لە بەرز و نزمی و پە کەشمەکەشی هەیە ، بەزمانەکی تەڵ و ناسکی شیعری .. ئەمە مەبەستمان ئەو کەپلەیە کە شاعیر باس لە (مەمکانی) خەی دەکات ، وەک کەسایەتی و دەنگەکی مەیینە دەردەکەوە ، ئەگەر ناوی شاعیری بەسەرەوە نەبەت ، خوێنەران وا دەزانن خانمەک ئەم شیعرەی نووسیوە ، لەنەو شیعرکانم نموونەیتری لەم بابەتە بەرچاو دەکەون ، با دیوەکیتر و چەند وێنەیەکی تری شیعری بخەمە ڕوو کە لەوەدا / شاعیر ئەمجارەیان وەک دەنگەکی نەرینە دەردەکەوەت ، بە نموونە لە شیعری (بە چاوە گەشەکانی ئەها) ئەو شیعرەش شیعرەکی درێژە بەنام تەنها یەکدوو کەپلەی دەخەینەڕوو ،
_ کچم ئەها
چەند ئەژەکە هاتییە دنیا
چەند بە جوانی و چەند بە نەرمی
لە ناخەوە پەدەکەنی …!
_ کچم ئەها
کە گەورە بووی بیرت نەچێت
لە ئەژانی کچەریما هاتییە دنیا
.....
ئەحی بابەی
ئەئەئە نەکەی کە گەورە بووی
خوێنی ناو دەمارەکانی
پەنجە ناسکە شووشەییەکەت شەختە بکا
گوڵە هەرەی بەرسەبەری
چاوی گەشی ئەفسووناویت ئازار بدا
لەژێر کەپری مەزارەکان چەک دابدەی

لەپی دەستت سەیری ئەستێرە و مانگ بکا …!
ئەم شیعرە لە سەرەتای مانگەکانی ساڵی ١٩٩٤ نووسراوە و دواتر لە کتێبی (عەشق و بەرائەتی ئاو) بڵاوبەتەوە ، ئەوکاتە ڕەهای کچم تەمەنی سێ چوار مانگ بوو .. لەبار و زروفێکی سەخت و وەزع و گوزەرانێکی دژوار .. بە خانۆو لانەیی و هەرجارەی لە کونج و کەلانێک ژوورێکمان بە کرێ دەگرت .. ڕۆژێک لەسەر سیسەمەکە ڕەها لەسەر پشت ڕاکشابوو منیش یاریم لەگەڵدا دەکرد ، ڕەهاش بەشۆوەیەک پێدەکەنی ، منیش لە هەموو ژیانم ئەو پێکەنینە ئەفسوناویەم لەمنداڵێکی ئەو تەمەنە نەبینیبوو ، دوای یاریکردن خەواندم . ئیتر پێکەنینەکەی لە خەیاڵما مایەوەو بوو بەسەرەتای شیعرێکی درێژ و نووسیم ، (کچم ڕەها چەند ڕۆژێکە هاتیە دنیا دە پەمبەڕە ئارەزووی ئەم هەموو پێکەنینەت لە کوێ هەنا ..؟ !) ئیتر ئەم خەیاڵە تەکەڕە بە ژیان و گوزەران و ئاسە و ئومێد و خۆونەکان و زەرشتیتر بوو .. وەکو باوکێکی دەسەز ئومێد خواستن بە ڕەها کە لە داهاتوو چەن مرۆڤێک و کەسایەتییەک بێت یان ژیانی چەن بێت و بە چ ئاراستەیەک دا بەوات ، زەر بە ڕەشنی هاتووە کە دەڕە / (کاتێک پەنجە ناسکە شووشەییەکەت شەختە دەکات ، گوڵە هەرەی بەر سەبەری چاوی گەشی ئەفسووناویت ئازار دەدات ..!) واتە دەخوازێ کە کەسێکی بەهێز و بەتوانا بێت لەسەر قاچەکانی خەی بوەستێت ، لە کاتە ناخۆشەکان و ڕووبەڕوو بە کەشە و میحنەتەکان ، نەچێت لەژێر کەپری مەزارەکان چەک دا بدات و لەپی دەستەکانی سەیری ئەستێرە و مانگ بکەن ، واتە دەست پان نەکاتەوە لەبەر هیچ کەسێک و تەنانەت هەزە ئاسمانییەکانیش …! لەڕەدا دەبینین شاعیر وەک باوکێک قسە بە کچەکەی دەکات واتە ، دەنگێکی نەرینەی لەخەی بەرجەستە کردووە …! نموونەیەکیتر . لە قەسیدەی (من) کە وەکو ئەزموونێکی نوێ ناومان ناوە (دەقی تەمەن) لە بەشی یەکەم لە کەپلەی پەنجەم دا دەڕەم ..

لەنێو خەوەتگەی ژینی من
ژنێک سەرسامە بە پەنجەکانم
ژنێک سەرسامە بە قژی خاوم
ژنێک سەرسامە بە سمێڵی سوورم
ژنێک سەرسامە بە نیگاکانم
ژنێک سەرسامە بە شیعرەکانم
سەیرەکە لەوە دایە
لەنێو ئەو هەموو ژنە سەرسامانەم
منیش سەرسامم بەخەم
هەرخەم و هەرخەم و هەرخەم
خەمی تاک و تەنیا

خەم تا ئەبەد خەم …!
دەبینین لەم کەپلە شیعرەش / شاعیر لەنەو نەرجسیەتەکی تەخ دایە ، خەشەویستی بە خود لە ئاستەکی زەر بەند دایە ، بە دیدەگی (نەچە)یانە و لە ئاستی باڵا لە من و بوونی خەی دەوانەت کە / ئەو بیرکردنەوەیە بەخود بیرکردنەوەیەکە لە تەواوی (دەقی تەمەن) ئیشی لەسەر کراوە ، بەڵام ئەوەی ئەمە لەرەدا مەبەستمانە ، ئەو دەریە کە دەڵەت (ژنەک سەرسامە بە سمەڵی سوورم …!) ، سمەڵ هەمایە بە پیاو ، واتە لەرەشدا شاعیر دەنگەکی نەرینەیە .. لەم نموونانە بینیمان منی شاعیر لەیەککاتدا لەنەو ەووبەری شیعرەکاندا ، هەم دەنگی مەیینە و هەم دەنگی نەرینەی لەخەیدا بەرجەستە کردووە ، هەکارەکەش ئەوە بووە / هەر لەسەرەتای ئەزموونی نووسینی شیعریم ، ویستوومە جیاواز بیربکەمەوە و جیاواز بنووسم ، چونکە ئەوە بیرکردنەوەی جیاوازە فەرم و ناوەڕۆکی جیاواز بەدوای خەیدا دەهەنەت ، نوەخوازیش هەر لەنەو ئەم هاوکەشەدا مانا پەیدا دەکات ..! تا ئەرە چەند دیمەنەکمان پەشان داوە ، هەشتا هەکار و وەڵامی پرسیارە جەوهەرییەکەمان نەداوەتەوە و بەڵام زەرباشم لەبیرە / لەناوەڕاستی سالی نەوەدەکان ، ئەوکات بە ئەمەیان دەگوت (شاعیرە لاوەکان) ، لە گازینەی (مەچکە) ەژنامەنووسەکی برادەرم پرسیارەکی لەکردم و گوتی / (ناەڵ حەسەن) تە لەنەو شیعرەکانتدا زەر باسی (مەمک) دەکەیت و وەکو (کچەک) دەردەکەویت ، ئەگەر ناوت لەسەر شیعرەکانت نەبەت و یان وەنەت لەگەڵیان نەبەت کەس نازانەت تە کوەیت یان پیاویت ..؟! منیش لەناخی ناخەوەم پرسیارەکەم زەر پەخەش بوو ، لە وەڵامدا گوتم / ئاخر من کە دەچمە نەو جەوی شیعری و بەنەو دنیای خەیاە ەدەچم و قووە دەبمەوە لەوەدا ، لە واقیع و لەخەم دادەبەم ، لەوەدا من نازانم نەرم یان مە ، منداەم یان پیر ، تەنها مرۆڤەکم هیچیتر ..! برادەرەکەشم سەرسام بوو بەوەڵامەکەم و قەناعەتی بە قسەکانم هات .
ئیتر لەمبارەوە ، (نوکتە و سەرگوزشتە و باسی خەش خەشیش هەن …!) . ئیتر ئەم حاەتە لە نەو خەیاە و باری دەروونیم مایەوە ، تا ئەزموونم بەرەو سەرووتر دەچوو کاریگەری ئەم بارە دەروونییەم لەنەو ەووبەری شیعر و خەیاەە شیعرییەکانم تەختر دەبوو ، بەڵام نەمدەتوانی بەشەوەیەکی گونجاو تەعبیری لەبکەم و یان لەنەو پانتیایی لەکەینەوەیەک تیەریزەی بکەم . زەمەن هات و ەیشت ، چەند ساەک لەمەوبەر لە (یوتوب) گوەم لە دیمانەیەکی(ئەدەنیس) ی شاعیر ەاگرت ، زەر جەریئانە لە وەڵامی پرسیارەک کە باسی خەی دەکرد گوتی ، (کەسایەتییەکی مەینە ، یان دەنگەکی مەینە لەنەو منی شاعیردا هەیە ..!) ، دەخەش بووم بەو قسەیەی (ئەدەنیس) ،

شیعرەکانی خەم و پرسیارەکەی ئەو ڕۆژنامەنووسە و وێنەکەی خەمم بیر کەوتەوە ، گوتم نا من هەڵەنیم ، شاعیر (بەدەر لە ڕۆگەزە بنەڕەتییەکەی خۆی) ، دەتوانێ هەم دەنگی مێینە و هەستەکانی مێینە و / هەم دەنگی نێرینە و هەستەکانی نێرینە لە خۆیدا بەرجەستە بکات ، چونکە لە دواجاردا شاعیر مرۆڤێکە بە هەموو هەستە جیاوازەکانەوە ..! لەڕەدا بینیمان / شاعیر لەنێو ڕووبەری شیعر دەتوانێ دەنگی مێینە و دەنگی نێرینە لە شیعر و دیمەنە جیاوازەکان لە خۆیدا بەرجەستە بکات ، ئێستا باس لە دەقی (بۆیان) دەکەین کە یەکێکە لە قەسیدەکانی (شیرکۆ بێکەس)ی شاعیر ، پوختە و ناوەڕۆکی دەقی (بۆیان) بەو شێوەیە ، بۆیان کچی دەیەکە سەر بە ناوچەی مەریوان ، کچێکە لەگەڵ موعانـــاتی خۆی و کەمەڵگە چەوســـاوەکەی دەژی ، ئەم ژیـــانە نـــابەرابەرەی بە قەبـــووە نـــاکرێک ، چ وەک کچـــێک چ وەک کەسایەتییەکی کوردی ژێردەستە ، شەوانان تا درەنگی شەو سەدان پرسیار بەخۆیاەی دادەت ، (شەرکە بێکەس) لە بەشێکی قەسیدەکەی دەڵێت ،

ئێستا کەنیشکی ئەم دەیە
دەت و ئەوا و قسەی پەیە
قسەکانی لەلای هەندە
وەک شەمامە هەڵئەگیرە ....
ئەم کیژەمان وەکوو
چاوی بیری زیت بوو
گشت شەوگارە
لەژێر لەفەی کون کونەوە
بە قەد ژمارەی ئەستێرەی
شەوی هاوینانی ناودە
هەنگی پرسیار لەناو سەریا
ئەو ڕۆژان و
تا بەربۆیان
نەیان ئەهەشت چاو لەک بنە
ئەم بە ئەژی ؟ ئەو بە ئەمرە
ڕەنج بە ئەخورە ؟
ئەم بە دیلە ؟ چەن ڕاپەڕە ؟

بۆیان / هەشیارییەکەی دەگاتە ئەو ئاستە بۆیار دەدات چەک هەڵگرە و ببە بە پەشمەرگە . ئەم بۆیارەی لەلای پیاوانی ئایینی و هەندە لە کەسەکانی دەکەی دەبەتە مایەی ڕەخنە و توانج بەڵام ، بە کیژەڵان و زەرەک لە کەسانی هاودەمی خۆی مایەی دەستخۆشانە دەبەت ، بۆیان پەشمەرگەیەکی ئازا و چالاک دەبەت ، دەبەتە سەردەستەی گرووپەکەیان

، دوای ماوەیەک نامەیەک بە ماڵەوەیان دەنێرێ ، چونکە بەیان ئەستا هەندێ کەسایەتییەکی خەشوویستە نامەکە ئەودەست و ئەو دەست دەکات ، لەماوەی یەکدووەژا نامەکە گەچراو و کێن دەردەکەوێ ، لە ترسی دەان و لەناوچوون دەیبەن لەمزگەوت بە مەکبەرە دەیخوێننەوە ..!
دواتر بەیان شەهید دەبێ ، شاعیر لە کۆتایی قەسیدەکە ، دەڵێت ،
بەیان بەیان بەیان
ئیتر بەیان هەر بە تەنها
دار گەلاسی مەریوان و ئەران نییە
کانی سنە و بەکان نییە
ئەمە و سبەینە و داهاتووش
ئیتر بەیان کیژەکەی دایە گەورەی کوردستانە
ئیتر بەیان لە ئەستەوە
ئەستێرە سوورە گەشەکەی هەژارانی گشت جیهانە ..!
تا ئێرە وەکو بەبیر هەنانەوەیەک پوختەیەکی کورتمان لە ناوەڕۆکی دەقەکە باسکرد ، بەڵام مەبەستی ئێمە لە باسکردنی ئەم دەقە ئەوەیە کە شاعیر ، لە شوێنێکی دەقەکە ، ووە لە ژنان دەکات و وەک پەیامبەرێک ، پەیامبەر بە مانا ئایینییەکە نا ، بەمانای وەکو مرۆڤێک پەیامی پێیە ، یان وەکو قسەکەرێک قسەی پێیە ، چونکە دواجار شاعیر لەنێو شیعرەکانیدا قسەکانی خۆی دەکات .. جا ئەو شاعیرە یان ئەو پەیامبەرە دەکرێ کەسایەتییەکی مێینە بێت ، چونکە لەسەر سەکۆیەک رووی دەمی لە ژنانە و قسە بە ژنان دەکات و دەڵێت ،
ئەی ژنانی وەاتە قژ سووتاوەکەم
بەیان زەنگە
گوێی لێبگرن !
دەستەژێ ئازادیی
ناو ئەوەیە
سەر هەڵبڕن
بەیان دەمی ئەو پاچەیە
شەوە زەنگتان ئەوخەنە
دەنگ هەڵبڕن
بەیان ئەو دارو خشتەیە
دنیای تازە پێکدەهێنە
چاو هەڵبڕن
بەیان لوولەی ئەو چەکەیە
مەرگ ئەمرێنە
کوان ؟ ! ڕاپەڕن ..!
لە وردبوونەوە لەم دیمەنە شیعرییە ، هاوکات دەکرێ خوێندنەوەی

ئەوەشی بە بکەین کە شاعیر ، دەنگەکی مەینە نەبێت ، دەکرێت دەنگەکی نەرینەی ئازادیخواز بێت ، واتە پیاوەکی ئازادیخواز بێت ، هیچ لەناوەڕۆکی قسەکان و پەیامەکە ناگۆڕێت ، واتە لەنێو ئەو پەیامە شیعرییەی (شەرکە بەکەس) ئەو هاوکێشەیە دەبینین کە / (ئەوی شاعیر) لە یەککاتدا ، توانیویەتی هەم مێ بێت یان نێر ، دواجار مرۆڤەکە لە قووڵایی هەستەکی ئینسانی باسی لە نابەرابەری و جەور و ستەمی سەر کەمەگایەکی ژەردەستە کردووە ، واتە(ئەوی شاعیر) بەدەر لەوەی لە گەندەڵەکەی هەرچییەکە ، وەکو مرۆڤێک هەستەکانی خۆی لە ڕوانگەی مرۆڤبوونەوە ، بەرامبەر بە کەسێک و کێشەیەک خستەتە ڕوو . لەڕدا دەمانوەت باس لە دیمەنەکیتر ، یان دیوەکیتری ئەم باسمان بکەین و چەند نموونە و فاکتەک بخەینەڕوو ئەویش ، (ژن و مەسەلەی ژنان)ە یان کێشەی ژنان لەنێو ڕووبەری شیعری دا ، لە کەمەگەی تەقلیدی و دواکەوتووەکان ، (ژن بوون) کێشەیەکە و ژنان هەمیشە ڕووبەرووی ستەم و چەوساندنەوە دەبنەوە ، بەیە هەوەدان و خەباتکردن بە بەدەستهێنانی ماف و ئازادییەکان ، هەم لەلایەن ژنانی وشیار و بەشێک لە پیاوانی ئازادیخوازیش ئامادەیی هەیە ، بەیە دەبینین زەرەک لە ژنان ، ئەوانەی شیعر دەنووسن و شاعیرن ، لەنێو ڕووبەری شیعرەکانییان باس لە هەستی ژنانەی خەیان دەکەن و وەک دەنگەکی مەینە دەنگ هەدەبن ، تا ئەو ئاستەی شانازی بە ژنبوونی خەیان دەکەن ، کە ئەمەش خاڵێکی پەزەتیف و شکەدارە ، یان لە پەنا ئەو دەنگهەبەینە و دەربەینەی هەستە مەینەییەی خەیان باس لە کێشەکان و پەیوەندییەکان و خەمە کەمەایەتی و فەرهەنگی و کلتووریەکان دەکەن ، بەڵام با بزانین دەربەینی ئەم دەنگە مەینە و هەستە ژنانەیە ، دەبێتە هەی ئەوەی کە / چەمکی گەندەر ئەو کاریگەرییەی هەبێت لەنێو ڕووبەری دەق و تا ئەو ئاستەی مەری گەندەری پەوە دیار بێت ..! لەڕدا باس لە شیعرەکەی (کەژاڵ ئەحمەد)ی شاعیر دەکەین ، بەناوی (باخەوان ماندووترە لە ئاو) ، شاعیر لە سەرەتای شیعرەکە دەڵێت ،

پێت سەیرە نانووشتەمەوە
بە تەنیا بە
بەنکردنی گوڵەک نەبێت
یان بە ماچکردنی ڕووەتی منداڵەک
سینگ و بەرەک ناکەمەوە
بە شیردان بە شیعرەک نەبێت
یان ئەوینی لەبیرکراوی شەماڵەک ..

(کەژاڵ ئەحمەد) لە بەشەکیتری شیعرەکەیدا دەڵێت ،

پەناکەنم بەدەم کەڵووی

جەستەی نیشتیمانەکەو
بەگەنی کردووە
ناشگریم لە بەردەم قوزیەکدا بەهەیەو
حەوزی ژیانی ئەم خەڵکە لیقبووە !!
دیوارەک باشتر گوە دەگرێت
بەردەک باشتر هەست دەکات
باڵندەیەک سەیر لە بەر من
خەمبار دەبێت و
سبەی دەمکات بە جریوەی چیڕەکەک ...!
بەشەویەکی گشتی / شیعرەکە لە ڕووی زمان و شیعرییەتەو ، شیعرەکی جوان و نایابە ، ناوەڕۆکەکی قووڵی هەیە ، بەخەرایی لە دەرگای زەر کەش و ململانێی داوە ، هەستەکی ژنانەی ڕەشنی دەربڕیوە بەتایبەت بەرامبەر بەوەی کە ، پێیان وایە ژنام زەعیفە و لاواز و بەهێزن ، ، یان خەمکانی نیشتیمان و کەشکانی ڕۆژ و زەر شتیتر ، وە ڕەخنەیەکی تەخ لە ئەوی بەرامبەری دەگرێت جا هەرکەسە بێت ، لەڕدا نامانەوێت بە قووڵی باس لە ناوەڕۆکی دەقەکە بکەین ، بەڵام هەر بە خوێندنەوەیەکی خێرا ، دوو شت دەبینین / شاعیر دەیەوێت کەسایەتیەکی بەهێز و متمانە بەخەبوو بەمانای کەسایەتیەکی ئازا بەرجەستە بکات ، کە بە بەرامبەرکەی دەڵێت / پێت سەیرە نانووشتەمەو ..! یان دەڵێ / پێناکەنم بەدەم کەووی جەستەی نیشتیمانەکەو ، یان / ناشگریم لە بەردەم قوزیەکدا ..! ئەمانە هەمووی هەما و نیشانەی بەرجەستەکردنی کەسایەتیەکی بەهێزن ، هاوکات باس لەهەندە شت دەکات کەلای ئەو گەورەو پیرەزن ، بە نموونە / نانووشتەتەو بە تەنیا بە بەنکردنی گوڵەک یان ماچکردنی ڕووماتی منداڵەک نەبێت ، یان سینگ و بەرەکی خەی ناکاتەو بە شیردانی شیعر نەبێت ، دیارە شیردان لە ڕەی مەمکەو هەمایە بە ڕەگەزی مەینە ، بەڵام ئەو لەو هەستە ژنانەیەو دەیەوێت (گەورەیی و گەردوونیەتی شیعر)مان پەشان بدات ..! کە ئەوەش چ لە نەنووشتانەوەکەی بە تەنیا بە بەنکردنی گوڵەک و ماچکردنی منداڵەک / یان سینگ و بەرەک نەکردنەو بە شیردان بە شیعر نەبێت ..! لەڕدا دیمەنەکی ناوازەی پە لە شیعرییەت و جوانکاری نەخشاندووە ، ئەگەر زەتر ورد بینەو و بپرسین ، ئایا چەند کاریگەری گەندەر لە پشتی هەستکانی نەو ئەم دەقە دەبینین ..! شاعیر لە پشتی هەست و خەیاڵکانی خەی باسی کەسایەتیەکی بەهەزمان بە دەکات ، باسی پیرەزی گوە و منداڵ و گەورەیی شیعرمان بە دەکات ، باسی خەمکانی نیشتیمان و ئەزمەکانی ڕۆژ دەکات ..! کاریگەری گەندەر لەکوەی ناوەڕۆک و هاوکەشکانی ئەم دەقە دایە ..؟ ئایا ئەگەر ئەم دەقە لە جیاتی ناوی کەژاڵ ئەحمەد ،

ناوی (سەباح ڕەنجدەر)ی بە سەروە با یان هەر شاعیرێکی تر ، چی لە ناوەڕۆک و مانا و هاوکێشەکان دەگەڕێی ..؟! دواجار هەستی ژنانەش هەستێکی مرۆڤانەیە و پەیوەندی بەوەوە نییە شاعیرەکە چ جۆرە ڕەگەز و گەندەڵێکی هەیە ، مەبەستمان (ئەوی شاعیر)ە نەک کەسەکە خۆی ، بینیمان تەنانەت دەربڕینی هەستی ژنانە و دەنگی مێینەییش لەنەو ڕووبەری دەقی شیعریدا ، گەندەڵی نووسەرەکە گرینگییەک و کاریگەرییەکی ئەوتۆی بەسەر دەقەکەدا نابێت ، هاوکات / بە مەسەلەی کێشەی ژنان و ڕزگاربوون لەم کێشەیە ئەمە کاری شیعر و ئەدەب نییە ، دەکرێ شیعر و ئەدەب یارمەتیدەر بن بەڵام ، وا پێویست دەکات لە ڕەگای هەشیاری کەمەڵگا و لە ڕوانگەیەکی ئینسانی و لە چوارچێوەی یاساو دەستوورێکی مەدەرن ئەم کێشانە چارەسەر بکرێن ..! لەم بارەیەوە ، باس لە شاعیرێکی تر و شیعرێکیتر دەکەین ، ئەویش (تەرزە جاف)ی شاعیرە ، (تەرزە جاف) شاعیرێکە لەنەو شیعرکانی بە زمانی شیعری و بە ڕەشنی باس لە خۆیی و هەستکانی و هاوکات / پەیوەندییەکانی لەگەڵ خۆیی و دەوروبەری دەکات ، ڕاستگۆیانە و ڕاشکاوانە تەعبیر لە خۆی دەکات و خۆی دەنووسێتەوە ، واتە (تەرزە جاف) هەوە دەدات لەنەو شیعرکانی خۆی بێت و شاعیرێکە لەنەو ڕووبەری داهێنان و شیعر هەوەی جوانی هەیە ، شیعرێکی ئەم شاعیرەمان بەناوی (جوانترین) دەخوێنە ڕوو ، شاعیر لە شیعرەکەیدا دەڵێت ،

تە چەند جوانی
کاتێک لە باڵا و سینە و
نیگای کچەکەوە
شیعرێک دەخوەقێنی !
تە چەند زانای
ئەو کاتانەی لە کەڕەکدا
یان بەرامبەر ژنێکی جوان
باس لە مافی ئافرەت و
مافی ئازادی ئاو دەکەی !
تە چەند بەرزی
ئەو کاتانەی لە ڤیستیڤاڵێک
یان لە سەنتەرێکی گەنجان
بەسەر ئازادیی دەربڕین و
سەربەخۆییدا هەڵدەدەی!
تە چەنێک جوانیت ،
چەنێک زانا ،
چەنێک بەرز !

کەچی ئەو ڕۆژەی کچەکەت دەکەوێتە عەشقەوە:
تۆ
چەند درۆزنیت
چەنەکیش گوناح …!
ناوەکی شیعرەکە زۆر ڕۆشنە .. باسی دوو ڕوویی و درۆزنی کەسێک یان کەسەکان دەکات ، ئەوانەی لە پشتی میکرۆفۆنەکانەوە ، لە کەف و قیستیڤاڵ و گەڕەپانەکان و شوێنە گشتییەکان ، باس لە ئازادی و مافی ئافرەت و ئازادی تاک دەکەن و لەماڵەوەش بە کچەکەی خۆیان زیدانەکیان خۆقاندووە یان ناتوانن بەرگەی ئەوە بگرن کە کچەکەیان عاشق بە ، ئەوکات ئەوەی باوەیان پێی نەبێت ، قسە بریقەدار و بەناوەکەکانی خۆیانە …! یان شاعێرێک کاتێک لە ڕوانینی قەد و باڵا و نیگای کچێکی شۆخەوە ، شیعرێک دەخولقێنێ .. . دیارە دەقەکە ناوەکەکی جوانی هەیە ، شاعیر ڕاستگۆیانە باسی لە زەربەی (کەسەکانی) دەوروبەر و کەمەگاکەی کردووە بەڵام ، ئەمە مەبەستمان لە کاریگەری (گەندەر و پێیوەندی گەندەرە لەنێو شیعرەکە و خودی گەندەری شاعیرەکەش) ، با بزانین لەنێو شیعرەکەدا ئەو (تۆ) یە کێیە ؟ کە دەڵێت (تۆ چەند جوانی ، کاتێک لە باڵا و سینەی ، نیگای کچێکەوە ، شیعرێک دەخوڵقێنی !) ، ئەو (تۆ) یەی نێو ئەو وێنە شیعرییە لە ڕووی ڕەگەزەوە (تۆ) یەکی نادیارە چونکە دەکرێت / پیاوێک بێت لە قەد و باڵا و نیگای کچێکەوە ، شیعرێک بنووسێت ، یان دەکرێت ژنێکی لەزبیان بێت ، یان هەر ژنێک ، بەهەمان شێوە ، لە قەد و باڵا و نیگای کچێکەوە شیعرێک بنووسێت و جوانی ژنێک ببێتە ئیلهام بە نووسینی شیعرێک ..! بەیە (تۆ) یەکە گەندەری نادیارە لە هەمانکات ، دیاربوونیشی گرینگییەکی ئەوتەی نییە ، چونکە کەسی لەو بابەتە زۆرن لە نێو هەردوو ڕەگەزەکە ، دەکرێت ژنێک بێت چالاکوانی نێو مەیدانی مافەکانی ژنان بێت و باس لە ئازادی ژنان و ماف و ئازادی تاک بکات بەڵام ، لەماڵەوە پێچەوانەی ئەو قسانەی خۆی ڕەفتار بکات و بەتایبەت ئەو ڕۆژەی کە کچەکەی دەکەوێتە عەشقەوە ، لە نێو کەمەگە دواکەوتووەکان بە هەزاران ژن و پیاوی لەمجۆرە هەن ، بەیە لە سەرتاپای شیعرەکە / هەموو (تۆ) یەکان گەندەرو ڕەگەزیان نادیارە و دەکرێ مە بن یان نێر ..! هاوکات گەندەری شاعیریش هیچ لە ناوەکەک و بەهای شیعرەکە ناگەێت ، با ناوی (تەرزە جاف)ی شاعیری بەسەرەوە نەبێت یان ناوی هەر شاعیرێکی تر بێت ، هیچ لە بابەتەکە و لە ناوەکی شیعرەکە ناگەێت …! تا ئێرە زێتر فۆکەسمان لەسەر گەندەری شاعیر بوو ، ئێستا چەند کورتە شیعرێکی تر بە نموونە دەهێنینەوە کە فۆکەس دەخێنە سەر ناوەکی دەقەکان و گاریگەری گەندەر لەنێو

دەقەکاندا .. هاوکات مەبەستمان لە گەندەری شاعیرەکە و ئەو کەسایەتی و کاراکتەرانەش کە لەنەو دەقەکان ئاماژەیان پێدەکرێت .
(سەباح ەەنجدەری) شاعیر ، لە کتێبی (حەزدەکەم ئەوەندە بژیم)
لە شیعری (باوک و دایکم) لە دوا کەپلەدا دەەەت ،
خونچە ئیسماعیل عومەر لە ٦/١٢/١٩٥٦ دا
بە جلی ەەشەوە چووە پەردەی بووکەنی و ئاهەنگی خامشییەوە
جلی ەەش
جلی ەەش
جلی ەەش
جلی ەەش
جلی ەەش
جلی ەەش
جلی ەەش
جلی ەەش
ئەمە کاتی خۆی خوەندنەوەیەکمان بە ئەم کتێبەی (سەباح ەەنجدەر) کردووە بە ناوی ، (شیعر و چەمکەکانی / ئیرەس و سانا تەس و ئەبدیەت) ، لەنەو خوەندنەوەکەمان ئەوکاتیش باسی ئەم کەپلە شیعرەمان کردووە ، بەەام ئەستا بە مەبەستکیتر خوەندنەوەی بە دەکەین ، بەر لەهەر شتێک لەنەو ئەم وەنە شیعریە پارادەکسکی ناوازە دەبینین ، لەنەوان (جلی ەەش و پەردەی بووکەنی) کە بەشتەکی جوانی بە شیعرەکە بەخشیوە . (خونچە ئیسماعیل) واتە دایکی شاعیر ، بە جلی ەەشەوە چەتە پەردەی بووکەنی و لە ئاهەنگەکی خامشدا ، لە پشتی جلی ەەشەوە وەنەی هەموو زەحمەتی و مەینەتی و ژیانی قوەسی ژنانی کوردەواریمان بە ەەسم دەکات ، (جلەکی ەەش ەەش ەەش ەەش ... !) ، هەمایە بە ژیانەکی ئەجگار سەخت و نالەبار ، خەمەکی ئەجگار گەورە ، دیمەنەک تا ئاستی تراژیدیا غەمگین ، کەشیەکی کەمەایەتی گەورە ، ئاستی فەرهەنگی و کلتووری کەمەگایەک دەردەخات ، ئەمانە هەمووی لە دوو دەری شیعری تەعبیری لەکراوە ، هاوکات ئەلبوومەکی پە لە وەنە و یادەوەریش ، هەستەکی مرەیی گەورە ..! ەاستە(خونچە ئیسماعیل) ژنەکە و دایکی شاعیرە ، بەەام خوەنەر لەبەردەم ناوەەکەکی گەورە و پارادەکسەکی گەورە دایە ، خوەنەر لەبەردەم دیمەنەکی هەندە خەمناک دایە تا ئاستی کارەسات ، بەیە ئەوەی بیر دەچەتەوە (خونچە) کەیە ، گەندەر و ەەگەزی چییە ، گرینگ ئەوەیە کەسەکی زەحمەتکەش بووە ، بە جلەکی ەەشەوە گرینگترین شەوی ژیانی خۆی بەەەکردووە ، گەندەری کەسەکە هیچ گاریگەرییەکی لەئاست گەورەیی و کاریگەری ناوەەکەدا نییە .
تەنانەت گەندەری شاعیرەکەش ، ئەگەر هەر شاعیرەکی تر / ئەو دوو

دەری نووسیبا هەمان ناوەک و هەمان کەش و تراژیدیای بەرجەستە دەکرد …! واتە لەم دیمەنە شیعریە ، ناوەکەکە ڕەنگەکانی گەندەری هەندە کاە کردەتوە تا ئاستی نادیار یان ڕەشبوونەوە . نموونەیەکی تر / (جوول کەلچەر) شاعیرەکی ئەمریکییە ، کەسایەتییەکی ژنە ، لەهەمانکات گەرانی دەڕە و شیعری لیریکیش دەنووسە ، لە کتێبێکی شیعری بەناوی (شوەک بە بە زریپەش) ، لە شیعرەکی نەو کتێبەکە بە ناوی (خەت کەکەرەوە) ، هەرخەم شیعرەکەم کردووە بە کوردی و وا لەخوارەوە دەینووسمەوە و قسەی لەسەر دەکەین ، (جوول) لەم شیعرەدا دەڵێت ،

لە کەنار دەریا خەت کەکەرەوە
منیش دەم و لەوەدا خەشم دەوەی
خەت کەکەرەوە لەگەڵ شتە کوەیەکاندا
لەگەڵ گەرانییەکانی چەڵەکە و کەفی دەریا
لەگەڵ / با جوانییەکی شەتانەش خەی کەبکاتەوە
لەنەو چاوەکانت بدرەوشێتەوە و بانگم بکا
چونکە من ئارەزووی پیاوەک دەکەم
لەنەو قژیدا بە شتە کەوییەکان هەلانە چەبکا
ئەو پیاوەی بەسە و گە ماچ دەکا …!

شیعرەکی ناسک و جوان ، ناوەکەکەکی قووە و پە مانا ، ئەوە دەبینین / ژنەک واتە دەنگەکی مە داوایەک لە پیاوەک دەکات ، کە خەی کەبکاتەوە ، لە سەرتا هەردوو ڕەگەزی (نەر و مە) دیارن ، ژنەکە بەردەوام دەبە لەداواکەی کە پیاوەکە خەی کەبکاتەوە ، تاکو ئەویش خەشی بوەت ، لەبەدا خە کەکردنەوە ، وەک هەمایەک زەر شتی لە پشتە ، وا دیارە پیاوەکە کەسەکی هەندە نائومەدە تا ئاستی ڕەشبینی ، دەستی لە خەیی و ژیان و ئومەدەکانی بەرداوە ، ژنەکە داوای لەدەکات خەی کەبکاتەوە و بگەڕێتەوە نەو ژیان و دەست بە ئومەدەکانیی بگرەتەوە ، خەی کەکاتەوە / لەگەڵ شتە کەوییەکان ، دەکرە شتە کەوییەکان هەما بەت بە شتە یاخییەکان ، گورانییەکانی چەڵەکە هەمابە بە شتە جوانەکان ، کەفی دەریاش هەمابە بە جووڵە و هەوەدان ، کەواتە دەخوازە پیاوەکە لەم نائومەدییە گەورەیە خەی ەزگار بکات و بگەڕێتەوە نیو ژیان و لەگەڵ شتەجوانەکان بژی ، بەم شەویە دەبەتەوە بەو کەسەی کە ئەویش خەشی بوەت ، تا ئەرە ئاسایی ، ناوەکەکەکی جوان و پە مانا و گەندەرکانیش دەبینرەن بەنام ، کاتەک دەگەینە دوادەری شیعرەکە ، کە دەڵێت ،(ئەو پیاوەی گە و بەسە ماچ دەکا …!) ، ئەم دەرە هەندە پە ماناو هەندە دەرە شیعرەکی ناسک و ناوازەیە ، ناوەکەکە قووەتر پەشان دەدات ، ژیان و عەشق جوانتر پەشان دەدات ، لە بەرامبەریشدا / نائومەدی و

پەرتبوونەکان گەورەتر دەردەکەون ، خوێنەر لە بەرامبەر ناوەڕۆکەکی قووڵ قەرار دەگرێت ، گێندەرەکانی بیردەچێتەوە و دەکەوێتە نەو بیرکردنەوەیەکی قووڵ ، کەسێک گەو بەسەر ماچ بکات دەبێ / کەسێک لەونلەو بێت لە خەونی جوان لە هیواو ئومێدی جوان ، نەک کەسێکی پەرت و لاکەوتە و نائومێد ، بەیە لەژێر کاریگەری ناوەڕۆکەکی پێ لە جووڵەی ئیستاتیکی ، گێندەرەکان لە مەشکی خوێنەر وندەبن کاریگەرییان نامێنێ ، تەنانەت خودی شاعیرەکەش گەر (جوول) نەبێت هەر کەسێکیتر بێت هیچ لە مانا و ناوەڕۆکی شیعرەکە ناگەێت …!
نموونەیەکی تر / شیعرێکی (خولیا حسێن)ی شاعیر ، بەناوی (دایکم و دەریا لەیەکدەچن) ، ماوەیەک لەمەوبەر خوێندنەوەیەکیشمان بە ئێم شیعرە کردووە ، بەناوی (شیعر و دایک و میهرەبانی) ، بەڵام ، لەڕەدا بە ئێم وتارەمان دیسان قسە لەسەر دیوێکی تری ئێم شیعرە دەکەینەوە ، خولیا لە سەرەتای شیعرەکەیدا دەڵێت ،
دەریا و دایکم لە یەک دەچن
کە غەریبیی دایکم دەکەم
دەچمە کەنارەکی دەریا
نیگاکانم نوقمی قووڵایییەکەی دەکەم
لە جوانی و
لە فراوانی و
لە هەمنی دەریادا
جوانی و
هەمنی و
دە گەورەیی دایکم دەبینم
یان لە شوێنەکی تری شیعرەکەدا دەڵێت ،
هەندە دەخەش و هەندە ئارام و
منداڵ دەبمەوە
وادەزانم لە ژێر ئاسمانی چارەکە شینە
ئەفسووناویەکەی دایکم
خەم شاردەتەوە
نە عەشق دەمسووتێنێ
نە خەشویستی ئازارم دەدا
نە خەم زەفەرم پێ دەبا
نە شەکەتی پێم دەزانێ
نە تەمەن لەگەڵ خەی دەمبا
نە دەڵان تەکم دەشکێنێ
نە غوربەتیش دەمگرێنێ ..!
ناوەڕۆکی شیعرەکە باسکردنە لە ڕۆڵی دایک و گەورەیی و میهرەبانی

دایک ، وەک کەسێکی ئازیز و پیرەزترین و خۆشەویسترین کەس ، باوەشی دایک ئارامیترین کونج و جێگایە بە منداڵەکانی ، پەناگەیەکە پە لە میهر و خۆشەویستیی .. لەکچووانەنی دایک لەگەڵ دەریا هاوکێشەیەکی شیعری پە لە جوانکاری نەخشاندووە ، لە هەمانکات ، وێنەیەکی قووڵی پە لە مانا ..! لەرەدا مەبەستمان نییە دووبارە لەسەر ناوەڕۆکی شیعرەکە قسە بکەینەوە بەڵام ، ئایا لەم دەقە شیعرییە خوێنەر لە بەرامبەر ناوەڕۆکێکی بەرز و گەورەی ئینسانییە یان گێندەر ؟ خۆ ئەگەر خولیا بیگوتبا / باوکم و دەریا لەیەکدەچن ، خوێنەر لە بەرامبەر هەمان مانا و هەمان ناوەڕۆک قەراری دەگرت ، چونکە باوکیش هەمان ئەو کەسە گرینگە و گەورەیە بە منداڵەکانی ، هەمان پاڵپشت و باوەشی باوکیش هەمان ئەوکەنارە ئارامە و هەمان ئەو کونجەیە کە پڕاوپڕە لە میهر و خۆشەویستی ، بەیە لەم دەقە شیعرییەش گێندەر ئەو ڕووبەڕە فراوانەی نییە ، چونکە لەوکاتەدا مەشکی خوێنەر سەرقاڵە بە بیرکردنەوە لە میهربانی و گەورەیی کەسێک ئەو کەسەش (دایک)ە ، خە لەجیاتی خولیا گەر هەر شاعیرەکی تر ئەم دەقە شیعرییەی نووسیبا هەمان ناوەڕۆک و مانای دەبوو ، چونکە گێندەری شاعیریش هیچ کاریگەری بەسەر دەق و ناوەڕۆکەکەدا نییە و نابیندرێ .

ئەستا دوای ئەم هەموو نموونە و فاکتانە ، دەمانەوێت باس لە هەکارەکان بکەین / بەچی گێندەری شاعیرەکان لەنەو ڕووبەری دەق ئەو کاریگەرییەیان نییە ، یان شاعیرێک بەدەر لە کەسایەتی خۆی و گێندەری خۆی ، دەتوانێت وەک (ئەوی شاعیر) گێندەری (مەینە و نەرینە) لەخۆی بەرجەستە بکات و یان کەسێک بێت ڕەگەزی نادیار بێت و تەنها وەکو مرۆڤێک دەرکەوێت . یەکێک لە هەکارەکان ئەوەیە / شاعیر لەنەو ڕووبەری دەق ، بەهۆی زمانەوە دەتوانێت توخمەکانی سروشت وەک (با ، درەخت ، ئاو ، ئاگر ، هەور ، ئەستێرە ، مانگ ، بەرد ، ڕووناکی ، هەتادوایی ..) ، بەکاراکتەر بکات و بەقسەیان بهێنێت ، کاتێک دەڵێت / من ڕەشبام کە هەڵدەکەم ..... . ئیتر لەرەدا شاعیر ڕەشبا وەقسە دەهێنێت ، گێندەر هیچ ڕەلەکی نابێت ، گێندەری شاعیرەکە خۆی لە پەیوەند بە توخمەکان (چ مە بێت یان نەر) هیچ لە بابەت و ناوەڕۆکی دەقەکە ناگەڕێت ، خاڵەکی تر / شاعیر دوای بیرکردنەوە دەچێتە نەو قووڵایی خەیاڵ ، هەندە قووە دەبێتەوە تا گەیشتن بە ڕووبەری ناخودئاگایی .. ڕووبەری ناخودئاگاییش بەمانای (دابەان لە ئاگایی و هەشمەدی خود ، هاوکات دابەان لە واقیعی مەوجودیش واتە واقیعی هەبوو) هەروەها لە واقیعی خەیشی دادبەیت ...! ، بەیە لەرەدا ئەگەر باسی کردەی (کوشتنی باوک) بکەین لەلای (فرەید) و لەو سەرچاوانەش بکەینەوە کە هاوکاری

بوون بە نووسینەوەی ئەم تیۆرە ، دەبینین چ لە (ئەدیبی (سۆفۆکلیس) و هاملەتی (شکسپیر) و برایانی کارامازۆفی (دەستۆفسکی) لەوەدا ، ئەوە دەخوێنینەوە کە / نووسەرەکان و پاڵەوانەکان لەوکاتەدا لەژێر کاریگەری پاڵنەرە (ناخودئاگاییەکان) بوون ، یان تەقاندنەوەی پاڵنەرەکی دەرەکی کە هەمیشە لەنێو رووبەری ناخودئاگاییان کاریگەرییەکی تەخی هەبووە ، ئەم پاڵنەرە دەرەکییەش (ململانێی سەکسی یە لەبارەی ڕەگەزی مێ وە) ، لەوکاتەدا چونکە لەنیو رووبەری (ناخودئاگایی)دا بوون ، دواتریش کاتێک دەگەڕێنەوە بە باری (خودئاگایی) یان باری ئاسایی خۆیان ، ئەوکات پێشیمان دەبنەوە لەوەدا مەبەستم لە تاوانبار و توانبار نەبوونی کەسەکان و کردەکە نییە ، مەبەستم باری ئەو (دابەانە)ە پێشان بدەم ، کاتێک دەڕێین کەسەکان لەباری (ناخودئاگایی) گەڕانەوە بە باری (خودئاگایی) و باری ئاسایی خۆیان واتە (دابەابوون) لە واقیعی خۆیان و دەرەوەی خۆیان …! بۆیە بە دیوەکیتر دەتوانین بڵێین / شیعر نووسینەوەی چرکە ساتەکانی وێنەیە ، واتە چرکە ساتەکانی دابران لە هەشمەندی و ئاگایی خود ..! چونکە شیعر بوونێکی گەردوونی هەیە ، لەوەدا شاعیریش دەبێتە گەریدەیەکی گەردوونی …! کاری بەسەر ئەوەوە نییە خێی لەدنیای واقیع چ ڕەگەز و گەندەڵێکی هەیە ، شاعیر لەنێو ڕووبەری خەیاڵ و لەنێو پانتایی زمان بوونێکی جیاوازی هەیە واتە تەنها مرۆڤ و هیچی تر …! ، بۆیە گەر لەوەدا باسی (شیعری ژنانە و ئەدەبی ژنانە) بکەینەوە ئەمە زەرجاران ئەم پێلینکردنەمان بە ناوی ئەدەبی (ژنانە و پیاوانە) و یان (شیعری ژنانە و پیاوانە) ڕەتکردەتەوە ، لە کتێبی (ئەدەب و ئایدیۆلۆژیا)ش بە ڕەشنی قسەمان لەسەر پێلینکردنی شیعر و ئەدەب کردووە و ڕەتمان کردەتەوە بەو هەکارەی ، کە ئەدەب یان شیعر بوونێکی گەردوونی هەیە و لەنێو کایەی (مرۆڤ و بەها مرۆییەکان) ئیش دەکات ، بە هەر هەکارەک بە / ناتوانین ئەدەب یان شیعر پێلین بکەین و ڕووبەڕە فروانەکەی بچووک و بەرتەسک بکەینەوە ، بەڵام لەوەدا ئەو خاڵەش زیاد دەکەین کە / ئەگەر بڵێین ئەدەبی ژنانە یان شیعری ژنانە بەمانای ، (ئەوی شاعیر) لەنێو رووبەری بیرکردنەوە و خەیاڵ هەندە قووڵ نەبێتەوە تا لە واقیعی دەرەوە و لە واقیعی خۆی دابڕێت ، یان نەگەیشتە ڕووبەری ناخودئاگایی و سنووری دابەان ، واتە هەر (خۆیتی) نەک (ئەوی شاعیر) ، ئیمە لەسەرەتای ئەو باسە گوتمان / ئەمە لەم وتارەمان مەبەستمان خودی کەسەکە نییە بەڵکو ، مەبەستمان ئەوی شاعیرە ، بۆیە هەڵەیەکی گەورە دەکەین گەر بڵێین (ئەدەبی ژنانە یان شیعری ژنانە) ، چونکە من بیستووەمە هەندێک لە خانمەکان ، ئەوانەی

شاعیرن و شیعر دەنووسن ، لە دیمانەکان دەکەن / بەیە باوەڕمان بە (شیعری ژنانە یان ئەدەبی ژنانە) هەیە چونکە ، شاعیرەکە (خۆی) ژنە و لەنێو شیعرەکەیدا هەستی ژنانەی خۆی دەردەبڕێت ، یان لەنێو ئەدەبەکەیدا دەیەوێت بەرگری لە ماف و ئازادییەکانی خۆی بکات …! ئەمەش بە دیاریکراوی / ڕەک مەبەستمانە ئەوە ڕەت کەینەوە ، چونکە شاعیر بەدەر لەوەی چ گەندەڵکی هەیە دەتوانێت هەردوو هەستەکان (چ ژنانە یان پیاوانە) لەنێو ڕووبەری دەق بەرجەستە بکات و بەرگریش لە ماف و ئازادییەکانی تاک بکات …! ، چونکە دواجار (هەستی ژنانە یان پیاوانە) هەستەکانی مرۆڤن ، ئامانجی شیعریش بەرهەمهێنانی جوانی و ئیشکردنە لەسەر جوانی بەیە / شاعیریش لەنێو ڕووبەری دەق بوونێکی ئیستاتیکی هەیە و (مرۆڤەکە گەندەڵی نادیارە واتە تەنها مرۆڤە و بەس …!) ، ئەو خاڵەش کە دەکەن چونکە (خۆیان ژنن) ، واتە ئەو شاعیرانە باس لە (خودی خۆیان دەکەن) وەک ئەوەی کە هەن ، نەک وەک ئەوەی کە (شاعیرن) و بوونێکی ناجەگیری توخم ئامێزیان هەیە …! ، خاڵێکی تر لە پەیوەند بە (شیعر و شاعیر و گەندەڵ) / مرۆڤ چ (نێر بێت یان مێ) کە دەتە نێو ژیان ، لەسەرەتا بوونێکی ناتەواوی هەیە ، مرۆڤکان لە یەکەی داهێنانەوە هەوە دەدەن بوونی خۆیان تەواو بکەن یان مانا و شوناسێک بە بوونی خۆیان ببەخشن ، جا ئەگەر شاعیر گەندەڵەکەی هەر جەڕەک بێت ، هەوەدەدات لە یەکەی داهێنانەوە بوونی خۆی تەواو بکات ، بەیە شاعیر بە ئەوەی داهێنانی گەورە بکات ، دەبێت وەک شاعیرەک مامەڵە لەگەڵ خۆی بکات ، وەک مرۆڤێک بتوانێ لە یەککاتدا هەردوو گەندەڵ لەخۆی کەبکاتەوە ، چونکە شاعیری داهێنەر دەبە بوونەوەرێک یان گەریدەیەکی گەردوونی بێت ، مرۆڤێک بێت خاوەن بوونێکی باڵا بێت . هەر بەیە دەبینین (ئەلبێر کامە) لە کتێبی (ئەفسانەی سیزەف) لە شوێنێکدا دەڵێت . (داهێنان واتە دووجار ژیانکردن ..!) ، ئەگەر لەو وتەیەی کامە ورد بینەوە لە پەیوەند بە شاعیر ، ئەو مەبەستی لە شاعیرێکی داهێنەرە ، شاعیرێک کە لەیەکەی داهێنانە گەورەکانی بتوانی دووجار بژیی ، واتە ببێتە موکی مەژوو ، دوای مردنیش هەر بە زیندوویی بمێنێتەوە ، وەک (شکسپیر و دانتی و بەدلێر و نالی و سەدان گەورە شاعیری تر .) بە مانای / شاعیرێک وەک مرۆڤێکی گەردوونی بتوانێ لەیەکەی زمانەوە قسە لە بارەی هەموو شتێکەوە بکات ، بە دەربڕینی هەستی پیاوانە و ژنانەشەوە …! هەر خودی (ئەلبێر کامە) لە هەمان سەرچاوە لە پەیوەند بە داهێنانەوە قسەیەکی (نەچە) بە نموونە دەهێنێتەوە کە دەڵێت / (هونەر بە تەنها هونەر ، ئەمە هونەر شک دەبەین ، تا حەقیقەت نەبێتە مایەی مردنمان …!) ، ئەگەر لە ناوەڕۆکی ئەم قسەیەی (نەچە) ورد

بینەوە یان لە پشتی دیوە نادیارەکەی ئەم قسەیە ، گرینگی داهێنانمان بە دەردەکەوێت بەرامبەر بە بوون و ژیان ، مەبەستییەتی بێت / ئەوکەسانەی داهێنانیان نییە ، حەقیقەتیان وەک نەبوو وایە واتە بوونەکی (بەبەها و مردوو) یان (ناتەواو و بە هەز ..!) ئەوەی کە(مارتن هایدگەر) بە بوونەکی (نامە یان نامەسەن) ناوی دەبات ، جا بۆیە ئەگەر لە خاڵی کۆتایی وەامی پرسیارە جەوهەرییەکەی سەرەتا بدەینە ، دەبێین (نەخیر) من بە دروستی نابینم بەبێین (ژنە شاعیر چنوور نامیق) ، یان (خانمە شاعیر ڤینەس فایەق) ، وا دروستترە بەبێین / (چنوور نامیق)ی شاعیر ، یان (ڤینەس فایەق)ی شاعیر .. بە پەویستی دەزانم ئەوەش بەم کە من لە کتێبی / (سارا تیسدەیل ژنە شاعیری ئەمریکی) ، بەئاگا کەوتووەتە نەو هەمان هەوە ، بە دەنیاییەوە گەر جارەکیتر ئەم کتێبە چاپ بکەمەوە هەکەم راست دەکەمەوە و لە بەرگەکەی دەنووسم / (سارا تیسدەیل شاعیرەکی ئەمریکی) ، چونکە هەروەک گوتمان / شیعر بوونەکی گەردوونی هەیە و شاعیریش ئەو بوونەورە گەردوونییە ، ئامانجی بەرز ەاگرتنی مرۆڤ و بەها مرۆییەکانە و بۆیە دواجار شاعیر تەنها مرۆڤەکە و هیچیتر …!

٢٠ی

ئەپریلی ٢٠٢١

سەرچاوەکان :

_ کتێبی (عەشق و بەرائەتی ئاو) .. نامە حەسەن
_ کتێبی (ەەشبەەکی ەەح) .. نامە حەسەن
_ کتێبی (دەقی تەمەن) .. نامە حەسەن
_ کتێبی (حەز دەکەم ئەوەندە بژیم) سەباح رەنجدەر
:_ کتێبی (دیوانی شەرکە بەکەس) .. بەرگی دووەم
_ کتێبی (من هەبم یاخود نا .. ئەمەیە مەهزەلەکە) .. تەرزە جاف
_ کتێبی (ئەفسانەی سیزیف) .. ئەلبەر کامە .. و/ ئازاد بەرزنجی
_ کتێبی (Jewel Kilcher .. (a night without armor
_ شیعری (باخەوان ماندووترە لە ئاو) .. فەیسبووکی (کەژاڵ ئەحمەد) .
_ شیعری (دایکم و دەریا لەیەک دەچن) فەیسبووکی (خولیا حسەن) .

شیعر و ژیاندەستیی..2.. ناو حەسەن

(خوەندنەوەیەک بە قەسیدەی (یاداشتنامەی ماکوەکی ەشپەش) ی شەرکە بەکەس)

بەشی دووەم /

وتیان گەژەووکەیەکی سپی غەمگین
ئەو یەکەمجار
هەواڵی تەی گەیانبووە ماڵی چیا نشینەکان
هەواڵی تەی بردبووە بەلای بەفر و
بە لای مەرگ و
بەلای گوڵە کەویەکان
هەواڵی تەی بردبووە
بەلای کەترەکانی مەقڵە
بەلای ژنە ماست فرۆش و
هەبەی تازەی هەڵدراوی ەووەندەکان
وتیان : تەکەا بەیەکەوە
لەگەڵە چنار و شەڵەبی و
پیاوانی بەردەرکی مزگەوت
ژنانی سەرکوە و کانی
هەموو پەکەوە گریابوون
هەبازەکەم پەلەت چی بوو ؟
مەرگ هەر ئەهات
ئەم سەفەرەت هەر لەبەر بوو …!

پەووشکی پرسیارە قووڵەکە بەر بەشەکانی دوای خەیشی کەوتووە ، کاریگەری ئەم پرسیارە درەژ دەبەتەوە بە کەتایی دەقە ، بەمانایەک ئەم پرسیارە هەمیشە لەنەو دە و ناخی ماکەوە ەشپەشەکە دووبارە دەبەتەوە . لەم بەشە دوەبەری دەشکاو باسی گەورەیی و بوونی ئەم خەشویستییە گەورەیەی بازەکەی خەی دەکات ، لەنیو چین و توژە جیاوازەکانی کەمەگە و هاوڵە و هاوسەنگەرەکانی کە بە (کەترەکانی

نەو مەقەڵە) ناویان دەبات ، کاتێک لە ڕێگەی (گۆڕەووکەیەکی سپی غەمگین) خەڵی چیا نشینەکان هەواڵی ئەویان پەدەگات ، هەموو غەمگین دەبن و دەگرین . (کەترەکانی مەقەڵە و ژنە ماستفرۆشەکان و ڕەوەندەکانی نەو هەبەی تازە هەڵدراوەکان و پیاوانی بەردەرکی مزگەوت و ژنانی سەرکۆ و کانی) .. هەموو پێکەوە گریا بوون . بەڵام ئازارە ئاگراویەکە لەناخی ئەودایە ، ڕەنگە بە ئەوانی تر ئەسف خواردن و گریان ڕشتنی چەند دەپە فرمێسکێک بەس بێت ، بە ئارامبوونەوەی کەف و کوە و هەستە خەمناکەکەی دەروونییان بەڵام ، بە ئەو ئەم شتانە و تەنانەت هیچ ڕەشبایێک ناتوانە ئاگری خەم و نائومێدییەکانی کپ بکاتەوە و یان بیکوژێنەتەوە ، چونکە ئەو دەزانێت / ئیتر لەمەودوا ژیانی بە چ ئاراستەیێک دا دەڕوات ؟! ، لەمەودوا زیندووەکی مردوو دەبێت ، ئیتر لە نەو قووڵایی نائومێدییەکانی دەڕێت (هە بازکەم پەلەت چی بوو ؟ مەرگ هەر ئەهات ، ئەم سەفەرەت هەر لەبەر بوو ..!) .

بەڵام هەشتا ئەی بازی من
بە تە بەربەیانێکی زوو بوو
شیعرەکانت : هەشووی وشە زیوینەکانت
خەتی وەک زەنگیانە وردت
شەوەی ئیمزات " کە لەسەری بولبول ئەچە "
دار جگەرەیەک .. چەرخەکەت ..
چاکەتەکی کەنی سەر قەڵە پینەکراو ..
چاویلکەیەکی هەتاو و
تەزبەحەکی ئەبەق ، کەاوە ، پاندانە
قەفەزێکی کەو .. لفکەیەک
شووشەیەک عەتری بەتاڵ و
هەگبەیەک و
ئاوێنەیەک
ئەی بازکەم !
ئەمانە ئەو یادگار و شوێنەوار و میراتیانەی
بەت جێهێشتووم ..!

ماکەوە ڕەشپەشە غەمگینە دەشکاوەکە ، لە باسکردن و وەسفکردنی بازکەی بەردەوام دەبە و ناتوانە ئەو ماڵئاوایی و دابڕانە قەبووڵکات ، ئیتر لەمەودوا لەجیاتی خەی دەبە ژوان لەگەڵ کەلوپەل و ئەو شتانە بکات کە وەک میرات بەی جێهێشتوون .. دەبە لەمەودوا لەگەڵ ڕابردوو بژیت و ئایندە لەبیرکات ، یادی قسەکان و شیعرەکان

و جووە و تەنانەت هەموو شتەکانی بکاتەوە ، (شیعرەکان ، وشە زیوینەکان ، خەتی وەک زەنگیانە ورد ، تەنانەت شەوەی ئیمزای " کە لەسەری بولبول دەچوو ..!) ، تازە بازەکەی لەدەست دا ، چیتر لە شەوە تاریکەکان و ئەنگوستەچاوەکان لە چاوەوانی بازەکەی دا نابەت کە لەپەکا دەرکەوەت و بە تامەزرەییەوە لەباوەشی بگرەت و شەتانە ئاوەزانی یەکتری بن و هەموو جەستەی ماچ بکات و شیلەی نەو دەمی بخواتەوە ، ئەم خەیاە و ەژگارانە بەسەرچوون و بوون بە ەابردوو ، تازە ئەوەی بەی ماوەتەوە کەمەک یادگاری و کەلوپەلی سادە و بەام ژیانەکی سەروەری و پە شکە و مەژوویەکی پرشنگدار و بوونەکی ەسەن و شکەمەند .. هەموو سەروەت و میراتی ئەم بازە گیانبازە ، ئەم شاعیر و خەباگەەی ەگای ئازادی بریتی بوون لە ، (دار جگەریەک و چەرخەک ، چاکەتەکی کەنی سەرقە پینەکراو ، چاویلکەیەکی هەتاو ، تەزبەحەکی ئەبلەق ، کەاوە ، پاندانە ، قەفەزەکی کەو ، لفکەیەک ، شوشەیەک عەتری بەتاە ، هەگبەیەک و ئاوەنەیەک …!) ئەگەر سەیری ئەو میراتەی بازە گیانبازەکە بکەین ، ئەوەمان بە ەوەندە بەتەوە ، شەشی نوە گەلەکەمان بە چ ەح و بیروباوەەکی پەایین درەژەی بە بوون و گەشەی خەیدەدا ، خودان چ مرەقی ژیاندەستی و خەباتکاری ەگای ئازادی بوون . کە گەیشتن سەربەخەیی و ئازادی مرەق گەورەترین ئامانج و سەروەت و میرات بووە بەیان ، ئەوان خودان ویژدان و بیروباوەەک و وریەکی بەرزەفەبوون ، نەک ژیانەکی شاهانە و میراتەکی میرانە و بەهەشتەکی خودایانە ..!

ئەم شتانە .. گیانیان تیایە
ئەم شتانە قسە ئەکەن ەازەکانییان ئەدرکەنن
ئەم شتانە .. ئەجوەن و دەنەلام و
لە باخەما ئەیاننوەنم
هەموو ەژە دەستیان بەسەردا ئەهەنم
بەنیان ئەکەم ، بەنی شووشە بەتاەکان
بەنی هەگبە و بەنی لفکە
چاکەتەکەت لەبەر ئەکەم
کەاوەکەت لەسەر ئەکەم
عەینەگەکەت لەچاو ئەکەم
ئەچمە بەردەم ئاوەنەکە
بە پەندانەکەش لاسایی
خەت و ئیمزات ئەکەمەوە
بە تەزبەحیش دەنکە یادوو

دەنکە مەراقم ئەژمەرم
ئینجا ئەچم لە تەنیشت قەفەزەکەوە
هەڵئەتروشم
لە بەرچاوم وردە وردە قەفەزەکەت گەورە ئەبە و
وا هەست دەکەم منیش پەڵەوباڵ دەرئەکەم
ئیتر ئەبم بە ماکۆکی ڕەشپەشی خاڵ لەمل و
دەرکی قەفەز ئەکەمەوە و ئەچمە ناوی و
بە زایەڵە و فوغانەوە
بەت ئەخوەنم ..!

وەکو گوتمان ئیتر ئەو تازە لەگەڵ ڕابردوو دەژیت ، لەگەڵ یادەوەری و شتەکانی ، لەگەڵ کەلوپەل و شیعرەکانی ، لەگەڵ پەیام و ئامانج و ئومێدەکانی ، هێندە بە تامەزرۆیی و لەناخەوە لەگەڵ یادەوەری و شتەکان دەژیت کە بەئەو ئیتر لەمودوا شتەکان گیانییان دەتە بەر و قسەدەکەن ، ڕازەکانییان دەدرکێنن ، لەگەڵیاندا دەخەوێت ، نازیان ڕادەگرێ و دەستییان بەسەردا دەهێنێ و دەیانلاوێنێتەوە .. شتەکان بەن دەکات ، لیفکە و شوشەبەتاڵەکە و هەموویان بەن دەکات ، بەنی هەناسە و بەنی جەستەی ئەویان لەدەت ، چاکەت و ئەینەگ و کڵاوەکەی لەسەردەکات و لەبەردەم ئاوێنە سەیری خۆی دەکات ، ئەو بە جەستە لە گەڵی نەماوە بەڵام ، هەشتا هەر لەگەڵیدا دەژیت ، بە پاندانەکەی لاسایی ئیمزا و دەست و خەتی ئەو دەکاتەوە ، بە تەزبەحکەشی یەک یەک دەنکە یادەوەری و مەراق و خەون و ئومێدەکان دەژمێرە ، یەک یەک ڕۆژە تەنیاکان و شەوە سەختەکان و ڕۆژە ڕەشەکانی عومری دەژمێرێت . ئیتر ژیان بەسەربردن لەگەڵ چەند کەلوپەلێکی سادەی بەهەست و گیان بەڵام ، لەخەیاڵی ئەو ڕەحیان لەبەردایە و قسەی بە دەکەن .. لەدواجاردا وەک ماکۆکی ڕەشپەشی دەشکاو ، دەرگای قەفەزەکە دەکاتەوە و پشت لەژیان دەکات و بە تاقی تەنە لەنەو قەفەزەکە دەمێنێتەوە و یاخی دەبێت لەو ژیانە ، کە دواتر ڕوونتر قسەی لەبارەوە دەکەین ، ژیان هیچ بەهایەکی مرۆیی تیادا نامێنێتەوە ، ژیان بەتەنیایی و لەنەو قەفەزدا و ژیان لەگەڵ چەند کەلوپەلێکی سادە و سەرتایی ، شکەمەند و سەرفرازترە بە ئەو ، لەنەو قەفەزەکە دەمێنێتەوە و (بە زایەڵە و فوغانەوە ، بەت دەخوەنم ..!) ئیتر تەواو دەستبەرداری ژیان دەبێت و بەتاهەتا لەنەو قەفەزەکدا لەگەڵ یادەوەرییەکانی بازەکەی خۆی دەژی و بە زایەڵەی فوغانەکی خەمناکەوە بە تا ئەبەد بەی دەخوەنێت ..!

لە شوانی بەفرانباردا ، خەشویستیم سپی سپی ئەچێتەوە

لە شەوانی بەفرانباردا ، لەناو ماڵێکی سپیدا گوڵێکم ڕۆش
لا دارستانێکی سپیدا ئاسکێکم ڕۆش ، لە شەوانی بەفرانباردا
وەکو کولوو بەبە خشپە دەیتە لام و دەیتە ژوورە ..!

تازە ئەو لەناو قووڵایی وشیاری خەیەوە بەیاری ئەوەی داوە کە ، وەک کەسێکی یاخی دەست لەژیان و دەوروبەر بەربدات و تەنها و تەنها بە خەیاڵ لەگەڵ بازکەی خەی و ئابردووە جوانەکەیان بژیت ، لەم پەناوەدا وەرزەکان و ساڵەکان و ڕۆژ و شەوەکان یەکبەداوایەک بەیەدەکات ، لە شەوانی زستانی بەفرانباردا ، لەهاویندا ، لە بەهاردا ، لە پاییزدا ئەو هەر بەتەنیا لەگەڵ ئەودا دەژیت .. ئەمە دوابەیارە و یاخیبوونێکی ئەبەدییە ، هەمیشەش هەستەکانی بە بازکەی خەی گەرم و گەرمتر دەبنەوە ، تەنیایی و سەختی ژیان و برسییەتی عەشقە گەورەکەی بە بازکەی وەک هەمیشە هەر بە گەورەیی و زیندوویی دەمێنێتەوە ، (لە شەوانی بەفرانباردا خەشەویستیم سپی سپی دەچێتەوە ، لە شەوانی بەفرانباردا ، لەناو ماڵێکی سپی گوڵێکم ڕۆش ، لە دارستانێکی سپیدا ئاسکێکم ڕۆش … !) لەگەڵ ئەوەی ئەم دەقە چیڕۆکە شیعرە و دەکرە لە ڕووبەرێکی فراوان کرانەوەی زمان تیا بەرجەستە بێت ، بەڵام (شەرکە بەکەس) بە توانایەکی شیعری بەهێز لەنێو ئەم دەقە شیعرییەش ڕۆچاوی پێکهاتە شیعرییەکانی کردووە و لە ڕووی زمانەوە تا ئاستێکی باش لەنێو ڕووبەری شیعر ماوەتەوە ، زمانێکی شیعری و وشەی پاراو و ڕستە و دەستواژەی شیعری جوان ،، ئەوەی زەر سەرنجڕاکێشە ، لەم دەقە پرسیار پێکهاتەیەکی بەرچاو و قووڵاییەکی بەئەندازەی بە دەقەکە بەخشیوە ، هاوکات لەم بەشەی سەرەوە و لە چەندین شوێنیتر ، پارادەکسی ڕوون و دەگیرمان پێشکێش دەکات ، ئەمەش بەست و جوانییەکی زەتری بە دەقەکە بەخشیوە ، هەروەک لە دوو ڕستە شیعرییەی سەرەوە کە (لەنێو ماڵێکی سپیدا ، گوڵێکم ڕۆش .. لە دارستانێکی سپیشدا ئاسکێکم ڕۆش ..!) پارادەکسێکی جوانی لەنێوان ڕەنگەکانی (ڕۆش و سپی) پێکهێناوە ، ئەمەش جوانییەکی زەتری بە شیعرییەتی دەقەکە بەخشیوە .

هەر لەدوای تۆ لەدوای کەچی سوور و خەرات بەچەند مانگێ
لەگەڵ وەعدەی ئەوەینی ماچ و موچی هەندێ گوڵی
زوو ڕسکاوی ، تازە مەمک کردووی
ئەم خاکەدا ، لەگەڵ وەعدەی یەکەم هەتاوی دەس گەرم و
ئەشق شکاوی سەرمادا
هەر لەدوای تۆ بە چەند مانگێ
گەورەترین بوومەلەرزەی ئاودامانی ئەم مەژووە

ئەم نەخشەیە .. هات و ڕوویدا
مەزنترین لافاوی خەڵک سەڵاوی سەر
سەڵاوی دەست و هاوار و گەردنی خەڵک
هات و ڕوویدا
بە سامترین ڕاپەڕینی خوێنی ئەمە
هات و ڕوویدا
ڕاپەڕینی چەترین خەمی دیرکمان
ڕاپەڕینی بەرد بە بەرد و
داربەداری ئەم کۆوانە
ڕاپەڕینی بازووکانی جادەو گەڕەک
ژن و منداڵ
ڕاپەڕینی خەشوویستی
لافاوی قاچ ، لەشاوی دەست ، سەڵاوی لەش
باهەزی دەنگ
بوومە لەرزەی کەت و زنجیر
هات و ڕوویدا
وەک تەلیسمە وەک ئەفسانە
وەک خواوەندی ئازادی هات
بە یەکەمجار دەمی بەستراوی مەژوومان
کرایەوە و هەناسەی دا
ئاخ بازەکەم !
تە لە کوێ بووی …؟!

ئەم دەقە شیعرییە / لەگەڵ باسکردن لە عەشقەکی گەورە و باسی خەباتی شاخ و پەشمەرگایەتی و هاوکات لەنەو هەناوی خەیدا بە زمانی شیعر مەژووشمان بە دەگەڵتەوە . هەردوای چەند مانگەک دوای شەهیدبوونی بازەکە ، ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ دەست پەدەکات .. (هەر لەدوای کەچی سووری تە بە چەند مانگە ..!) ، ئیتر (شەرکە بەکەس) بەشوویەکی زەر جوان و نایاب باس لە ڕاپەڕینە جەماوەرییە سەراسەرییەکەمان دەکات ، باسی کات و شوێی گەو بەسەی خەڵک لە هەموو ئاستەکان و بەشدارییەکی تەکەایی و پەکەوەیی .. ڕاپەڕین و هەستانی گشت ، پەشاندانی تامەزرەیی و تەنوەتی مرۆڤکان بە ئازادی و سەربەستی .. دەستەواژە و ستە شیعرییەکان بە شوویەکی ئیستاتیکی و هونەری داڕژراون .. ڕاپەڕین لەسەرەتای بەهار بوو ، (شەرکە بەکەس) دەڵێ ،(لەگەڵ وەعدەی ئووەینی ماچ و موچی هەندە گوڵی زوو ڕسکاوی ، تازە مەمک کردووی ئەم خاکەدا ، لەگەڵ وەعدەی یەکەم هەتاوی دەس گەرم و تەشق شکاوی سەرمادا …) ، باس لەو زەمەنە

دەکات ، دوای تەپڵینی وەرزی زستان و شکانی تەوقی سەرما و لەگەڵ بەهێنی یەکەم هەتاوی گەرم و ماچوموچی گوڵەکان و بەرگی جیاوازی خاک .. لەم زەمانە (مەزنترین لافاوی خەڵک ،سەڵاوی دەست و هاوار و گەردنی خەڵک هات و ڕوویدا ، … ئاپۆینی چەترین خەمی دیرەکمان ، ئاپۆینی بەرد بەبەرد و داربەداری ئەم کەوانە ، .. بووەلەرزەی کەت و زنجیر هات و ڕوویدا ..!) ، لە کەتایی ئەم کەپلە شیعرە بە جوانترین دەستوازەی شیعری باس لە ڕووداتی ئاپۆین و ئامایینی ئیستبدادی و جەور و ستەم دەکات ، هەڵهاتنی ڕۆژکی نوە و خەڕەی ئازادی .. دەڵێت (بە یەکەمجار دەمی بەستراوی مەژوومان کرایەوە و هەناسەی دا ..!) بە یەکەمجار ، پە بە سییەکانمان شنەبای ئازادیمان هەڵمژی و دەمی بەستراوی مەژوو و خەون و ئاوات و ئومەدمان کرایەوە .. بە یەکەمجار گەیشتین بەو ڕۆژەی بە ئاکامی دە بتوانین قسە بکەین ، بنووسین ، هاوار بکەین ، تەنانەت بە ئاکامی دە بیربکەینەوە و خەون ببینین ..! بەڵام بە ژنە ماکەوە ڕەشپۆشەکە ، ئەگەر بەدیوەکدا ئەویش بەهرەمەند بێت لەم دەمکرانەوە و هەڵمژینی هەوای ئازادییە بەڵام لەهەمانکات تراژیدیاییکی گەورەش ، چونکە هەردوای چەند مانگێک بە لەدەستدانی بازکەی ئەم ئاوگەو ڕۆژگارە نوێیە هات و ئاپۆین ڕوویدا ، زەمەنێکی کورت تەنها چەند مانگێک و هیچیتر ، بەیە لەنەو قووڵایی هەست و خەمکانی ئەم پرسیارە دووبارە دەکاتەوە و دەڵێت (ئاخ بازکەی من تە لەکوە بووی ..!؟) . ئاپۆین ڕوویدا ، خەڵک تەکەا هەوای ئازادییان هەڵمژی و زەمەنی دوای ستەمی بەعسییان بینی ، لەسەر قسەکردن لە چەمکی شەش و ئاپۆین و ماناکانی دواتر لە سیاقی ئەم لەکەینەوەمان هەوەستەی لەسەر دەکەین و قسەی زەترمان دەبێت لە دوای پەراوێزی یاداشتەکاندا ماکەوە ڕەشپۆشەکە بە خەتێکی درشت نووسیبووی :

(دوای ئازادیش ڕۆژ هات و ڕۆی ، پاک هات و
پیس هات و بەڵام پیس هەر نەڕۆی ، ڕوون هات و
لەڵ هات و بەڵام لەڵ هەر ڕوون نەبەوە ، چەق هات و
قوربانی هات و کەچی چەق تیژتر بەوە . بای سپی هات و
بای بەر هات و بەڵام بای بەر هەر گڤی گڤی بوو . ئاوی
سەوز هات و ئاوی ڕەش هات و کەچی ئاوی ڕەش
هەر نەڕۆشت و هەر پەنگی خواردەوە . ئاسمان هات و قەفەز
هات و کەس نەهات بەلامەوە و من و برستی و
تەنیایی و ئەم قەفەزە هەر ماینەوە)

لە نێو هێناوی ڕۆژگارێکی نوێ و دوای هێناسەدان و دەمکرانەوەی مەژوو و ڕۆژگاری ئازادی ، ماکەوە ڕەشپۆشکە ، ژنە شەهیدێکی قارەمان و گیانباز ، بە خەتەکی شاش و گۆرە ئەم یاداشتە دەنووسەتەوە ، کە وێنەی تراژیدیایەکی گۆرە و خەمێکی قووەمان بە ڕەسم دەکات .. لە پشتی دەر بە دەری یاداشتەکانی ، تراژیدیایەکی ڕەش دەبینین .. هاوکەشکان بەم ئاراستە ڕەیشتن / پاک هات و پیس هات و بەنام پیس مایەوە و نەڕەیشت ..! ڕوون هات و لەڕ هات و بەنام لەڕ مایەوە و هەر ڕوون نەبەیەوە ..! چەقە هات و قوربانی هات و کەچی چەقە تیژتر بەیەوە ..! دواجار دەڕەت / ئاسمان هات و قەفەز هات و کەس نەهات بەلامەوە / من و برستی و تەنیایی و ئەم قەفەزە هەر ماینەوە ..! دەکرا هاوکەشکان بە ئاراستەیەکی تردا بڕۆن ، دەکرا هەموو شتەکان پەچەوانە بووایە ، چ شەرمەزاریەکە ژنە شەهیدێکی قارەمان لە دوای ئاپڕین و ئازادی ئەم یاداشتە بنووسەتەوە ، ئەم یاداشتە تەنها یاداشتی کەسێک نییە بە تەنها ، یاداشت و موعاناتی هەزاران ژنە شەهید و پەشمەرگەی قارەمان و کەسوکاری ئەنفال و زیندانیانی سیاسییە .. موعاناتی هەزاران مرۆڤی ئازیخواز و تەکەشەر و هەژار و نەدارانی ئەم کەمەگە ستەمدیدەی ئەمەیە ، (شەرکە بەکەس) بەزمانی شیعری جوانترین یاداشتی نووسیوەتەوە کە تەعبیر لە موعاناتی میلەتێک دەکات .. دوای ئاپڕین و ئازادی ڕووبەری ناشیرنیەکان و پیسیەکان فراوانتر بوون ، چەقەکان تیژتر بوونەوە و قەفەزەکان هەرمانەوە ، برستی زەتر بوو بە میوانی ماڵە هەژار و نەدار و مرۆڤە تەنیاکان . خەشی و ڕەفاهیەتی خەڵک ڕوو لە دابەزین بوو .

ئەستە ڕەحم قاقەکە و خەڵی سووری تیا ئەبارە . خەڵکی زەرد کەتیرەیی ، بینین کوژ و بە هەواشی ئەنیشەتە سەر تەنیایی و قەفەزەکەم ، سەر برستی و سکی خاڵیم ، ئەملکەنە بە غوربەتێکی تازەوە ، غوربەتی من لەنێو شایی ئازادیدا غوربەتی خوێنی بازەکەم ، نامەیی خوێنی بازەکەم بە هاوڕێ و مەقەی خەی ، غوربەتی مافێکی برسی و ماکەوێکی بە دان و ئاو ، ماکەوێکی بەوژنی تەنیا و ڕەشپۆش ماکەوی ژنە بازێکی لەبیرکراو ..!

لەم کەپلە شیعرەش ڕووبەری تراژیدیاکانی دوای ئازادی گۆرەتر و گۆرەتر دەردەکەون ، نەک تەنها برستی و فەرامۆشکردنی ژنە شەهیدێکی تەنیا ، بەڵکو فەرامۆشکردنی باز و شەهیدە قارەمانەکانیش .. بەبەهاکردنی خوێن و خەبات و گیانبازیەکانیان .. لەم کەشوهەوای ئازادیەدا ، برسیەتی وا لە مرۆڤەکان دەکات ، هەست بە

غەریب و نامەیی بکەن ، وا هەست دەکەن خوێن و لە دەستدانی بازەکانییان ، نامە بێت بەم دنیا نوێیەی ئازادی ، بەم کەسانەی نەو مەقەرەکان و نەو کەشکەکانی دەسەڵات .. وەک ئەوە وایە هەموو شتێک لە بیرکرابێت .. هیچ شەڕش و خەبات و خوێن ڕشتنێک رووی نەدابێت ، ئەم ڕەژگارە نوێیە هەر لەخەرا هاتبێت بوون . هیچ دایکێک جەرگی نەسووتابێ و هیچ گوند و لادێیەک خاپوور نەکرابێت ، قەرتی بیابانەکان بە ئەسک و پرووسک و جەستەی مرۆڤ بەتاوانەکانی ئەم میلەتە ستەمدیدەمان پڕ نەکرابنەوە ..! ئەوە دەستکەوتی ڕاپەڕین و ڕەژگاری دوای ئازادی و ئەوە قەدەری ئەمە بوو ..!

" ئاگاداریەک لە ماکەوە ڕەشپەشکەوە "

(ئەگەر لە ترسی گەڵانەوەی ئەرژەنگی دەو نەبوایە
ئەگەر لە ترسی گەڵانەوەی دەپای تاعوونی بەغدا نەبوایە
ئەمەی ماکەوە ڕەشپەشکان برسیەکانی ئەم قەڵەم ڕەوە
هاوسەر و خوشک و دایکی و بازە پەوباە خوەناوییەکان
بە دەنووک بە دەنووک بە دەنووک
سەدان چاومان هەڵئەکەی و ئەشمان خواردن !)

ئیتر ڕەشنە ، هەزاران گەنج و لاو و کچ و کوانی ئەم کوردستانە ، لەپەناو گەیشتن بە ڕزگاری و ئازادی خەباتیان کرد و گیانیان بەخشی .. بە ئەوە نەبوو ، ژنە شەهید و منداڵە شەهید و خانەوادەی پەشمەرگە و کەسوکاری کیمیاباران و ئەنفال ، برسی و ڕووت و ڕەجالانە بژین و کەسانەکیش خەیان و ماە و منداە و خانەوادەکانییان شاهانە بژین .. خەبات بە ئەوە نەکرا ڕەژ دوای ڕەژ مەودای ئازادییەکان بەرتەسک بکرەنەوە و چەقەکان تیژتر بکرەنەوە .. ئەگەر لەبەر گەڵانەوەی ئەژدیها هارەکەی بەغدا نەبا ، خەڵک بە چەپلە لەدان دەسەڵاتدارانیان شاربەدەر دەکرد و ماکەوە ڕەشپەش برسیەکان و کەسوکاری بازە پەوباە خوەناوییەکان ، هەر بە دەنووک سەدان چاویان هەڵدەکەی .. شەڕش و ڕاپەڕین بە ئەوە نەکرا ، جارەکیتر بچنەوە بەغدا و ئەملاو ئەولای دیکتاتەر ماچ بکەنەوە و ئاستی ورەی شەڕشگەڵانەی خەڵک فەرامەش بکەن و خەڵک نائومەید بکەنەوە . خەڵک هەر لەسەرتاوە دەیزانی ئەم دەسەڵات و حکومەتی کوردییە لەسەر بنەمای دادپەروەری و دیموکراسییەکی ڕاستەقینە دانەمەزراوە ، بەڵام قەبووڵکردنی ئەم دەسەڵاتە بە عەیب و عار و بە هەموو خاروخەچییەکانییەوە ، تەنها مەبەستییان بوو دیکتاتەری بەغدا نەگەیتەوە و جارەکیتر نەبنەوە بە مرۆڤی دەرجە دوو و زیندووەکی مردوو بن ..!

ئەم دەرگای سەربرینانە
کە لەم دەرگایانە ئەدات ؟!

ئەم هەڵانەی بازو داڵانە چەن تەکە
بە یەکتر بوون ؟!
ئەترسم ئەترسم ئەترسم
لەم خەە سوورە ئەترسم
ئەم چەقەیانە چەن هاتنە
ناو بەرەکی سپیەوە ؟!
ئەو گوەکوژانە چەن ئەستا
لەگەە گوەدا هەە ئەپەەن ؟!
ئەم دزانە بەکوەدا هاتنە ژوورەوە؟
چەن گەیشتنە سەر چرپاکەم ؟
ئەو ئەسپانەیان چەن خەساند ؟
ئەو کەوە زلە چەن دزرا ؟
چەن ؟ چەن ؟ چەن ؟

ڕایدەماڵم و
لەنێو خەمدا لوولی دەدەم
یان لەتاو
نەزیفبوونی دەمارەکانی ئارامگرتنم
دوورمەبینە لە چاونوقانەکدا
بە تەکان و هاوارەکم
هەموو گەردوون ژەرەوژوورکەم …!
٥
لە نەوان خۆنەکانی
من و تۆدا

قەسیدەیەکی درێژ هەیە
بە وشەی
چاوبەفرمێسک و خەمناک / نووسراوەتە
بە زمانێکانی هەموو دنیاش / دەخوێندرێتەوە
لە نێوان دڵی من و دڵی تەدا
گوڵێکی سووری گەش هەیە
بە پایزی هەموو سەدەکان
نە سیس دەبە و نەهەڵدەوەرێ و
نەکاڵ دەبێتەوە
٦
گوڵباغی نێو دەزێخی عەشق
بە ئێوەی
خەمەکانی تەنیایی خەمم بیرچیتەوە
دەبە تە لە یادکەم
بە ئێوەی
خەمی دووریی کانی تەشم بیرچیتەوە
دەبە خەم لە یادکەم
٧
تە ئێو شکۆفە شینە شلەرییەی
کە لە نێو باخچەکانی
خەون و خەیاڵەکانم بە ئەبەد / دەدرەوشێیەوە
یان ئێو کەسێی
هەمیشە / هەزی ئێوەم پێدە بەخشی
تا بتوانم /
تەنیاییم لەگەڵ کچێنیت
تاریکی لەگەڵ ڕووناکی
تە لەگەڵ ژیان
دواجار /
شیعریش لەگەڵ نیشتیمان ئاشتکەمەوە
٨
بم خوێننەوە
بەزمانی باران و تریفە
مەرج نییە / وەکو من بیربکەنەوە و
بەو ڕێگایەدا بڕۆن کە من پیایا دەڕۆم
یان وەکو من
تەنیایی بکەنە پەرستگە و ماڵی خەتان
هەر بە تەنیاش بمێننەوە

بەس بمخوێننەوە و هیچیتر
٩
هەموو ژیانم کەکەیتەوە
جگە لە تۆ
هیچ شتێکیتری تیا نادەزیتەوە
تەش هەر لە ئەزەلەوە
لە قەسیدەیەکی درێژی خەمناک دەچووی
بەیەک منیش وا (سی) ساڵە بەبەدەنگی دەتنووسمەوە
١٠
ناوەڕاستی دیسەمبەرە و
پەنجەکانی غەریبیم سە و شینومەر هەڵگەڕاون
گەڕاوەریوەکانی خەیاڵم بە کەناکرێنەوە
دەم لەلای (مناڵە ورتکەی) سەر شەقامەکانی نیشتیمانە
دەمەوێت بەڕووناکی چاوەکانی ئەوان
خەرەتاوی ئومێدەکانم ڕەنگ بکەمەوە
بە کەد و هەمای هاوارەکانی ئەوان
هاوکێشەی بوون و نەبوونم شیبکەمەوە
لەنەو خەونە گەورەکانی ئەوانیشدا
مانایەکی نوێ
بە (شیعر و عەشق و ژیان) دابڕژمەوە
١١
وردە ئەستێرەکان
لەنەو دیوە ڕووناکەکەی خەرەتاو و
لەنەو قیژەی تەمە سپییەکان و بروسکە لەدایکبوون
جارجارە دەن و دەبنە میوانی زەوی
لەنەو چاوە سپییەکەی تاریکی دەمننەوە
منیش هەموو شەوە
چیڕۆکە بەرئاگردانییەکانی عەشقییان بە دەخوێنمەوە
١٢
بەنەو زەمەنەکدا ڕەت دەبم
تیایدا کات مردووە
خەون بە نیشتیمانەکەوە دەبینم
هەموو ڕۆژە بە نوێژی نیوەڕۆوە دەکوژرێ
لەنەو خاکی خەونەکانم
لەهەرکوێیەک قەرتەک هەڵبکەنی
ئەسک و پرووسک دەردەکەوە
نازانم چ مانایەک بەبوونم ببەخشم / ئەی خودا

١٣
من لە کۆتا نەکانی بەدەنگییەوە هاتووم
ئەستاش لە گۆڕەکەکی دەزەخ
بە قەڵەمی ڕۆژوویی
لەنەو دەفتەری ئاگر
چیرۆکە ترسناکەکانی تەنیایی خەم دەنووسمەوە
١٤
چاوەکان و خەونەکانم
پەبوون لە بەفر
خەشم بووم بە پەیکەرەکی شەختەیی
چاوەروانم
کچەکی پاییزی لە جنسی ئاگر
لەنەو تیشکەکانی خەرتاوا دەربکەوە و
بە هەناسە گەرمەکانی / بمتوەنەتەوە
قوفلە ژەنگاوییەکەی دەرگای دەم بشکێنە و
لەگەڵ عەشق ئاشتمکاتەوە
١٥
دەتوانن یەکبەیەک
نینۆکەکانم دەربهێنن
لە بەردەم قەڵا
ئاگر لە جەستەم بەربدەن
هەرچیم هەیە بیسووتێنن
بەس / کتێبەکان و شیعرەکانم نا
دوای مردنیش
کە هاتنە سەرگۆڕم
لە جامخانە بچکۆلانەکەی پشت سەرم
کتێبێک دەربهێنن و بە دەنگەکی نەرم
شیعرەکم بە بخوێننەوە و هیچیتر ...!

هەولێر
دیسەمبەری ٢٠٢٠

شیعر و (دایک و میهربانی) .. ناز حسن

خوندنەوەیەک بە شیعری (دایکم و دەریا لەیەک دەچن) نووسینی (خولیا حسن)

دایک / قەسیدەیەکی درێژی بەردەوامە ، هەمیشە جوانی و سەز و خۆشویستی لەدەژە ، قەسیدەیەکی کراوەیە بە بوون و ناوەکەکی فراوانی گەردوونیەوە ، میهربانیش بەهەمان شێوە ، بوونەکی کراوەو ، مانایەک جگە لە جوانی و خۆشویستی هەگری هیچ هەما و کەدەکی تر نییە ، تەنها دایک بە خەیی و بوونە گەردوونیەکیەوە ، بەخەیی و دەە پە لە خۆشویستی و پە سەزکیەوە ، دەتوانە لە گەە وشەی میهربانی هاوتەریب بەتەوە ، بە بەوانی من چەمکی میهربانی جگە لەدایک ناتوانە ببەتە هەما بە هیچ وشە و کاراکتەرەکی تر . دایک جگە لە زمانی خۆشویستی هیچ زمانەکی تر نازانەت ، گریان و تووەبونەکان و گەرانی و خەمکانیش هەر بە زمانی خۆشویستی دەردەبەیت ، دایک ئەو دەقە شیعرییەیە کە ژیان لەنەویدا بە سەوز و رەنگاوەنگی دەبیندرە ، هەمن و ئارام ، دوور لە هەموو توندوتیژی و مردنەک ، دەەکی گەردوونی وەک ماەیکی گەورە بە مرەقایەتی .. بەیە (شیعر و دایک و میهربانی) دەبن بە هاوکەشەیەک و یان دەستەواژەیەک کە / هەموو جوانییەکانی دنیا لەنەویاندا کەدەبەتەوە ، میهربانی لەگەە دایک بەو هەزە موگناتیسییەوە بەیەکەوە دەنووسەن وەک ئەوەی / لەبنەەتەوە بە یەکتری دروستبووبن . وەک ئەوەی میهربانی لەبنەەتەوە بوونەکی مەینەی هەبەت و جگە لەدایک لە هیچ چەمک و ناوەکیتر نزیک نەبەتەوە ، یان هیچ ناو و چەمکەکی تر بە نیوەکەی تری خەی نەزانەت …! بەم دەستپەکە کورتەمان دەمانەوەت خوندنەوە بە شیعرەکی (خولیا حسن) بکەین بەناوی (دایکم و دەریا لەیەک دەچن) . لەسەرتا دەمانەوەت هەەوەستەیەک لەسەر ناونیشانەکە بکەین و لەهەمانکات / قسەش لەسەر پەیوەندی نەوان (دایک و دەریا ..!) بکەین . ناونیشانەک پە لە ئیستاتیکای شیعری و ناوەکەکی بەهەز .. یەکەک لەو ناونیشانە شیعرییانەیە کە ، ئەگەر هەموو دەقەکە بە تەنیا دەری ناونیشانەکەبووا ، هەرهەمان ئەوقسانەی لەسەرەوە کردوومە دیسان دەمکردنەوە …! ، ناونیشانەک کە ئەو هەزەی لەگەەدایە کە هەموو دەقەکە بخاتە ژێر هەژموونی خەیەوە ، یان جوانییەکانی خەی پەخش بکات بەسەر تەواوی ەووبەری دەقەکەوە

، بەمانایەک لەسەرەتای دەستپێکردنەوە تاکەتایی دەقەکە تەواو بیرکردنەوەی شاعیری داگیرکردووە ، یان شاعیر نەیتوانیوە تا کەتایی دەقەکەی لە پەرەزی ئەم ناونیشانە دوورکەوەتەوە .. هەزی ئەم دەستەواژە شیعریە لەوەدایە / لەکچووواندنی (دایک و دەریا) ..! خولیا بە تەواوی ئاگایەوە ئەم کارەی کردووە ، وە لەم هەڵبژاردنەی واتە هاوتەریبکردنی (دەریا و دایک) سەرکەوتوو بووە . دەریا وەک دایک / بوونەکی فراوان و کراوە و گەردوونی هەیە ، دەریا وەک دایک پەاوپرە لە (جوانی و ئارامی) کە چەژ بە ڕەحی مرۆڤکان دەبەخشێت ، دەریا یانی ئاو ، ئاو توخمەکی سەرەکییە بە ژیان و بوون .. یەکەکە لەو چوار توخمە سەرەکییەی کە فەیلەسوفی یەنانی کەن (ئیپمادەکلیس) فەلسەفەکەی خەی لەسەریان بنیاد ناوە ئەوانیش (زەوی ، هەوا ، ئاو ، ئاگر) وەکچەن ئاو توخمەکی پەویست و سەرەکییە بە بەردەوامی ژیان دایکیش بەهەمانشیوە ، کەواتە هاوکەشەکەی سەرەوە (شیعر ، دایک ، میهرەبانی) ئەستا دەبەتە / (شیعر ، دایک ، میهرەبانی ، دەریا) کە هەرچوار چەمکەکە بوونەکی کراوەی گەردوونییان هەیە و هەرچوار چەمکەکە بە هەزەکی پتەو بە ژیانەوە پەیوەستن ، ئەو هەزەی کە (فرەدریک نەتچە) بانگەشەی بە دەکات و دەیکات بە بنەڕەتی ژیان و بوون . خولیا لەسەرەتای شیعرەکەیدا دەڵێت ،

دەریا و دایکم لە یەک دەچن
کە غەریبیی دایکم دەکەم
دەچمە کەنارەکی دەریا
نیگاکانم نوقمی قووڵاییەکەی دەکەم
لە جوانی و
لە فراوانی و
لە هەمنی دەریادا
جوانی و
هەمنی و
دە گەورەیی دایکم دەبینم

دایکم و دەریا لەیەک دەچن / ئەوە ناونیشانی شیعرەکەیە ، دەبینین چەن پرشنگی خەی پەخش کردووە بەسەر ەووبەری دەقەکەدا ، (خولیا حسەن) لەرە هەندەک لە سیما و سیفاتە سەرەکییە هاوبەشەکانی نەوان (دایک و دەریا) دەخاتە ەوو، (جوانی ، فراوانی ، هەمنی) ، لای ئەو دەریا وەک دایک / جوان و فراوان و هەمنە ، بەیە هەرکاتەک غەریبی دایکی دەکات دەچەتە کەنار دەریایەک ، لەسەر رووی ئاوەکە ەوخساری دایکی دەبینەت ، دەگەورەیی دایکی و جوانی و هەمنی و هەمووشتەکی دایکی چونکە ، لای ئەو (دایک و دەریا لەیەک دەچن) .

لەگەڵ جووڵەی شەپۆلەکانی دەنگی ئاوەکە گەرانییەکان و قسەکانی دایکی بیر دەکەوەتەوە ، هەمان نەغمە و هەمان ئاوازی پڕ سۆز و ڕەحمکی گەردوونی پڕ لە میهر و خۆشویستی . دوای ئەوە دەڵێت /

بیرکردنەوە لە نهێنیەکانی دەریا
بیرکردنەوەیە لە نهێنیی
عەشقە ئەبەدییەکەی دایکم

بەگومان کە دەچێتە کەنار دەریا ، جوانی و فراوانی هەمنی دەریا دەبینێ ، لەو کاتەیە دایکی بیردەکەوەتەوە و بەنەو قووڵایی خەیاڵەکانی ڕەدەچێت ، هەرچەند بەنەو خەیاڵەکانی قووڵتر دەبەتەوە و لە نهێنی و سیحری جوانییەکان و سەراسیمەیی دەریا ورد دەبەتەوە ، عەشقە ئەبەدییەکەی دایکی لەلا فراوانتر و سیحراویتر دەبەتەوە ، چونکە نهێنییە ئەفسوونییەکانی دەریا لە نهێنییە عەشقە ئەفسوونییەکەی دایک دەچێت . خولیا لە کەنار دەریا لە وەناکردنی لەگەڵ بیرەوەرییەکانی خەیی و دایکی زێتر بەنەو خەیاڵەکانیدا ڕەدەچێ و زێتر نهێنی و خاڵە هاوبەشەکانی نێوان دایک و دەریا وەنا دەکات و دەڵێیت .

دەریا و دایکم
وەکوو یەکن
هەردووکیان
گوێ لەگەمەی کوکوختی گلەییەکانم دەگرن
کەشیان بە فرمێسکەکانم دەکەنەوە
خەمەکانم لە دەی خەیاندا هەڵدەگرن و
گرەی نهێنییەکانم لای کەس ناکەنەوە
کە گوێ لە دەریا ڕادەگرم
وادەزانم گوێم لە (هەدای) خەم گرتووە
لە گەڵ بیستنی دەنگی شەپۆلەکانی دەریا
قاقای پێکەنینە خۆشەکان
لایلایە بە سۆزەکان
نەغمەی مەقامە حەزینەکان

سۆزی سەردوولکە دە سووتێنەرەکانی دایکمم بیر دەتەوە خۆشویستی دایک و بیرکردنەوە لەدایک وایلەدەکات ، بیر لەهەموو شتێکی دەریا بکاتەوە ، لە شتە وردەکانیش بەوانەت ، هەندێ بە هەستیارییەوە لە ئاوەکە دەڕوانێ و هەموو جووڵەیەک واتادار دەبێ و یادەک یان شتێکی دایکی بیردەهێنەتەوە ، لەنەو قووڵایی ئەم بیرکردنەوەدا بە بەرینایی دەریا لەسەر ڕووی ئاوەکە سیمای دایکی دەبینەت ، هەموو ئەو شتە جوانانەی دایکی بیردەتەوە ، کە ئەوشتانە لە دەریاش بەدیدەکات ، بەیە هیچ بوارەک بە گومان ناهێڵتەوە بە

یەقینەکی گەورەو دەبێت ، (دایکم و دەریا وەکو یەکن ..!)
ئەمجارە نابێت لەیەکدەچن ، دەبێت وەکو یەکن . دەبێت / هەردووکیان
گوە لە گەمەی کوکوختییەکانی خەمەکانم دەگرن ، کەشیان بە
فرمێسکەکانم دەکەنەوە ، گرەی نهێنییەکانم لای کەس ناکەنەوە ..! بە
هەموولایەکمان ڕوونە کە دایک میهرەبانترین و دەسزترین کەس بە
منداڵەکانی ، دەی دایک شوێنی هەموو خەمەک و نهێنییەکی تیا
دەبێتەوە ، دەریاش بەهەمان شێوە ، پڕاوپڕە لە نهێنی ، هەزاران
مرۆڤی دەشکاو بەدەم وێنەوە خەمەکانی بە دەریا باس دەکەن ،
هازاران عاشق لە کەنار دەریاکان نهێنی و ڕازی دەی خەیان باسدەکەن
و هەمووشتێک هەرچییەک لە قووڵایی دەیاندایە باسیدەکەن ، دەی
دەریاش وەک دەی دایک جێگای هەموو نهێنییەک و زام و ئازارەک
دەگرێت ، ئارامترین کەنارە بە مرۆڤە غەمبارەکان و نائومێدەکان و
دەشکاوەکان و تەنانەت بە کەسە کەیفساز و دەخشەکانیش ، ئەوەتا بە
ڕوون و ئاشکرا دەبێت / کە گوە لە دەریا ڕادەگرم ، وادەزانم گوە
لە هەدای خەم ڕادەگرم ، لەگەڵە بیستنی دەنگی شەپۆلەکانی دەریا ،
قاقای پێکەنینە خۆشکان ، لایلایە بەسۆزکان ، نەغمە حەزینەکان ،
سۆزی سەردوولکە سووتێنەرەکانی دایکمم بیردێتەوە ..! بە هەناوەوەی
ئەم هەموو فاکتە لەیەکچووانە ئیتر بوارێک بە گومان نامێنیتەوە
دەبێت (دایکم و دەریا) تەواو وەکو یەکن ، (هەدا) بە دیالێکتی
هەولێری یانی (دایە) ، دیارە ئەو بیرکەیەش کە دایکم و دەریا
وەکویەکن ، ڕەهەندێکی مەعریفی و زانستی لە پشتە ، چونکە بە پێی
(تیۆری پەرەسەندن) ئاو یان دەریا دایکی هەموو بوونەکانە ، ژیان
لە ئاوەوە هاتووە . ئەم دەقە لەڕدا جگە لەلایەنی جوانکاری
قووڵاییەکی مەعریفیشی هەیە . ئیتر لەسەر ئەم وەکویەکبوونە
بەردەوام دەبێت ، تا بە وشیارییەوە بتوانێ ئەو یەقینە لای
خوێنەریش دروستبکات بەیە فاکتی گەورەتر و باسدەکات دەبێت ،
دەریا وەکوو دایکمە
نە پیس دەبێت نە پیر دەبێت
تائەبەد
هەر بە جوانی
دەمێنێتەوە
باس لە بەرائەت و پاکی دایک دەکات ، کە هەیە گومان لە پاکی دایک
بکات ، یان مانەوەی دایک وەک بوونێکی ئەبەدی ، لەڕە کە دەبێت
نەپیر دەبێت ، مەبەستی تەمەن و شێوەی جەستە نییە ، مەبەستی دایک
وەک بوونێکی ئەبەدی و وەک بوونێکی گەردوونی تا ئەبەد لەنێو بوون
و یادەوەرییەکان دەمێنێتەوە ، کەس هەیە دوای مردنیش خۆشویستی بە
دایکی یەک زەڵە کەمبکاتەوە ؟ یان بتوانێ کاریگەری دایکی لەنێو

ژیان و یادەوەریەکانی بسەیتەوە ، ئە کەوایە دایک بوونەکی ئەبەدی هەیە و پیرنابێت ، دەریاش وەک دایک وایە نەپیس دەبێت نە پیر دەبێت . من پەمواید خولیا لە باسکردنی سیما و ڤەفتار و ئەدگارەکانی دایک هاوکات بینینی ئەم سیما و ئەدگارانە لە دەریاشدا زەر سەرکەوتوو بووە و قووڵایی و جوانکاری بەونەی بە شیعرەکەی بەخشیوە . لە خەیاڵەکانی بەردەوام دەبێت و دەڕۆێت

دایکم و دەریا
هەردووکیان بینای چاو و
هەناسەی سیەکانممن
عەرشی دەیان داگیر کردووم
بە ئارامی لە سەر فەرشی ڕەحم نوستوون
هە دایە گیان
لە دووری تە
لە کەنارەکانی دەریای ئەم نیشتیمانە دەتەڕێ
ڕۆژکانم بەسەر دەبەم
ئەم وەاتە هیچ شتەکی لە نیشتمانەکەی خەمان ناچە
دەریا نەبە ، وەک عەشقی تە و وەک جوانی تە قەت نامرە !
ئیتر تا ئەرە هەوەیداوە کتومت ئەوە پەشان بدات کە دایک و دەریا لەیەکدەچن یان وەکو یەکن .. ئینجا لەرەبەدوا لەنەو هەستی غەریبیدا و لە کەنار دەریایەک بەنەو قووڵایی خەیاڵە خەمناکەکانی خەیدا ڕە دەچیت ، لە قووڵایی ناخییەوە هەستەکانی خەی دەنەتە قسە و دەڕۆ (دایکم و دەریا هەردووکیان ، بینای چاو و هەناسەی سیەکانمن ..) هاوکات وەک خەشویستی بە دایکی ئەو خەشویستییەش بە دەریا دەردەبڕێت ، تا ئەندازەی بینای چاو و هەناسەی سیەکان ، چونکە (دەریا و دایک) لای ئەو وەکویەکن ، بەیە هەردووک عەرشی دەیان داگیرکردووە و بە ئارامی لەسەر فەرشی ڕەحی نووستوون ، شیعرەکی ناسک و دەستواژە و وشەی شیعری چەژبەخش ، ناسک و جوان وەک ناسکی و جوانییەکانی دایک و دەریا .. یان لەنەو خەیاڵەکان و هەستەکانی قسە لەگەڵ دایکی دەکات و دەڕێت / هە دایە گیان ، لە دووری تە ، لە کەنارەکانی دەریای ئەم نیشتیمانە دەتەڕێ ، ڕۆژکانم بەسەر دەبەم ، ئەم وەاتە هیچ شتەکی لە نیشتیمانەکەی خەمان ناچە دەریا نەبە / وەک عەشقی تە وەک جوانی تە قەت نامرە ..! هەرچەندە شاعیر لە وەاتەکی جوان و ڕەنگین دەژی و وەاتەک کە هەموو شتەکانی جیاوازە لە نیشتیمانەکەی خەی کە ، هیچ شتەکی لە نیشتیمانەکەی خەی ناچێت ، سروشتەکی جیا و کلتوورەکی جیا و هەموو شتەکی جیا تەنها دەریا نەبە ، چونکە دەریا و دایکی لەیەکدەچن یان وەکو یەکن ، دەریا وەکو عەشقی دایک هەمیشە جوانە و هەرگیزیش

پیرنابێ . دوای ئەوە هەندێ وەسف و دیمەنی شیعری ناوازە و نایابمان بە وێنەدەکات و دەڵێت ..
کە تیشکی خۆر ئاوێزانی دەریا دەبێ
ئەوە تیشکی خەندەکانی دایکمە
لە نێو ڕەحمی ئەو و
لە نێو چاوەکانی مندا
دەشنێتەوە
لەو ساتەدا
دەم هەشووی خەندە دەگرێ
ڕەحم قاقا پێدەکەنێ
چاوەکانم هەرچی تیشکی دەریا هەیە دەیان مژێ
کە لە شینی ڕوخسارە ڕوونەکەی دەریا قووە دەبمەوە
بە هەستێکی شاعیرانە و بە چاوێکی وردبینەوە لە دەریا دەڕوانێ ، لەو دەمەی تیشکی خۆر ئاوێزانی دەریا دەبێ ، ئەو دیمەنە بەراورد دەکات بە درەوشانەوەی خەندەکانی دایکی کە لەنێو چاوەکانی دەردەکەون یان / تیشکی خۆرتاوی خەندەکانی دایکی لەنێو چاوەکانی دەشنێنەوە ، لەوساتەدا هەندێ دەخەش و کەیفساز دەبێ تا ئەندازەی ئەوەی ، دەی هەشووی خەندە دەگرێت و ڕەحمی قاقا پێدەکەنێت ..!
دیمەنێک جوان و هەستێکی پاکوبێگەرد ، ئیتر لەودەمەدا لەتاو درەوشانەوەی خۆری خەندەکانی دایکی ، چاوەکانی هەرچی تیشکی دەریا هەیە هەڵدەمژن و ئاوێزانی قووڵایی شینێتی ڕوخساری دەریا دەبن .
لەکۆتایی ئەم شیعرە و لەگەڵ هەموو تەنگژەکانی غوربەت و دووری و تەنیایی و بیرکردنی دایک ، هەست بە ئارامییەک دەکات وەک ئەوەی گەیشتبێتە کەناری ئارامی و بە دەخەشییەوە دەڵێت ،
هەندێ دەخەش و هەندێ ئارام و
منداڵ دەبمەوە
وادەزانم لە ژێر ئاسمانی چارەکە شینە
ئەفسووناویەکەی دایکم
خەم شاردەتەوە
نە عەشق دەمسووتێنێ
نە خەشەویستی ئازارم دەدا
نە خەم زەفەرم پێ دەبا
نە شەکەتی پێم دەزانێ
نە تەمەن لەگەڵ خەی دەمبا
نە دەڵان تەکم دەشکێنێ
نە غوربەتیش دەمگریێنێ ..!
دوای ئەوەی تەر لە بەرینایی دەریا و جوانییەکان و نهێنیەکان و

دیمەنە دڵگەشەکان دەڕوانە و هاوکات تەر لە ڕوخساری دایکی و بەسەرکردنەوەی یادەوەریە شیرینەکان ، ئیتر دەخشیەک جەستە و ڕۆح و خەیاڵ و بیرکردنەوەکانی دادەپۆشی دەڕۆت / هەندە دەخش و هەندە ئارام و منداڵ دەبمەوە ، (وا دەزانم لەژێر ئاسمانی چارەگە شینە ، ئەفسوونا ویەکەی دایکم . خەم شاردەتەوە ..!) ، بە بەوای من ئەو دەرە شیعرە یەکەکە لە هەرە دەستەواژە جوانەکان و قووڵەکانی ئەو دەقە شیعریە ، کە جوانییەکی بەونەی بەرجەستە کردووە لە هەماکردنی ئاسمان بە چارەگە شینەکەی دایکی ، تا بەی لەکچووانەکی شیعری و نایابە ، لە کەنار دەریا دانیشتووە لەژێر ئاسمانەکی شینی بەگەرد ، وا هەستدەکات لەژێر چارەکە شینە ئەفسوونا ویەکەی دایکیەتی ، بەیە دەخشە و وادەزانت گەیشتەتە کەناری ئارامی ، چونکە باوەشی دایک و خەشاردنەوە لەژێر چارەگەی دایک ئارامترین شوێن و پەناگەیە ، هەربۆیە لەو شوێنە ئارامە (نە عەشق دەیسووتێنە ، نە خەشویستی ئازاری دەدا ، نە خەم زەفەری پەدەبا ، نە شکەتی پەیدەزانە ، نە تەمەن لەگەڵ خەیدا دەیبا ، نە دەڕان تەکی دەشکێنە ، وە نە غوربەتیش دەیگرێنە ..!) ، کەتاییەک و نەخشادنی دیمەنەکی ئارام و پە ئیستاتیکا و چێژ . کە لەسەرتای شیعرەکەوە تا کەتایی / لە ئەنجامی بەرجەستەکردنی جوانی ، چێژ و ئارامی بە ڕەحی خوێنەر دەبەخشێت . ئەوەی زەرگرینگ و جێگەی هەڵوەستە لەسەرکردنە لەم دەقەدا کە ، هاوکیشەیەک بەرجەستە دەکات لە نێوان چەمکەکانی (شیعر / دایک / میهرەبانی / دەریا) ، ئەم چوار چەمکە بە بوونەکی کراوەو گەردوونی تەکڕاوبوون و ئاوەزانییەکی توندوتۆڵ لەنێوانیاندا دەنەخشێنە ، وەک چوار توخمە سەرەکییەکەی (ئیپمادەکلیس)ی فەیلەسوف ، ئەوانیش (زەوی / هەوا / ئاو / ئاگر) . گرینگ و پەویستن بە ژیان و گەردوون . (شیعر و دایک و میهرەبانی و دەریا) دەبەتە هاوکێشەیەک کە لەو توخمە سەرەکییانە پێکهاتوون کە / ژیان و مرۆڤایەتی بەبە ئەم چەمک و توخمانە تەنانەت گەردوونیش مانایەکی نابەت ، ئەمەش کاکڵە و ناوەڕۆکی ئەم شیعرەیە ، من دەستخەشانەی گەرم لە خولیا دەکەم ، بە دەنیاییەوە دەڕەم شیعری (دایکم و دەریا لەیەک دەچن) ، یەکەکە لەو شیعرە ناسک و نایابانەی کە بە (گەورەیی و میهرەبانی و جوانی دایک) نووسرابەت ، هەندە بەڕەم کە (خولیا حسێن) شاعیرەکە خاوەن ئەزموونەکی دوور ودرێژە لەگەڵ شیعر بەڕام ، ئەزموونەکی (پەرشوبڵاو) ، وا پەویست دەکات ، خەی کەکاتەوە و گرینگی زەتر بە تواناکانی خەی بدات بەرامبەر بە شیعر ، چونکە داهێنان پەڕسەیەکی لەخەڵا و عەفەوی نییە بەڵکو ، ئاگایی و وشیاری و مەعریفەیەکی قووڵی دەوەت .. لەکەتایی دەڕەم / سەاو لە میهرەبانی دایک ، سەاو

لە جوانی دەریا ، سەاو لە شیعر و داهێنان …!

دیسەمبەری ٢٠٢٠

سەرچاوە :
شیعری (دایکم و دەریا لەیەک دەچن) نووسینی / (خولیا حسەن)

شیعر و (مارتن هایدگەر) .. ناە حسەن

با لە چەمکی نیگەرانییەوە دەستپەبکەم ، زەرجاران گتومانە شاعیر بوونەکی نیگەرانە لەنیو کایە مەعریفییەکاندا ، نیگەرانی شاعیریش لەوەوەیە کە ەاستەوخە پەیوەندی بە داهێنانەوە هەیە ، واتە شاعیر لە هەوەی ئەوەدایە کە / بتوانێت تا ئاستەکی بەند داهێنان بەرهەمبهێنێت .. دیارە لەرەدا مەبەستمان لەو شاعیرانەیە کە خەونی گەورەیان هەیە بە داهێنان و نیگەرانییەکەشیان هەر لە ەاستای ئەو خەونە سەرچاوەی گرتووە . ئەمە لە کتەبی (گەیشتن بە ەووبەری شیعر) ، بەجەرەکی تر باسمان لەو شاعیرە داهێنرانە کردووە و گتومان (شاعیربوون شوێنکەی لە هەورازەکە هەموو شیعرنووسەک ناتوانێ بیگاتە ..!) ، شیعرنووس / لەلای ئەمە ئەو کەسانەن کە شیعر دەنووسن و شیعرکانییان لە دەرەوەی رووبەری شیعر دەمێننەوە ، هاوکات خەشییان ئەو کەسانەن کە خەونی گەورەیان نییە بە داهێنان یان توانای داهێنانییان لە ئاستەکی دیار و بەرچاودا نابێت ، لای ئەمجەرە شیعرنووسانە (چەمکی نیگەرانی)ش بەو شێوە تەخە خەی دەرناخات ، تەنها وەک کەسەکی ئاسایی ەەژیەک لە نیگەرانییان لەلا دەردەکەوێت ئەویش / لەبەرئەوەیە کە نیگەرانی خەسلەتەکی بوونە و لە هەموو کەسەکدا هەیە . لەباری فەلسەفییەوەش (چەمکی نیگەرانی) لەسەر هاوکەشەیەک ئیشدەکات ، کە لەکدژی یان (هاودژی) ئاشکرای لەبوون دەردەکەوێت ، واتە هەزگەلیک لەناوەوە کە جەەوی تاک بە دەستەوە دەگرن و جووەەی ئاراستەکانییان دیاری دەکەن ، ئەم هەزە ناوخەییانەش (غەریزەکان و خەون و حەز و ئارەزووەکانی تاکە) ، یان باری (ناخودئاگایی) ، هاوکات کاریگەری هەزگەەەکی دەرەکیش وەک کاریگەری (کلتووری ، ئایینی ، سیاسی ، ئایدیەلەژی ،

قوتابخانە ، خەزان … هتد) کە زەربەی کات ئەم دوو هەزگەلە ئاراستەی پەچەوانە وەردەگەرن ، واتە هەزە ناوکییەکان و دەرکییەکان زەربەی کات و هەمیشە ئاراستەی هاودژیی و پەچەوانەیی وەردەگرن ، لە ئەنجامی ئەم هاودژی و پەچەوانەییە ، کاریگەرییەک دروست دەبە ئەم کاریگەرییە باری نیگەرانی لای تاک دروست دەکات ، لەباری (دەروونزانییەوە)ش لەلای (سیگمەند فرەید)یش هەر بەوجۆرە بەڵام ، ئەو بەشەویەکیتر تەعبیری لەکردووە ، کە مەشکی مرۆڤی دابەشکردووە بە سەبەش (ئیگۆ ، سوپەر ئیگۆ ، ئەد) بەمانای (من ، منی باڵا ، ئەد) ، واتە ململانێی نێوان (من و ئەد) ، (ئەد) ئەو بەشەیە تەواو لەژێر هەژموونی ناخودئاگایی دایە و نوێنەرایەتی (غەریزەکان و ئارزووەکانی خود) دەکات ، (ئیگۆ یان من)یش تەواو لەژێر هەژموونی واقیع دایە نوێنەرایەتی (هەزە دەرکییان) دەکات ، زەرجاران ئەم دووبەشەی مەشک بە ئاراستەی پەچەوانە دەڕۆن و هەمیشە هاودژ و ناتەبان ، لەباری (بوونگەراییەوە)ش ، بەو پێیەی لای مارتن هایدگەر (بوون بنەڕەتی هەموو هەبووکانە) هاوکات / بوونی ئاگامەندانەی مرۆڤی بە (دازاین) ناوبردووە ، (دکتەر محەمەد کەمال) لە کتێبی(نیشتیمانی فەلسەفە) بە ڕەشنی باس لە چەمکی نیگەرانی دەکات ، وەک ئەوەی مرۆڤ هەمیشە لە جەنگەکی بەردەوام دابێت چونکە / هەروەک دەڵێت (ئەگەر من ڕەگە بدەم کەسانی دیکە بەیار لەسەر پەژیەکی بوونی من بدەن ئەوا لەو حالەتەدا خەم ناڕەسەن دەکەم و بە نامەیی دەژیم ، لە کاتێکیشدا نامەوێت واز لە حەز و هەڵبژاردەی خەم بهێنم تووشی بەرەنگاری دەبمەوە و دەکەومە جەنگی ڕەسەنایەتی و نارەسەنایەتی ..!) .

(مارتن هایدگەر)یش لە کتێبی (بوون وکات) دا لە بەشی شەشەم / نیگەرانی وەکو بوونی دازاین دا ، ئەو پێیوایە (نیگەرانی شەوازی بوونە لە جیهاندا ..!) ، نیگەرانیی / لەرەوییە کە مرۆڤ لە هەوەی بەخشینی مانا و ناوەکەکە بە بوون لە نەو جیهاندا ، ئەم ناوەک و مانایەی بوون لە ڕەگەی داهێنانەوە بەدەست دێت ، یان مرۆڤ لە ڕەگەی داهێنانەوە تاکو بوونی خەی بەشەوەی کامەتر دەربخات . هەر لەو بەشەدا (هایدگەر) پێیوایە (دازاین ئەو هەبوونە ، کە لە بوونیدا بوون بەی بووە بە کێشە …!) ، ئەمە لەسەرتاوە گوتمان / بوونی مرۆڤ لە نەبوونەوە دێتە بوون یان بوونێکی بەناوەکی هەیە ، مرۆڤ هەمیشە لە هەوەداندایە بە بەخشینی ناوەکەک بە بوونی خەی لەنەو جیهاندا ، لەم هەوەدانە هەمیشە تووشی کێشە و ململانە دەبێتەوە ، بوون بە (دازاین) بووە بە کێشە ، کێشەیەک سەرچاوەی (نیگەرانیی)ە ، ئەوتا (مارتن هایدگەر) بە ڕوونی باری ئەم

نیگەرانییەمان بە دەردەخات و دەڵێ (لە دوودەیدا بوونی سەربەستانەی خۆی هووە و توانایی بە بوون . ڕەسەنانە و ناڕەسەنانە لەگەڵ توخمە کۆنکریتییەکانیدا دەردەکەوێت ..) . هەروەها دکتەر محەمەد کەمال لە کتێبی (فەلسەفەی بوون) لە بابەتی (شوازی داهێنەرانەی بوونی مرۆڤ) ، بە ڕەشنی باس لە چەمکی نیگەرانی دەکات دەڵێت (بە ئەمە دوودەی یان نیگەرانی) نەخۆشی دەروونی نییە و پەیوەندی بە بونیادی ئەنتەلەجی مرۆڤەوە هەیە ، مادام مرۆڤ بوونێکی ناتەواوی هەیە و بە تەواوکردنی بوونی سەربەستانە هوو لە داهاتوو دەکات ، پەویستە دوودە بێت ..!) .

ئەم هوو لەداهاتووە بە تەواوکردنی بوون لەیگەی داهێنانەوە بەدەست دێت ، واتە داهێنان مەرج و جەختکردنەوەیە لە ڕەلی سەرکی بوونی مرۆڤ لە مەژوودا ، یان داهێنان / ویست و مەیلە نازییەکانی هەبوو دەستنیشان دەکات بە تەواوکردنی بوونێکی نوە لە نەبوونەوە ، لەم ڕاستایەش دوو کەشە دێتە بەردەم داهێنان کە لە هەمانکات / دەبنە سەرچاوەی نیگەرانی لە مرۆڤدا ئەوانیش (مردن و نامەبوون) ، (مردن) کۆتایی هاتنە بە داهێنان و بە هەموو پەژرەکانی بوون ، واتە مرۆڤ هەر لەسەرەتای بوونیەوە لەگەڵ نیگەرانی هووبەووە چونکە / بە ماوەیەکی کاتی دێتە نەو ژیانەوە ، واتە لە هەر چرکەو ساتێک ئامادەیە هووبەووی مردن بێتەوە ، نامەبوونیش / جەوشلکردنە بە هەزە دەرکییەکان و ئازیبوونە بە ناڕەسەنایەتی بوون . مرۆڤ نامەکان وەک ئەوە وایە (هەمیشە لە دەزەخدا بژین چونکە (دەزەخ) لە ئاکامی نا سەربەستی و نا ئازادبوونی مرۆڤ دروست دەبێت) . ئیتر لەرەوە دەینە سەر / پەیوەندی (شیعر و مارتن هایدگەر) ، یان گرینگیدانی (هایدگەر) بە شیعر بە بنەما (فەلسفییە بوونگەراییەکەی) ، هەروەک زەرەک لە بیرمەند و فەیلەسوفانیتر کە گرینگیان بە شیعر داوە بە نموونە (جولیا کریستیڤا)ش لە پەناو هەوەکانی بە (شیکردنەوە سیمەلەجییەکەی) گرنگی زەری بە شیکردنەوەی دەروونی داوە ، بە ئەم مەبەستەش ئیشی زەری لەسەر شیعرەکانی (مالارمە) و چەند شاعیرەکی تر کردووە ، ئەمەش لە کتێبەکانی (لە پەناو شەشەک بە زمانی شیعری) و (خەری ڕەش) و حیکایەتەکانی خەشویستی) و چەند کتێبەکی تری ، (مارتن هایدگەر) یش یەکەکە لەو فەیلەسووفانەی ، قسەی زەری لەسەر شیعر کردووە و گرنگی زەری بە شیعر داوە . بایەخدانی (مارتن هایدگەر) بە شیعر و چاولەکردنی شیعر لەم ئاستە بەرزەدا ، لە هوانگە و تەوانینە بوونگەراییەکەی بووە بە بوونی مرۆڤ . چونکە لای (هایدگەر) ، شیعر / تەنها لایەن و

پکهاتیکی ئدبی و هونری نییە بەکو ، شیعر ڕاستەوخۆ پەیوەندی هەیە بە بوونی مرۆڤەوە ئەمش بە هایدگەر گرنگییەکی زۆری هەبووە ، شیعر هونەرەکە زەتر مامەڵە لەگەڵ بوون و ناوەوەی مرۆڤ دەکات ، (هایدگەر) بە پەژە فەلسفی و ئەنتەلەژیەکەی خۆی لە زەر شوەن هانای بە شیعر بردووە بە تایبەت شیعرەکانی (هەدەرلین) .. تا ئەو ئاستەی پەیوابووە کە شیعر دەتوانە ڕاستی بوون دەربخات) .

پەژە ئەنتەلەژیەکەی هایدگەریش هەروەک لە کتەبی (هایدگەر و ئەنتەلەجی شیعر) دا هاتووە ، (پەژەی ئەنتەلەژی بنەڕەتی ، گەورەترین پەژەی فەلسفی هایدگەر بووە ، لە پەرتووکی (بوون و کات) دا ، کە (هایدگەر) بەدرەژایی تەمەنی ئیشی لەسەر کردووە . ئەم پەژەیە لە شیکردنەوەی بوونگەرانەی مرۆڤەوە بە میتەدەکی فینەمینەلەجیانەی هەرمینیتیک دەستپەدەکات ، تاکو لەوەوە لە تەگەیشتن لە بوونی مرۆڤەوە بوون بە گشتی بگات) ، شیعر ڕەنگدانەوەی یان ئاوێنەیەکە بە دەرخستنی ناوەوەی مرۆڤ .. شیعر لەنەو پانتایی خەیاڵی مرۆڤ لە ژەر کاریگەری غەریزەکان و هەستەکان و خۆنەکان دەتە بوون ، غەریزەکان و هەستەکان و خۆنەکانیش ، ڕەنگ و شەوەی مرۆڤ ڕەسم دەکەن ، مرۆڤەکی تەکشکاو یان بەرزەفە ، یان ڕووخاو ، واتە مرۆڤ خۆی لە چوارچەوەی زەمەنەکی دیاریکراو ، هەموو خۆن و هەست و ئارزووەکانی مرۆڤ ، پەیوەستن بە زەمەنەکی دیاریکراوەوە ، ئەم هاوکەشەیەش بە (هایدگەر) زەر گرنگ بووە واتە (دەرخستنی بوون لە زەمەنەکی دیاریکراوی تەمەن ..!) ، واتە مرۆڤ (خۆی لەنەو کات) ، یان (بوون و کات) . بەیە لای (مارتن هایدگەر) شیعر لە ڕیزبەندی هونەرەکاندا لە ئاستی هەرە سەرەوە بووە . چونکە لە توانای هەبووە ڕاستی بوون دەربخات .

بەیە پەیوابووە ، شیعر وەک (فەلسفە بیرکردنەوەیەکی داهێنرانەیە) چونکە ، هەموو بیرکردنەوەیەکی فەلسفی بە تایبەت بیرکردنەوە قووڵەکان ، لە نەوخەیاندا شیعرین ، هەروەها بەرهەمە شیعرییەکانی پەن لە داهێنان ، بە تایبەت (سروودەکانی هەدەرلین) و شیعرەکانی (دانتی و گەتە) و زەرەک لە شاعیرانی تر ، خاوەنی ڕوانین و هزری بەرزن بەڵام فەلسفە نین ..! هەموو ئەمانەش لە ڕەگەی زمانەوە دەنەبوون ، بەیە هایدگەر دەیگوت (زمان ماڵی بوونە) . یان هەروەک لە کتەبی (بوون و کات)دا هاتووە (گوتار لە ڕەگەی گوتنەوە دەردەبڕەت زمانە ، لەمحالەدا ، تەگەیشتن و ڕاڤەکردنەکە لەنیو خودی ئەوداید دەریدەبین ، تا ئەوەی دەڕەت

(ئەمجەرە وەکو زمان دەبەتە بە بابەتەکی دەرەکی ، بە پیجەوانەشەوە ، بوونی خەسلەتی دازاین هەدەگرەت ..!) ، لەرەوە دەبینین کە زمان لە توانایدا هەیە تەعبیر لە بوون و یان خەسلەتی بوون دیاریبکات ، هەرچەندە لەسەردەمی مەدەرنە و لە بەرئەنجامی گەشە و پەشکەوتنی تەکنەلەژیادا ، مرۆڤ تووشی نامەبوون دەبەت ، نامەبوونەک تا ئاستی ئەوەی مرۆڤ ەسنایەتی خەی لەدەست بدات ، بە ئەم (نامەبوونەی مرۆڤ) هایدگەر کەپلە شیعرەکی هەدەرلین دەهەنەتەوە کە دەە ..

ئەمە هەموو هەمایەکی نەخوەندراوەین

لە خاەکی بەگانەدا

زمانەکەی خەشمان بیرچەتەوە

دیارە هەر لەسەدەمی تەکنەلەژیاوە مرۆڤ لە بەرئەنجای ئەم نامەیە تووشی قەیران دەبەت ، قەیرانی فکر و داهەنان و کوشتنی پرسیار .. لەگەە هەموو ئەم قەیران و نامەبوونەش هایدگەر پەیوایە (مرۆڤ شاعیرانە نیشتەجە دەبە) ، (هایدگەر) لەگەە ئەوە دایە ، هەموو کەس شاعیرانە بژی ، چونکە شیعر چاوساغی و ەشناییمان دەداتە بە ناسینی غەریزەکان و خەونەکانی خود ئەمەش یارمەتیدانە بە ناسینی ەاستی بوون ، هەروەها ژیانی شاعیرانە ، تەکەەبوونە بە ەووبەری گەردوونییەت و مانەوەیە بە تاهەتا ، چونکە (شیعر و زمانی شیعری) بوون و پەکهاتەیەکی گەردوونییان هەیە . هەربەیە لای (هایدگەر) و لای زەرەک لە کەسانی بیرمەند (شاعیران لە ەیزی فەیلەسوفەکان) دانراون چونکە هەروەک گوتمان ، (شیعر وەک فەلسەفە بیرکردنەوەی داهەنرانەیە) ، لەلایەک ئیشکردنەکی تەخە لەسەر (خود) لەلایەکیتر / ئیشکردنە لەسەر (پرسیار و وەوژاندنی پرسیار) ئەمەش لەوە نزیکمان دەکاتەوە کە شیعر ئیشکردنە لەسەر دەرخستنی ەاستی بوون . یان شیعریش (ناوەەکی فەلسەفیانە)ی هەیە ، هەروەک لە وتاری ،(هایدگەر و ئەنتەلەگی شیعر) دا بە ەشنی باس لەوە کراوە کە ، دەربارەی بیرکردنەوەی داهەنرانە تا ئەو ئاستەی (شیعر و فەلسەفە) لە زەرباردا لە یەکتریەوە نزیکن ، ئەویش بە پشتبەستن بە فەلسەفەی یەنانی کەن بە تایبەت سەدەی پەنجەمی پەشزایین فەیلەسوفانی وەک (پارمەنیس و هیراکلیتس) یان شیعرەکانی (سەفەکلیس) کە ناوەەکەکی فەلسەفی قووەیان هەبوو ، ئەم ناوەکە فەلسەفەیەش بە (مارتن هایدگەر) و بە ەوانگە بوونگەرایەکەی هەکارەک بوو بە دەرخستنی راستی بوون ، بەگومان هەموو شیعرەک ئەم ناوەەکە فەلسەفیە لەخەناگرەت ئەمە مەبەستمان لەو شیعرانەیە کە هەروەک لە پەشدا باسمان کردووە / ئەو شیعرانەی لە نەو رووبەری شیعر دان و ئاستەکی بەرزی داهەنانیان تیایە .

نۆڤەمبەری ٢٠٢٠

سەرچاوەکان :

- کتێبی (بوون و کات) .. (مارتن هایدگەر) / وەرگێڕانی (د.محەمەد کەمال)
- کتێبی (فەلسەفەی بوون) .. نووسینی (د. محەمەد کەمال)
- کتێبی (ڕووبەڕوو لەگەڵ شیعر) .. نووسینی (ناڵە حەسەن)

شیعر و (فرەدریک نیچە) .. ناڵە حەسەن

پەیوەندی نێوان شیعر و (فرەدریک نیچە) پەیوەندییەکی توندوتۆڵە ، هەروەک لە پێشتر نووسیومانە / نیچەیان بە فەیلەسوفێکی شاعیر ناوبردووە، بەڵام بەرلەوەی باسی (شیعر و نیچە) بکەین هەوەدەین زۆر بە کورتی باسی پەیوەندی نێوان (گیرکەگەر و نیچە) بکەین ، هاوکات کە شیعر لەنێوان ئەو دوو بیرمەند و فەیلەسوفە چ جێگایەکی بەندی هەیە ، هەروەک لە کتێبی (چەند فەیلەسووفێکی بوونگەرا) دا دەڵێت (کاتێک کە (کیرکەگەر) کەچیدواییکرد هەشتا (نیچە) قوتابی قوتابخانەی سەرتایی بوو ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کاریگەری (نیچە) لەسەر بیری فەلسەفی لە کاریگەری (کیرکەگەر) لە پێشتر بووە ، .. لە ڕاستیدا (کیرکەگەر) هەر بەنادیار و لەبیرکراو مایەوە تا ئەوکاتەی ، کە بەیەکەمجار وەرگێڕدرایە سەر زمانی ئەڵمانی و پاشان زمانی فەڕەنسی … تا ئەوەبوو کە توانی ببێتە سەرچاوەی تەوژمێکی نوێی ئاشکراو ڕەشن لە مێژووی هاوچەرخی بیری مرۆڤایەتیدا ..!) ، هاوکات هەر لەم کتێبەدا باسی شێواز و پەیوەندییەکانی ئەم دوو بیرمەندە بلیمەتمان بە دەکات و دەڵێ / (لە ڕاستیدا لانادەین ئەگەر بڵێین ئەو ئایدیا سەرکییانەی کە لە مێشکی هەر یەکەیاندا خولاوەتەوە یەک ئایدیا بووە ، تەنانەت ئەو شێوازەیش کە تایبەتمەندییەکەی بریتییە / لە لاقرتە و گاڵتەجاڕی توند ، هەروەها شاعیرێتی و شاعیرگەرایی گەرموگوڕ ، زەرجار کەک و تەبایان دەکات و یەکیاندەخات ..!) . دەبینین یەکەک لە خاڵە هاوبەش و درەخشانەکەی نێوان شێوازی ئەم دوو بیرمەندە ، (

شاعیرەتی و شاعیرگەرایی) بووە ، واتە لەپاڵ چەمکەکانیتر شیعریش یەکێک لەم چەمکانە بووە کە ئەم دووانەی لە یەکتری نزیک کردەتەوە ، چونکە هەردووک ژیانی خەیان کردبوو بە سەرچاوەی بیرکردنەوە و فەلسەفەکەیان ، کە ئەمەش زەتر ڕەگە خەشدەکات کە شاعیرانە بەوانن و شاعیرانەش بیربکەنەوە . چونکە ژیان و شیعریش وەک بوونێکی ئاوەتە و تەکەڵاو و یەکجەستەیی وایە .

دیوەکیتری پەیوەندی نێوان ئەم دوو بیرمەندە ، (فەلسەفەی هەریەکەیان دەزینەوەیەکی هەمیشە و بەردەوامی خودەکانییان بوو ، تا ئەوئاستەی (کیرکەگەر) وتەیەکی هەیە دەڵێت (من کتێبەکانمم بە خوێنی خۆم نووسیوە …!) ، ئەمە پەشتر لە وتارەکانی ترمان ئەمەمان نووسیوە یەکێک لە جیاوازییەکانی قوتابخانە ئەدەبییەکانی مەدەرنە هەر ئیشکردن لەسەر زمان و فەرم نەبووە بەکو ، خاڵەکیتری گرینگ ئەوەبوو کە ئیشییان لەسەر خود کردووە ، لە وتاری (شیعر و ناخودئاگایی) لەسەر پەیوەندی (شاعیر و خود) یان پەیوەندییەکنی نێوان (خود و دەرەوە) هەوەستەی زەترمان کردووە ، بە تایبەت (نەچە) سەبارەت بە (بوونی مرۆیی و خودی تاک) زەتر چە دەبەتەوە بە نموونە ، (نەچە بەنگەشە بە ئیرادەی هەز دەکات کەوا لە مرۆڤ دەکات / جەخت لە بوونی خۆی بکات و وابەستەی ژیان بەت ..!) ، ئەم گوتنەی (کیرکەگەر)یش بە شیعر و داهێنان یان ، بە شاعیرەکی داهێنەر کە خەونی داهێنانی هەبەت ەاستە ، چونکە ئەو شاعیرانەی خەونی گەورەی داهێنانییان هەیە و لە هەوەی ئەوەدان بەرینترین ەووبەری جوانی بە ژیان ببەخشن و وەک پەیامبەرەکی ەەگای ژیان ئامادەن هەموو شتە تایبەتییەکانی خەیان ببەخشن و (ژیانییان بە شیعر و داهێنان) بەوەت ئەم قسەیەی گیرکەگەر بە ئەم جەرە شاعیرانەش راستە و ئەوانیش کتێبە شیعری و لەکەینەوەکانییان بە خوێنی خەیان دەنووسن .

دوای ئەم دەروازە و پیشەکییە ، لەرەوە رەرەوی قسەکانمان دەبینەوە سەر پەیوەندی نێوان (شیعر و نەچە) بە پشتبەستن بە کتابی (ەووبەروو لەگەە شیعر) بە تایبەت وتاری ، (شیعر و فەلسەفە یان فەلسەفە و شیعر) بە کەمەک دەستکاری و ئیزافاتی نوەە ، پەیوەندی نێوان شیعر و بیرمەندی گەورە (نەچە) دەخەینە ەوو ، (نەچە) پاراستنی زات بە خراپترین شێوەی ویست دەزانە ، واتە کەسێکی کەنارگیر و نامە ، ئەم زیاتر خوازیاری مرۆڤی باڵا و سوپەرمانی و یاخی و خودان ویستی هەزە .. تەنانەت لە ەوانگەی (زەردەشت)یش ، ەەگەی ژیان بەسەربردن لایەنگری لە چوارچێوەی

مەنتیقی و ژیرانە و عەقل نییە ، بەڵکو کەسەکان ئازادن بە هەڵبژاردنی ڕێگەی ژیانی خۆیان ، لە ڕاستیدا / ئازادی بەشێکە لە بوونی مرۆڤ ، واتە لەدەرەوەی بوون و مومارەسەکردنی ئازادانە ، وشەی ئازادیش وەک چەمکێکانیتر بەبەها و هیچ بەهایەکی بە نامەنتەوە ، ئەمەش بە مانایەک / هەوەشاندنەوەی پاوەرکان و سنوورەکانی عەقل و سیستەماتیکە . (شیعر و داهێنان) پەویستییان بە کرانەوە و پچڕاندنی هەموو کەت و زنجیرەکانی بەها و نەریتە میراتییەکانە ، بە ئەوەی ببی بە کەسێکی داهێنەر ، دەبەت خەت بەها و نەریت و هەفتار بە خەت بتاشی کە پچڕوانەی ئەوانەی پێش خەت بن …! بەمانایەک بە هەموو پەوەرەکان (هەرخەت بیت و هیچیتر ..!) هەروەها لەم وتارەمان وردتر باسی ئەم فاکتانە دەکەین کە ئەم بیرکردنەوەیە نا دروستانەی ئەفلاتوون هەتدەکەنەوە ، بە نموونە باس لەوە دەکەین کەوا ، شیعریش وەک فەلسەفە لەسەر بنەمای بیرکردنەوە ئیش دەکات و هەهەندی فیکری و مەعریفی لە پشتە . زەرن ئەو فەیلەسوفانەی کاریگەرییان لەسەر شیعردا هەبووە ، یان قسەیان لەسەر شیعر کردووەو باسی گرنگی و پەیوەندییەکانی فەلسەفە و شیعریان کردووە ، یان زمانی شیعرییان بەکارهێناوە بە دەربڕینی فەلسەفەکانییان ، ئەم فەیلەسوفانەش بە (فەیلەسوفی شاعیر) ناوبراون . یەکێک لەوانە (فرەدریک نێچە)یە . لە پەیوەند بە شیعرەوە ، تایبەتمەندی (نێچە) جیاوازە لەگەڵ فەیلەسوفەکانیتر ، چونکە هەندێک لە فەیلەسوفەکان هەم شاعیریش بوون هەم فەیلەسوف ، واتە لەپاڵ فەلسەفە شیعریشیان نووسیوە یان سەرتا بە شیعر دەستییان پێکردووە ، لەوانە (مارکس ، جان جاک ڕۆسۆ ، ساموئیل تەیلەر کۆلیریج ….) بەڵام (نێچە) ، لەگەڵ ئەوەی شیعریشی نووسیوە بەڵکو کتێبە فەلسەفییەکانیشی بە زمانی شیعر نووسیون ، بەیە بە بەوای هەندێک کەس (نێچە لە زکماکەوە شاعیر بووە ..!) واتە ، هەر بە شاعیری لە دایک بووە . شیعر گەورەترین بەشی نووسینەکانی و تەنانەت بوون و ناخ و فەلسەفەکەشی داگیرکردووە . نێچە زەر بە ڕەشنی درکی بە بەها و ڕەلی زمانی کردووە کە ، زمان چ سیحرێک و هەزێکی تیایە بە تایبەت زمانی شیعری ، وەک سەرچاوەی (چەژ) چ کاریگەرییەک لەسەر بیرکردنەوە و خەیاڵی مرۆڤکان جەدەهەت ، بەیە لە شوێنێک دەربارەی زمانی شیعری دەڵێ ، (زمان گەمەیەکی گەمژانەیە ، بەهەی زمانەوە مرۆڤ دەتوانە سەما بەسەر هەموو شتەکەوە بکات) ، نێچە فەیلەسوفەکە ، ئامانجی بەرهەمهێنانی (مرۆڤی باڵا) بووە لە ڕێگەی ئیرادە و ویستی هەزەوە ، بەیە لە زەر شوێن پە لەسەر ئەوە دادەگرە و دەڵێ ، (من هاتووم هەواڵی مرۆڤی باڵاتان پێڕابگەیەنم ، مرۆڤی باڵا ئەو کەسەیە لە نەریتی

باو یاخی دەبێت و خودان ئیرادە و هێزی کارای خۆی دەبێ ..) ئەمە ڕۆشن بووە لای (نەچێ) کەوا داهێنان بە کەسی لاواز و بێ ئیرادە ناکرێت ، کەسکانی دیلی بەندی کلتوور و ئایین و دیلی مرۆڤکانیتر بن ، ئەوکەسانەی لەژێر کاریگەری هێزە دەرکییەکانن لە سەرووی خۆیان ئیرادەیتریان بەسەردا دەسەپێندرێ ، ئەو کەسانە کەسانی کەیلە و نامێن ناتوانن داهێنان بکەن..! لای (نەچێ) بە ئەوەی ببی بە کەسێکی داهێنەر وا پێویست دەکات هەموو کێت و زنجیرەکان بپچڕێنیت ، ببی بە خێت و تەعبیر لە ویستی خێت بکەی ، هەموو شتێکی میراتی تووە هەبدەی ، خێت بەها و نەریت و ڕەفتار بە خێت دیاری بکەی ، خێت هێزی جووڵەنەری خێت بی ، جووڵە ڕەفتارەکانی خێت پێچەوانەی ئەوانەی پێش خێت بن ، بەمانایێک هەروەک دروشمێکی هەبوو کەوا ، (تەنها خێت بیت و ئەویتر نەبیت …!) چونکە / داهێنان وا دەخوازێ کە دنیاو جیهانێکی نوێ بخوڵقێنی . (نەچێ) لە کتێبی (ئا ئەمەیە مرۆڤ) دا دەڵێ ، (من لە هیچ شتێک لاسایی کەس ناکەمەوە ، گاڵتە بە هەموو ئەو مامەستایانە دەکەم کە هەشتا فێرنەبوونە گاڵتە بە خۆیان بکەن ، لەسەر دەرگای ماڵەکەم ئەمە نووسراوە …!) .

نەجێ وەک (شوبنهاوەر) ، کاری بە (فەلسەفەی ویست) کردووە بە تایبەت ویستی هەز .. چونکە (شوبنهاوەر) کتێبێکی هەیە بە ناوی ، (جیهان وەک ویست فیکرە) ، لەم کتێبەیدا پوختەی فەلسەفەکەی خۆی تیا باسکردووە ، باوەڕی وایە / کە عەقل ئامرازێکە بە دەستی ویستەوە ، لای ئەو / بوون لەسەر بنەمای حیکمەت و ئەزموون و مەبەستێک وەستاوە …!) ، بۆیە نەچێش پێ لەسەر ئەم بیرکەی ویستە دادگرە و ئامانجیەتی ، تاکەکان خودان هێز و ئیرادەی خۆیان بن ، کە ناوی ناون (مرۆڤی سوپەرمانی) یان (مرۆڤی باڵا) ، بۆیە پێیوابوە ، دەسپێک و سەرچاوەی ویست و هێز لەسەر ویژدان و فیکردا شتێکی بنەڕەتی و جەوهەری شتەکانە .. یان بە بەوای (نەچێ) ،(گرنکترین دەرکەوتەی ژیان ، لە تیری داشتن لە ڕەگەی هێزی عەقڵ نییە ، بەڵکو (ویستە) ، ناوەڕۆکی ژیان ویستە ، ئەم ویستەش ویستی هێزە …!) (نەچێ) پاراستنی زات (خود) بە خراپترین شێوەی ویست دەزانێ ، ئەو پێیوایە ، کەسێک بەدوای پاراستنی زات بە ، خۆی لە قەڕەی مەترسییەکان نادات و ژیانی پارێزگارانە هەڵدەبژێرێت ، مەبەستی ئەویە کە مرۆڤ دەبێ ئامادەیی قوربانیدانی تیا بێت لەپێناو خۆنە گەورەکاندا ، بە مانایێک / ئەو کەسانەی کە ، ناتوانن زنجیری کێت و بەندەکان بشکێنن و بەهاکانی ئایین و کلتوور و ئەو بەهایانەی بەزەر سەپێندراون بەسەریاندا ڕابماڵن ،

لە هەمانکاتیش ناتوانن وەک مرۆڤێکی باڵا خودان ویست و هەزی خۆیان بن …! بە کورتی پوختەی فەلسەفەکەی نێچە ئەوەیە کە ، (فەلسەفەی عەقڵێکی ئازادە ، فەلسەفەی ئاوەژووکردنەوەی بەها چەسپیوە کۆنەکانە ، ئازادکردنی مرۆڤە لە هەموو کۆتوبەندە و ئەخلاق و ئایین و مەعریفەی دەستاودەست ، فەلسەفەی نێچە بە دەنگێکی بەرز بانگەوازی ڕزگاربوون دەکات …!) ، ئەمانەشی هەمووی بە زمانی شیعر لە نەو شیعرەکان و کتێبە فەلسەفییەکانی دەربڕیوە ، بۆیە نێچە (فەیلەسوفی شاعیران و شاعیری فەیلەسوفان بووە …!) .

کتێبی (وەهای گوت زەردەشت) یەکەکە لە بەناوبانگترین کتێبی نێچەیە ، کە لە ساڵی ١٨٨٣ چاپکراوە ، کتێبەکە بە شێوەیەکی ئەدەبی ڕەخنەیی نووسراوە ، بە زمانێکی شیعری ناسک و پاراو ، لەم کتێبەدا چەندین بیرکەی گرنگی داڕشتووە ، کە وێنەی مرۆڤی باڵا و هەڵکشاوی کشاوە ، ئەو مرۆڤەی لە دەستی کۆت و زنجیری کۆمەڵایەتی و کلتووری و ئەخلاقی ڕزگاری بووە ، کتێبەکە نێچەی پەدەناسرێتەوە ، (نێچە) لەم کتێبەیدا هەروەک سەرچاوەکان دەڵێن ، خۆی وەک شاعیرێکی مەزن دەبینێت نەک وەک فەیلەسوفێک ، دەربارەی کتێبی (وەهای گوت زەردەشت) ، ئەدیبی گەورەی ئەڵمانیا (تەماس مان) دەڵێ ، (ئەم کتێبە باشترین کتێبە کە بە زمانی ئەڵمانی نووسرابێت) ، نەک تەنها کتێبەکانی بەڵکو شیعرەکانیشی پێن لە بیرکەی فەلسەفی و ئاوێنەیەکن بە ڕەنگدانەوەی تەز و بیرکردنەوەکانی خۆی ، بەڵام شتێکی گرینگ هەیە ، نێچە پرسیارە فەلسەفییەکان و ئایدیا و بیرکە شیعرییەکانی ، لە قووڵایی و هەناوی ژیان دەردەنێت و پێوەستییان دەکاتەوە بە مرۆڤ و خۆشبەختی و بەختەوەرییەکانییەوە . دیارە نەک هەر لەلای (نێچە) بەڵکو ، لای زۆربەی فەیلەسوفەکانی سەردەمی مەدەرن ، مرۆڤ دەبێتە ناوەندی گرنگیدان ، هەوەدانەکە بە بە بەرهەمهێنانی سەربەخۆیی بیرکردنەوە و عەقلی مرۆڤ . دەرکەشانی لەژێر هەموو کاریگەرە دەرەکییەکان ، دەکرێ ئەمەش بە یەکێک لە خاڵە هاوبەشەکانی نێوان شیعر و فەلسەفە حیساب بکەین ، لەرەدا چەند نموونەیەکی شیعری نێچە دەخوێنە ڕوو و قسەی لەسەر دەکەین ، هەروەک لە کتێبی (نێچە فەیلەسوفێکی بەرزەفە) دا ، لە بەشی (پێنجەم) ، بە ناوی (نێچە ، شاعیرێکی جیاواز)دا ، کە لە سەرەتا باسی شاعیربوونی (نێچە) و بیرکردنەوەکانی و دواتر چەند نموونەیەکی شیعری هەناوەتەوە ، ئەمە لەرەدا قسە لەسەر هەندێکیان دەکەین . هەر لەوەدا باسی ئەوە کراوە کە ، (نێچە) شاعیرێکی جیاواز بووە و بە ستایلێکی جیاواز نووسیویەتی ، هەروەک مۆزوونووسی فەڕەنسی (ئەلیکسیس ڤیلەنینکە) پێیوایە ، (نێچە

ئیستاتیکای ڕووکەشی دەقی واتە فۆرم)ی پێش وردیی مانا خستووە ، چونکە نەچە بەرلەوەی فەیلەسوف بێت ، بە پلەی یەکەم شاعیر بووە ، لە نەو نووسینە پەخشانی و شیعرییەکانی داهێنانی سوریالییانەی کردووە ، بە تایبەت لە کتێبی (وەهای گوت زەردەشت) هێندە دوور دەڕوات ئەستەمە تەی بگەیت …! (نەچە) کەسێک بووە زەر قووە بیری کردەتەوە ، هەمیشەش بە زمانی ڕەخنەیەکی توند نووسیویەتی ، تا ئاستی ئەوەی مەرگ بە خوداوەند دەخوازێ و ئەخلاق و ئایین و کلتوورە دواکەوتووەکان ڕەتدەکاتەوە ، تا مردن لە نووسین ناکەوێت ، (نەچە) بە درێژایی ژیانی هەمیشە ئەوەی دووبارە کردەتەوە کەوا (هەشتا پەویستە بژیم ، چونکە هەشتا گەرەکمە بیربکەمەوە …!) ، نەچە بیری لە هەموو سەکە و گەشە و کەلەنەکانی ژیان و مرۆڤ کردەتەوە ، ئەوەی بە فەلسەفە دەرقەتی نەهاتووە بە شیعر قسەی لەسەر کردوون ، بەیە شیعر و فەلسەفەکەی بە یەک ئاراستە ڕەیشتوون . (نەچە) لە شیعری (مرۆڤە بەرزەکان) دا دەڵێت .

ئەوەی ڕادەپەڕێ ، پەویستە پەیدا هەڵدەین !
وەڵێ ئەو لە بەرزاییەوە ئەمە پەسەند دەکات ،
تاکو لە سەرووی پەسەندگرەوە بژیت ،
ئەو لە بەرزی دایە ئەو لەسەر دەرگای ماڵی منە ،
ئەو لە ماڵی من نیشتەجێیە ،
هەرگیز بە دوای کەس نەکەوتووم
لە سەرووی ئەمانەش ، قەشمەم بە هەموو مامەستایەک کرد .

ئەم شیعرە تا بەڵێی شیعرەکی ناسکە ، (نەچە) بە زمانەکی شیعری ناسک و پە لە هارمۆنیا و ئیستاتیکایەکی جوان ، کرێک و ئامانجی بیرکردنەوە و فەلسەفەکەی خەی دەخاتە روو واتە ئەم شیعرە بیرکردنەوەیەکی ئامانجداری لە پشتە ، لەڕدا (نەچە) باس لە (مرۆڤی باڵا) دەکا ، ئەوانەی خودان هێز و ئیرادەی خەیانن ، دەیانەوێت ڕاپەڕین بکەن و زنجیری دیلیەتی و ستەم بپسێنن کەسانەکی ڕاستگۆ و ئازاد بن ، ئەو پەیوایە ئەوانە لە شوێنەکی بەرزی ژیان وەستاون ، ئەوانە هێندە بەرز و خۆشویستن ، بەشەکن لە ڕەحی ئەو لە ماڵەکەی ئەو نیشتەجێن . ئەمان ئەو مرۆڤە بەرزانەن کە / خودان هێز و سەربەخۆیی و بیرکردنەوەی خەیانن ، کە دوای هیچ کەسێک ناکەون و پاشکەی هێزکانی سەرووی خەیان نین ، بەس خەیانن و هیچیتر ، ئەمان ئەوکەسانەن لە مامەستاکانییان فێردەبن ، سنوور و تخوبەکان دەبەزێنن و لە ئاستەکی بەرز لە مرۆڤایەتی و ژیان دەڕوانن .

هەروەها لە شیعری (جەسوور) دا دەڵێ ..
لە هەر کوێیەک بیت ، قووە هەڵکەڵێ

بنەوان لە ژەرەوەیە ،
وازبێنە لە پیاوانی ڕۆشبین با بچریکێنن
" دەزێخ بەردەوام لە ژەرەوەیە " …!
لەرشدا وێنەی مرۆڤێکی جەسوور و خاوەن هێز و توانایێکی لەبن نەهاتوومان . بە دەکەشە ، ئەو مرۆڤانەی لە پێناو ئامانجە پیرۆزەکان مرۆڤی تێکەشەر و کێنەدەرن ، ئەو مرۆڤانە لە شەوە ئەنگوستە چاوەکان فوو لە پشکەکان دەکەن ، ئەوانەی هەمیشە بە وریەکی پڕایین و بە دید و بەرچاو ڕۆشنییەوە بەرەو لوتکەی ئاسە و ئامانجەکانییان دەکەونە ڕێ ، خودان خەونی گەورەن ، بەوچان و نەسرەوتن هەردەڕۆن و هەر دەڕۆن ، (نەچێ) ڕەقی لە مرۆڤی لاواز و ڕۆشبینە ، ڕەقی لەو کەسانەیە کە هەمیشە بە پارووە نانێک دەکەوزێنەوە ، (نەچێ) لە شوێنێکدا دەڕۆ ، (مرۆڤە لاوازەکان ، ئەوانەن بە مردن باشن ، شایستە بە ژیان نین ..!) بەیە لەم شیعرەشدا دەڕۆ (واز بێنە لە پیاوانی ڕۆشبین با بچریکێنن) .
دەزێخ بەردەوام لە ژەرەوەیە..! ، مەبەستییەتی گەیشتن بە لوتکە و ئامانج ڕەنج و قوربانی دەوێت ، ئاگر و ڕووناکییەکان ، لە بنی بنەوەن ، قووەن دەبە لە هەڵکەڵین بەردەوام بین ، دیارە وشەی دەزێخ لەرەدا میتافەرەکە یان هەمایەکە بە ئاگر ، ئاگریش هەمیشە هەما بووە بە گەرمبوونەوە و درەوشانەوە و گەڕان ، لە ئەفسانە و داستانەکانیش گەیشتن بە ئاگر هەمایە بە گەیشتن بە ئامانج و سەرکەوتن …!
(نەچێ) لە شیعری (ئەویە مرۆڤ) دا دەڵێ …
بەڵێ ، دەزانم لە چ بنەچەیەکم ،
وەک بەڵێس تێنووم ،
هەڵپە دەکەم و خامەش دەبمەوە ،
هەرچییەک دەستی بە دەبەم دەبێتە نوور ،
هەرچییەک جێدەهێڵم پشکەیە
بە یەکودوو من بەڵێسم …!
بەگومان ، لە نەو بیری (نەچێ) مرۆڤکان دەبە مرۆڤی بەرز و دیار بن ، خودان بنەچە و شوهرەتێک و ناوێکی پایەدار و بەرزییان هەبە ، ئەمەش ئەو مرۆڤانەن هەمیشە هەڵپەی ژیانێکی بەرز و پڕاوپڕ لە بەختەوەری و دەستگەیشتن بە خەزگە و ئومێدەکانییانن ، کەسانێک بەرز لە ژیان و بەهای مرۆڤ بەوانن ، ئەوکەسانەی / وەک بەڵێس تێنوون بە ئەم جۆرە ژیانە ، وەک عاشق شێدای ژیانێکی شایستە بە مرۆڤن ، ئەو مرۆڤانەی کە لەم شوێنە بەرزە بە ژیان و ئومێدە گەشکان و ئارزووە جوانەکانییان دەڕوانن ، ئەوانە دەست بە هەر چییەک دەبن دەبێتە نوور ، هەرچییەک جێدەهێڵن دەبێتە پشکە ، ژیان

و دەوروبەر دەدرەشننەوە ، چونکە وەک بەسە خاوەن نیگا و ەوانین و دیدگایەکی ەشنن بە ژیان . لەرەدا ، لە نەو بەرهەمە شیعری و فەلسەفییەکانی نەچە ، هاوئاهەنگییەک و ئاوەزانبوونەکی گرنگی نەوان فەلسەفە و شیعر دەبینین ، کە هەردووك بە یەک ئاراستە تا ئەندازەی تەکەاوبوون ، فەلسەفە بە بەرگ و ەوخساری شیعرییەوە ، شیعریش بە ناوەکی فەلسەفییەوە ، وەک ئەوەی گیانەک بن لە دوو جەستەدا . (نەچە) بەم هەوانەی توانی شیعر و فەلسەفە زەتر لەکنزیک بکاتەوە …!

نەڤەمبەری ٢٠٢٠

سەرچاوەکان :

- کتەبی (چەند فەیلەسووفەکی بوونگەرا) .. نووسینی (فوئاد کامیل عەبدولعەزیز) وەرگەانی لە عەرەبییەوە / (سامان عەلی حامید)
- کتەبی (ەووبەوو لەگەە شیعر) .. نووسینی (ناەە حەسەن) آ.

چەمکە شیعرییەکان و پەنجەرەیەک بە ڕوانین .. ناڵە حەسەن/ بەشی سێیەم

- شیعر و (نەرجسیەت)
- شیعر و (ناخودئاگایی)
- شیعر و (ئیرەسیەت) یان شیعر و (ژایاندەستی)
- شیعر و (نەرجسیەت)

هەوەدەدەین لەم وتارەمان بە کورتی پەیوەندی شیعر بە (نەرجسییەت) یان بیرکردنەوەی شاعیر بەم چەمکەوە ڕوونبکەینەوە ، نەرجسییەت مەژوویەکی کۆنی هەیە و لە ئەفسانەی یۆنانییەوە وەرگیراوە ، ماناکەی (خۆشویستی بە خود) یان (بەرز لەخۆ ڕوانین) دێت ، هەروەک لە کتێبی (نەرجسیەت)یش دا هاتووە ، بیرمەندی دەروونناس (تیەدەر ئای ڕۆبین) دەڵێت ، (کەسی نەرجسی لە دنیای تایبەتی خۆیدا دەژی و پەیوایە هەموو دنیا هی ئەوە ..!) ، پەویستە لەوەش ئاگادار بین کە نەرجسیەت پێنج جۆری هەیە ، تەنها دوو جۆری بە شێوەیەکی سروشتی لە کەسانی ئاسایی و لەکەسە داهێنەرەکان دا هەن ، ئەوانیش جۆرەکانی (ئەدگاری نەرجسیەتی نەرایەتی ، ئەدگاری نەرجسیەتی) ، بە ئەم وتارەمان ئەم دوو جۆرە جێگای مەبەستی ئێمەن ، بەڵام سێ جۆرەکانیتری نەرجسیەت (کەسایەتی سنووردار ، کەسایەتی دەروون نەخۆش ، کەسایەتی گومانکردوو) ئەم سێ جۆرە زەتر ڕەچوون و سەرسامبوونەکە بەخەد تا ئاستێکی سنووربەزاندن و توشبوون بە نەخۆشییە دەروونییەکان ، ئێمە لەڕدا پیویستمان بەوە نییە زەر هەوەستە لەسەر ئەم بەشیان بکەین ، تەنها خاڵێک بە پەویستی دەزانم ئەویش ئەوەیە ، کەسە دیکتاتۆرەکان ئەوکەسانەن کە کەسی دەروون نەخۆشن نەرجسییەتەکەیان لە ئاستێکی سنووبەزاندنداە ، بەیە دەبینین ئەوکەسانە زەرترین تاوان ئەنجام دەدەن بەبەئەوەی پەشیمان ببنەوە و یان خەیان بە تاوانبار بزانن …! لەبەرئەوەی ئەو کەسانە تەنها بە ئاراستەی مەشک یان بیرکردنەوەکانییان ئیشدەکەن و بەیار دەدەن ، لووتبەرزی و سەرسامبوونییان بە خود هەست و سەزییان دەکوژێت ، بەیە تەنها بە مەشک بەیار دەدەن نەک بەدە و هەست

و سۆز ..! بەڵام شیعر لەگەڵ ئەمجۆرەی نەرجسیەت ناتەبا و دژ دەتەوێ ، چونکە لە پەڕەسەی نووسینی شیعر فیکر و هەست پێکەوە ئیشدەکەن و هاوتەریب دەبێن . هاوکات خاڵێکیتر بە پێویستی دەزانم لە بەرامبەر ئەوبەشەی نەرجسیەت ئەویش ئەوەیە کە / (هیستریا) و (نەرجسیەتی دەروون نەخۆش) هەردووکیان بارى نائاسایی و نەخۆشی دەروونین ، بەڵام خاڵێکی زۆر گرینگ هەیە کە سنووری ئەم دووانە لە یەکتری جیا دەکاتەوە ئەویش / کەسە هیستریکەکان کاتێک تاوانێک دەکەن بەدواید هەست بە گوناه و تاوان دەکەن و پەشیمان دەبنەوە بەڵام ، کەسە نەرجسیە دەروون نەخۆشەکان نە هەست بە تاوان دەکەن نە پەشیمانیش دەبنەوە …! جا لێرەوە دەگەڕێینەوە لای پەیوەندی نێوان شیعر و نەرجسیەت ، چەند پرسیارێک دەکەین / ئایا پەویستە شاعیر نەرجسیەتی هەبێت ؟ یان خۆشویستیەکەی بە خود هەندە بێت ، بەرز لەخۆی بوانێت ؟ یان منی خۆی وەک منێکی باڵا وێنە بکات ..؟ من بە هەموو ئەمانە لە وەڵامدا دەڵێم (بەڵێ ..!) . ئەویش بە چەند هەکارێک ، لە خوارەوە هەوەدەدەین هەکارەکان باسبکەین . بەڵێ / شاعیر لەنێو ووبەری شیعرو داهێنان پەویست دەکات خۆشویستی بەخود هەبێت و بەرز لەخۆی بوانیت چونکە ، شیعر و داهێنان بەهایەکی گەورەیان هەیە ، شاعیر پەویست دەکات لەنێو شیعرەکانی (منی خۆی) وەک منێکی باڵا ببینێ ، کەسێکی خودان هێز و سوپەرمانی ، وەک ئەو کەسە باڵا و بەهێزەی (نێتچە) بانگەشەی بە دەکات ، وەک مرۆڤێکی داهێنەر خۆی لەو ئاستە بەرزە ببینێت کە ، نەچەمێتەوە بە هیچ دەسەڵات و میر و حاکمێک ، یان بە مانایەکیتر نەبێتە (کەوچکی نێو پیاڵەی هیچ دەسەڵاتێک ..!) ، (تەنها و تەنها) خۆی بێت و جووڵەکانی لەژێر کاریگەری ئارزووەکانی خۆی ئاراستە وەربگرن . واتە کەسێکی (کەیلە و نامە) نەبێت . ئەمە لە بەشەکانی پەشتری ئەم نووسینەمان گتومانە / کەسە (نامەکان) ناتوانن داهێنان بکەن یان داهێنانەکانییان دەکەونە ژێر پرسیارەوە ..! بەڵێ کەسی شاعیر دەبە هەندە خۆشویستی بەخۆی هەبێت و بەرز لەخۆی بوانێ کە ، لەوە تێبگات مرۆڤ هەشمەندترین بوونەوەرە و ئاستی تەوانینی بە (ژیان و مرۆڤ و داهێنان) بەرز بێت ، دەبە لەوە تێبگات مرۆڤ لە ڕەگەی داهێنانەکانی مانایەک بە بوونی خۆی دەبەخشێ و بەهای مرۆڤیش لە سەرووی هەموو بەهاکانەوەیە بەڵام ، دەبێت وریا بێت لەوەی نەرجسیەتەکەی نەگاتە ئاستی سنووربەزاندن و نەو

رووبەری نەخشیە دەروونییەکان ، هاوکات لەوش دەنیا بە نەرجسییەت و بەرز لەخەوانین تەکەاوی (لەخەبایبوون) نەکات ، چونکە ئەو شاعیرانەی لەخەیانبایی دەبن بەتایبەت (هەندەک) لە شاعیرە خاوەن ئەزمونەکان ، خەیان لەسەرووی خەکانی ترەوە دەبینن و پەیانوایە ئەوان باشترینن ، بەام ئەوان ئەوەیان بیرچەتەوە کە شیعر ئیش لەسەر جوانی دەکات و جوانیش بوونەک یان چەمکەکی (یەژەیی) هەیە یان زەرجار ، ئەمجارە شاعیرانە بەرگەی هیچ جارە تەبینی و خەخنەیەک ناگرن ، واتە مەبەستمە بەم لەنەو ەووبەری (شیعر و داهەنان) باشترین بوونی نییە ، دەکرە کەسە داهەنرە گەورەکان (یەکەک بن) لە هەرە داهەنرەکان ، یان هەرە باشکان ، خاەکیتر کەسە لەخەبایەکان هەمیشە پەیانوایە ئەوان گەیشتوونەتە لوتکە بەام ، بیئاگا لەوەی هەموو گەیشتنە لوتکەیەکیش هاتنەخوارەوەی بەدوادایە ...! ئەمەش جارە بەدحاەیبوونەکە بە ەووبەری شیعر و داهەنان ، ئەمە لە کتەبی (گەیشتن بە ەووبەری شیعر) بە ەەشنی باسمان لە ەووبەری شیعر و داهەنان کردووە ، بەومانایەی نا ، کە مەبەستمان بە بازنەیەک بەدوری ەووبەری شیعر بکەشین ، بەیە هەر لەم کتەبە بە ەەشنی گتومانە / شیعر جووەیەکی بەردەوامی ئیستاتیکییە ..! مادام جووەیەکی بەردەوامە دەبە لە نەو ەووبەرەکی کراوەدا بە ت ، واتە رووبەری شیعر و داهەنان ەووبەرەکی بەرینی کراوەن ، بەمانایەک گەر بە دەریایەک وەنای بکەین دەەین / دەریایەکی بەبن و ئەوبەریشی کراوەو و نادیارە ، هیچ کام لە داهەنرەکان تا ئەستا نەگەیشتوونەتە بنی بنەوەی قووەاییەکان و یان ئەوبەری ەووبەری دەریاکە ، لەبەرئەوەی هەموو مرەڤەکان دەگەنە خاەک کە لەوەدا داهەنانەکانییان دەوەستە ، ئەویش خاەی مردنە ، چونکە مردن کەتایی بە پەەژەکانی بوون دەهەنەت ، بەیە تا ئەستا هیچکام لە داهەنرەکان نەگەیشتوونەتە تەواوی ئاستی کەمال ، بە شەیکسپیر و دەستەفسکی) شەوە ، بەیە لەنەو ەووبەری شیعر و داهەناندا / نە باشترین بوونی هەیە نە گەیشتن بە لوتکە ، لەبەر ئەم هەیانەی باسمان کردن ، زەر گرینگە بە هەشیاریەوە مامەەە لەگەە پەیوەندی نەوان چەمکەکانی (شیعر و نەرجسییەت)دا بکەین و خەشەویستی و تەەوانینمان بە خود لە ئاستەکی بەرزدا بە ت .

- شیعر و (ناخودئاگایی)

لەم کتێبەیدا پوختەی فەلسەفەکەی خۆی تیا باسکردووە ، باوەڕی وایە / کە عەقل ئامرازێکە بە دەستی ویستەوە ، لای ئەو / بوون لەسەر بنەمای حیکمەت و ئەزموون و مەبەستێک وەستاوە …!) ، بۆیە نەچێش پە لەسەر ئەم بیرکەی ویستە دادگرە و ئامانجیەتی ، تاکەکان خودان هێز و ئیرادەی خۆیان بن ، کە ناوی ناون (مرۆڤی سوپەرمانی) یان (مرۆڤی باڵا) ، بۆیە پێیوابوە ، دەسپێک و سەرچاوەی ویست و هێز لەسەر ویژدان و فیکردا شتێکی بنەڕەتی و جەوهەری شتەکانە .. یان بە بەوای نەجە (گرنکترین دەرکەوتەی ژیان ، لە تیری داشتن لە ڕەگەی هێزی عەقڵ نییە ، بەڵکو (ویستە) ، ناوەڕۆکی ژیان ویستە ، ئەم ویستەش ویستی هێزە …!) نەجە پاراستنی زات بە خراپترین شێوەی ویست دەزانێ ، ئەو پێیوایە ، کەسێک بەدوای پاراستنی زات بە ، خۆی لە قەڕەی مەترسییەکان نادات و ژیانی پارێزگارانە هەڵدەبژێرێت ، بە مانایەک / ئەو کەسانەی کە ، ناتوانن زنجیری کەت و بەندەکان تێکبشکێنن و بەهاکانی ئایین و کەلتوور و ئەو بەهایانەی بەزەر سەپێندراون بەسەریاندا ڕابماڵن ، لە هەمانکاتیش ناتوانن وەک مرۆڤێکی باڵا خودان ویست و هێزی خۆیان بن …! بە کورتی پوختەی فەلسەفەکەی نەچە ئەوەیە کە ، (فەلسەفەی عەقڵکی ئازادە ، فەلسەفەی ئاوەژووکردنەوەی بەهاکانە ، ئازادکردنی مرۆڤە لە هەموو کەتوبەند و ئەخلاق و ئایین و مەعریفەی دەستاودەست ، فەلسەفەی نەجە بە دەنگێکی بەرز بانگەوازی ڕزگاربوون دەکات …!) ، ئەمانەشی هەمووی بە زمانی شیعر لە نەو شیعرەکان و کتێبە فەلسەفییەکانی دەربەیوە ، بۆیە نەچە (فەیلەسوفی شاعیران و شاعیری فەیلەسوفان بووە …!) .

کتێبی (وەهای گوت زەردەشت) یەکەکە لە بەناوبانگترین کتێبی نەچە ، کە لە ساڵی ١٨٨٣ چاپکراوە ، کتێبەکە بە شێوەیەکی ئەدەبی ڕەخنەیی نووسراوە ، بە زمانێکی شیعری ناسک و پاراو ، لەم کتێبەدا چەندین بیرکەی گرنگی داشتووە ، کە وێنەی مرۆڤی باڵا و هەڵکشاوی کەشاوە ، ئەو مرۆڤەی لە دەستی کەت و زنجیری کەمەڵایەتی و کەلتووری و ئەخلاقی ڕزگاری بووە ، کتێبەکە نەجەی پە داناسرتەوە ، نەجە لەم کتێبەیدا هەروەک سەرچاوەکان دەڵێن ، خۆی وەک شاعیرێکی مەزن دەبینێت نەک وەک فەیلەسوفێک ، دەربارەی کتێبی (وەهای گوت زەردەشت) ، ئەدیبی گەورەی ئەڵمانیا (تەماس مان) دەڵێ ، (ئەم کتێبە باشترین کتێبە کە بە زمانی ئەڵمانی نووسرابێت) ، نەک تەنها کتێبکانی بەڵکو شیعرکانیشی پێن لە بیرکەی فەلسفی و ئاوێنەیەکن بە ڕەنگدانەوەی تەز و بیرکردنەوەکانی خۆی ، بەڵام شتێکی گرینگ هەیە ، نەچە پرسیارە فەلسفییەکان و ئایدیا و بیرکە

شیعرییەکانی ، لە قووڵایی و هەناوی ژیان دەردەنەت و پێوەستیان دەکاتەوە بە مرۆڤ و خۆشبەختی و بەختەوەرییەکانییەوە . دیارە نەک هەر لەلای نەچە بەڵکو ، لای زۆربەی فەیلەسوفەکانی سەردەمی مەدەرنە ، مرۆڤ دەبەتە ناوەندی گرنگیدان ، هەوەدانەکە بە بە بەرهەمهێنانی سەربەخۆیی بیرکردنەوە و عەقلی مرۆڤ .

دەرکەشانی لەژێر هەموو کاریگەرە دەرکییەکان ، دەکرێ ئەمەش بە یەکێک لە خاڵە هاوبەشەکانی نێوان شیعر و فەلسەفە حیساب بکرێن ، کە دوایی دێینە سەر خاڵە هاوبەش و جیاوازییەکان ، لێرەدا چەند نموونەیەکی شیعری نەچە دەخێینە ڕوو و قسەی لەسەر دەکرێن ، هەروەک لە کتێبی (نەچە فەیلەسوفێکی بەرزەفە) دا ، لە بەشی (پێنجەم) ، بە ناوی (نەتجە ، شاعیرێکی جیاواز دا) .. کە لە سەرەتا باسی شاعیربوونی نەچە و دواتر چەند نموونەیەکی شیعری هەناوەتەوە و ئەمە لێرەدا قسە لەسەر هەندێکییان دەکرێن . هەر لەوەدا باسی ئەوە کراوە کە ، نەچە شاعیرێکی جیاواز بووە و بە ستایلێکی جیاواز نووسیویەتی ، هەروەک مۆزوونووسی فەڕەنسی (ئەلیکسیس ڤیلەنینکە) پێیوایە (نەچە ئیستاتیکای ڕووکەشی دەقی پێش وردیی مانا خستووە ، چونکە نەتجە بەرلەوەی فەیلەسوف بێت ، بە پلەی یەکەم شاعیر بووە ، لە نەو نووسینە پێخشانی و شیعرییەکانی داهێنانی سوریالییانەی کردووە ، بە تایبەت لە کتێبی (وەهای گووت زەردەشت) هەندە دوور دەڕوات ئەستەمە تەی بگەیت …! نەچە کەسێک بووە زەر قووە بیری کردەتەوە ، هەمیشەش بە زمانی ڕەخنەیەکی توند نووسیویەتی ، تا ئاستی ئەوەی مەرگ بە خوداوەند دەخوازێ و ئەخلاق و ئایین و کەلتوورە دواکەوتووەکان ڕەتدەکاتەوە ، تا مردن لە نووسین ناکەوێت ، نەچە بە درێژایی ژیانی هەمیشە ئەوەی دووبارە کردەتەوە کەوا (هەشتا پێویستە بژیم ، چونکە هەشتا گەرەکمە بیربکەمەوە …!) ، نەچە بیری لە هەموو سەکە و گۆشە و کەلەنەکانی ژیان و مرۆڤ کردەتەوە ، ئەوەی بە فەلسەفە دەرقەتی نەهاتووە بە شیعر قسەی لەسەر کردوون ، بەیە شیعر و فەلسەفەکەی بە یەک ئاراستە ڕەیشتوون . نەچە لە شیعری (مرۆڤە بەرزەکان) دا دەڵێت .

ئەوەی ڕادەپەڕێ ، پێویستە پێیدا هەڵدەین !
وەڵێ ئەو لە بەرزاییەوە ئەمە پەسەند دەکات ،
تاکو لە سەرووی پەسەندگرەوە بژیت ،
ئەو لە بەرزی دایە ئەو لەسەر دەرگای ماڵی منە ،
ئەو لە ماڵی من نیشتەجێیە ،
هەرگیز بە دوای کەس نەکەوتووم

لە سەرووی ئەمانەش ، قەشمەم بە هەموو مامەستایەک کرد .

ئەم شیعرە تا بەڵێی شیعرێکی ناسکە ، نەچە بە زمانێکی شیعری ناسک و پە لە هارمەنیا و ئیستاتیکایەکی جوان ، کەرەک و ئامانجی بیرکردنەوە و فەلسەفەکەی خەی دەخاتە روو ، لەبەردا نەچە باس لە مرۆڤی باڵا دەکا ، ئەوانەی خودان هێز و ئیرادەی خەیانن ، دەیانەوێت ڕاپەڕین بکەن و زنجیری دیلیەتی و ستەم بپسڕنن ، ئەو پەی وایە ئەوانە لە شوێنێکی بەرزی ژیان وەستاون ، ئەوانە هێندە بەرز و خەشەویستن ، بەشێکن لە ڕووحی ئەو لە ماڵەکەی ئەو نیشتەجێن . ئەمان ئەو مرۆڤە بەرز و خودان هێز و سەربەخەیی و بیرکردنەوەی خەیانن ، کە دوای هیچ کەسێک ناکەون و بەس خەیانن و بەس ، ئەمان ئەوکەسانەن لە مامەستاکانییان فەردەبن ، سنوور و تخوبەکان دەبەزێنن و لە ئاستێکی بەرز لە مرۆڤایەتی و ژیان دەڕوانن .

هەروەها لە شیعری (جەسوور) دا دەڵێ ..
لە هەر کوێیەک بیت ، قووە هەڵکەڵێ
بنەوان لە ژەرەوەیە ،
وازبێنە لە پیاوانی ڕەشبین با بچریکێنن
" دەزێخ بەردەوام لە ژەرەوەیە " …!
لەرشدا وێنەی مرۆڤێکی جەسوور و خاوەن هێز و توانایەکی لەبن نەهاتوومان .بە دەکەشە ، ئەو مرۆڤانەی لە پێناو ئامانجە پیرۆزەکان مرۆڤی تەکەشەر و کەنەدەرن ، ئەوانەی هەمیشە بە وریەکی پڕایین و بە دید و بەرچاو ڕەشنیەوە بەرەو لوتکەی ئاسە و ئامانجەکانییان دەکەونە ڕێ ، بەوچان و نەسرەوتن ، نەچە ڕقی لە مرۆڤی لاواز و ڕەشبینە ، ڕقی لەو کەسانەیە کە هەمیشە بە پاروە نانێک دەکەوزێنەوە ، نەچە لە شوێنێک دەڵێ (مرۆڤە لاوازەکان ، ئەوانەن بە مردن باشن ، شایستە بە ژیان نین) بەیە لەم شیعرەشدا دەڵێ (واز بێنە لە پیاوانی ڕەشبین با بچریکێنن) . دەزێخ بەردەوام لە ژەرەوەیە ، مەبەستییەتی گەیشتن بە لوتکە و ئامانج ڕەنج و قوربانی دەوێت ، ئاگر و ڕووناکییەکان ، لە بنی بنەوەن ، قووەن دەبە لە هەڵکەڵین بەردەوام بین ، دیارە وشەی دەزێخ لەردا میتافەرەکە یان هەمایەکە بە ئاگر ، لە ئەفسانە و داستانەکانیش گەیشتن بە ئاگر هەمایە بە گەیشتن بە ئامانج و سەرکەوتن …!

نەچە لە شیعری (ئەویە مرۆڤ) دا دەڵێ …
بڵێ ، دەزانم لە چ بنەچەیەکم ،
وەک بڵێسە تەنووم ،
هەڵپە دەکەم و خامەش دەبمەوە ،

هەرچییەک دەستی بە دەبەم دەبەتە نوور ،
هەرچییەک جێی دەهێم پشکەیە :
بە یەکودوو من بەسەم …!

بەگومان ، لە نێو بیری نەچە مرۆڤکان دەبە مرۆڤی بەرز و دیار بن ، خودان بنەچە و شوهرەتەک و ناوەکی پایەدار و بەرزییان هەبە ، ئەمەش ئەو مرۆڤانەن هەمیشە هەپەی ژیانەکی بەرز و پاوپە لە بەختەوەری و دەستگەیشتن بە خەزگە و ئومەدەکانییانن ، وەک بەسە تەنوون بە ئەم جۆرە ژیانە ، وەک عاشق شەیدای ژیانەکی شایستە بە مرۆڤن ، ئەو مرۆڤانەی کە لەم شوێنە بەرزە بە ژیان و ئومەدە گەشکان و ئارزووە جوانەکانییان دەوانن ، ئەوانە دەست بە هەر چییەک دەبن دەبەتە نوور ، هەرچییەک جەدەهێن دەبەتە پشکە ، ژیان و دەوروبەر دەدرەشێننەوە ، چونکە وەک بەسە خاوەن نیگا و ەوانین و دیدگایەکی ەشنن بە ژیان . لەڕدا ، لە نێو بەرهەمە شیعری و فەلسەفییەکانی نەچە ، هاوئاهەنگییەک و ئاوەزانبوونەکی گرنگی نەوان فەلسەفە و شیعر دەبینین ، کە هەردووك بە یەک ئاراستە تا ئەندازەی تەکەاوبوون ، فەلسەفە بە بەرگ و ەوخساری شیعرییەوە ، شیعریش بە ناوەکی فەلسەفییەوە ، وەک ئەوەی گیانەک بن لە دوو جەستەدا . نەچە بەم هەوانەی توانی شیعر و فەلسەفە زەتر لەک نزیک بکاتەوە .

(مارتن هایدگەر) یش یەکەکە لەو فەیلەسووفانەی ، قسەی زەری لەسەر شیعر کردووە و گرنگی زەری بە شیعر داوە . بایەخدانی (مارتن هایدگەر) بە شیعر و چاولەکردنی شیعر لەم ئاستە بەرزەدا ، لە ەوانگە و تەوانینە بوونگەراییەکەی بووە بە بوونی مرۆڤ . چونکە لای (هایدگەر) ، شیعر / تەنها لایەن و پەکهاتەیەکی ئەدەبی و هونەری نییە بەکو ، شیعر ەاستەوخە پەیوەندی هەیە بە بوونی مرۆڤەوە . ئەمەش بە هایدگەر گرینگییەکی زەری هەبووە ، شیعر هونەرەکە زەتر مامەە لەگەە بوون و ناوەوەی مرۆڤ دەکات ، هایدگەر بە پەژە فەلسەفی و ئەنتەلەژییەکەی خەی لە زەر شوێن هانای بە شیعر بردووە بە تایبەت شیعرەکانی (هەدەرلین) .. تا ئەو ئاستەی پەیوابووە کە شیعر دەتوانە ەاستی بوون دەربخات . پەژە ئەنتەلەژییەکەی هایدگەریش هەروەک د. محەمەد کەمال لە کتەبی (هایدگەر و ئەنتەلەجی شیعر) دا دەە (پەژەی ئەنتەلەژی بنەەتی ، گەورەترین پەژەی فەلسەفی هایدگەرە ، لە پەرتووکی (بوون و کات) دا ، کە بەدرەژایی تەمەنی ئیشی لەسەر کردووە . ئەم پەژەیە لە شیکردنەوەی بوونگەرانەی مرۆڤەوە بە میتەدەکی فینەمینەلەجیانەی

هەرمینیەتیک دەستپەدەکات ، تاکو لەوەو لە تەگەیشتن لە بوونی مرۆڤەو (بوون) بە گشتی بگات .
شیعر ەەنگدانەوەی یان ئاوەنەیەکە بە دەرخستنی ناوەوەی مرۆڤ .. شیعر لەنەو پانتایی خەیاڵی مرۆڤ لە ژێر کاریگەری غەریزەکان و هەستەکان و خەونەکان دەتە بوون ، غەریزەکان و هەستەکان و خەونەکانیش ، ەەنگ و شێوەی مرۆڤ ەەسم دەکەن ، مرۆڤەکی تەکشکاو یان بەرزەفە ، یان ەووخاو ، واتە مرۆڤ خەی لە چوارچێوەی زەمەنەکی دیاریکراو ، هەموو خەون و هەست و ئارزووەکانی مرۆڤ ، پەیوەستن بە زەمەنەکی دیاریکراوەو ، ئەم هاوکێشەیەش بە هایدگەر زەر گرنگ بووە ، واتە مرۆڤ خەی لەگەە کات ، یان بوون و کات . بەیە لای هایدگەر شیعر لە ەیزبەندی هونەرەکان دا لە ئاستی هەرە سەرەوە بووە . چونکە لە توانای هەبووە ەاستی بوون دەربخات . بەیە پەیوابووە ، شیعر وەک فەلسەفە بیرکردنەوەیەکی داهێنرانەیە چونکە ، هەموو بیرکردنەوەیەکی فەلسەفی بەتایبەت بیرکردنەوە قووەەکان ، لە نەوخەیاندا شیعریین ، هەروەها بەرهەمە شیعرییەکانی پێن لە داهێنان ، بەتایبەت سروودەکانی هەەدەرلین و شیعرەکانی دانتی و گەتە و زەرەک لە شاعیرانی تر ، خاوەنی ەوانین و هزری بەرزن بەەام فەلسەفە نین . هەموو ئەمانەش لە ەەگەی زمانەوە دێنە بوون ، بەیە هایدگەر دەیگوت (زمان ماڵی بوونە) .هەرچەندە لەسەردەمی مەدەرنە و لە بەرئەنجامی گەشە و پەشکەوتنی تەکنەلەژیادا ، مرۆڤ تووشی نامەبوون دەبەت ، نامەبوونەک تا ئاستی ئەوەی مرۆڤ ەەسنایەتی خەی لەدەست بدات ، بە ئەم نامەبوونەی مرۆڤ هایدگەر کەپلە شیعرەکی هەەدەرلین دەهێنتەوە کە دەەە ..

ئەمە هەموو هەمایەکی نەخوێندراوەین
لە خاەەکی بەگانەدا
زمانەکەی خەشمان بیرچەتەوە

دیارە هەر لەسەدەمی تەکنەلەژیاوە مرۆڤ لە بەرئەنجای ئەم نامەییە تووشی قەیران دەبەت ، قەیرانی فکر و داهێنان و کوشتنی پرسیار .. لەگەە هەموو ئەم قەیران و نامەبوونەش هایدگەر پەیوایە (مرۆڤ شاعیرانە نیشتە جە دەبە) ، هایدگەر لەگەە ئەوە دایە ، هەموو کەس شاعیرانە بژی ، چونکە شیعر چاوساغی و ەەشناییمان دەداتە بە ناسین و ەاستی بوون ، هەروەها ژیانی شاعیرانە ، تەکەەبوونە بە ەووبەری گەردوونییەت و مانەوەیە بە تاهەتا ، چونکە زمانی شیعر هێزی ئەوەی تیایە بە ناسینی بوون و سروشتی مرۆڤ . هەربەیە لای هایدگەر و لای زەرەک لە کەسانی بیرمەند شاعیران وەک مرۆڤی گەورە یان وەک

خوداوەندەک دەیان بینن ، بەڵام خودایەک لەسەر زەوی کە بیردەکەنەوە و بوونیان هەیە .

کاتێک هایدگەر پێیوابووە کە ، شیعر بەرهەمی بیرکردنەوەی داهێنرانەیە دیارە ئەمە لەخۆانەبووە ، شیعر زمانی خواداکان و پێامبەرەکانیش بووە ، زەربەی کتێبە ئاسمانییەکان بە زمانی شیعر نووسراون ، یان زەرەک لە حەدیس و وتەی بیرمەندەکان شیعری بوون . هەر لە پێیوەند نزیکایەتی شیعر و فەلسفەوە ، شیعر پێکهاتەیەکە لە هەست و سەز ، هەست و سەزیش ڕەهەندێکی دەروونییان هەیە ، بەیە دەروونزانی چی وەک فەلسفە یان زانست ، پێیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ شیعردا هەیە ، ئەدەب و شیعر لای (سیگمەند فرەید) بەرهەمی هەستی بێئاگایین . بەیە لای وا بووە / شاعیران وەک منداڵ وان چونکە ، بەشە گرنگەکەی مەشکیان لەژێر کاریگەری نائاگاییدایە ، (فرەید) مەشکی مرۆڤی دابەشکردووە بە سێ بەش (من ، منی باڵا ، ئەد) ، (ئەد) ئەو بەشەیە ، تەواو لە ژێر کاریگەری بێئاگاییدایە ، جلەو بە ئارەزوو و غەریزەکانی شل دەکات ، بە بە گوێدانە زروف و باری مەوزوعی و دەرەوە ، لەگەڵ خۆن و ئارەزووەکان و دنیای خەیدا ڕووبەڕووە ، مەشکی منداڵیش تەواو لەژێر کاریگەری ئەو بەشەدایە ، شاعیرانیش بەهەی گرنگیدان و ئیشکردنیان لەسەر هەست و غەریزەکانیان تەواوی دەکەونە ژێر کاریگەری ئەو بەشەی مەشک ، لە کاتی نووسینی هەر دەقێک ، باری دەروونی نووسەر ، لە ڕەگەی زمان و هەما و میتافەرەکاندا ، سایە دەکەشە بەسەر ڕووبەری دەقەکەدا ، بە خوێندنەوەی هەر دەقێک سایکۆلۆژیەتی دەق پێکهاتەیەکی گرینگە ، هاوکات سایکۆلۆژیەتی خوێنەریش لەم نێوەدا گاریگەری دەبێت ، بە مانای / هەر دەقێک دەبێتە پردێک لە نێوان ساکۆلۆژیەتی نووسەر و سایکۆلۆژیەتی وەرگر ، بەیە هەندێک لە دەقەکان بە ماوەیەکی درێژتر لای خوێنەران دەمێننەوە و ئارامی و لەزەت و چێشەیەکی تایبەتییان پێدەبەخشن ، هەندەجاریش پێیان دەکەن لە گومان و نیگەرانی و پرسیار .

هەروەها (جولیا کریستیڤا) ش لە پێناو هەوڵەکانی بە (شیکردنەوە سیمۆلۆجییەکەی) گرنگی زەری بە شیکردنەوەی دەروونی داوە ، بە ئەم مەبەستەش ئیشی زەری لەسەر شیعرەکانی (مالارمە) و چەند شاعیرێکی تر کردووە ، ئەمەش لە کتێبەکانی (لە پێناو شۆڕشێک بە زمانی شیعری) و (خەری ڕەش و) و حیکایەتەکانی خەشەویستی) و چەند کتێبێکی تری ، بە ئاشکرا و بە ڕوونی دەبیندرێن . لێرەدا بەمان دەردەکەوێت کە ، شیعر و فەلسفە چەند لە یەکەوە نزیکن ، وەک دوو

توخمی هاوتەبا لەگەڵدا یەکدا زەربەی کات تەریب دەکەن ، دوای پشاندانی ئەم ڕووبەرە نزیکایەتییە هەوەدەدەین ، لەرە بەدوا ڕاستەوخۆ قسە لەسەر خاڵە هاوبەشەکانی نێوانییان بکەین لە هەمانکات ، خاڵە دژ و ناتەباکانیش .. بە نموونە / چی شیعر چی فەلسەفە ، هەردووک بوونەکی گەردوونییان هەیە و ناتوانین پێناسەیان بکەین . ناتوانین بازنەیان بە دەوردا بکێشین و لە چوارچێوەیان بدەین . هەکارەکەش ئەوەیە ، هەردووکیان لە ڕووبەرەکی هەندە فراوان ئێش دەکەن ، ناتوانین لە یەک گۆشەوە بیان بینین و خوێندنەوەیان بە بکەین .

هەروەک لە کتێبی (سەرتاکانی فەلسەفەی هاوچەرخ) دا هاتووە و دەڵێ .. (ناتوانین فەلسەفە پێناسە بکەین ، ئەمەش هەمای بە کەمال گەیشتنی فەلسەفەیە ، یان دەڵێ / دیاریکردنی پێناسەیەک بە فەلسەفە ، ئەمە سنووردارکردنی فەلسەفە دەگەیەنێت …!) . ئەم قسانە بە شیعر و بە مەسیقا و بە عەشق و بە هەموو چەمکە گەردوونییەکان هەر ڕاستە و لە ڕووی پێکهاتەییەوە هەمان بنیاد و بوونییان هەیە . خاڵێکی تر ، دەبینین زمان ئەو توخمە هاوبەشەی نێوان شیعر و فەلسەفەیە . زمان ئەو ڕووبەرە بەرین و فراوانەیە کە تیایدا ، شیعر و فەلسەفە یان مەعریفە و ئەدەب بە گشتی تیایدا گۆشە دەکەن ، لە نێو ئەم ڕووبەرە ئەفسووناوییە ، گەڵانەکان و داهێنانەکان و گەمە زمانەوانییەکان و پرسیارەکان دێنە بوون و گۆشە دەکەن . زمان ئەم بنیادە بنەڕەتییەیە ، کە پێکهاتەیەکی سەرەکییە بە مەعریفە و کلتووری هەر نەتەوە و کەمەڵگایەک .

دەتوانین ئاستی وشیاری و پێشکەوتنی هەر نەتەوە و کەمەڵگایەک لە زمانەکەیەوە ببینین . زمان توخمێکی سەرەکییە بە دەرخستن و کرانەوەی دیوە شاراوەکان و پێکهاتە ئاڵزەکانی مرۆڤ ، هەروەها پردێکە بە پێیوەندی غەریزە و بارە دەروونییەکانی ناوەوەی مرۆڤ بە جیهانی دەرەوەی خۆی ، یان ناوەوەی دەق بە دنیای دەرەوە . لێرەدا دەبینین ، شیعریش وەک فەلسەفە ئێش لەسەر مرۆڤ دەکات ، یان پێیوەندییەکانی مرۆڤ بە شتەکان و هەبووەکانی دەرەوە وەک ، خودا ، سروشت ، کەمەڵگە ، کەلتوور ، ئایین ، هەتادوایی .. ! خاڵێکی تر / پرسیار توخمێکی تری هەوبەشی نێوان شیعر و فەلسەفەیە . شیعر یەکەک لە ئامانجەکانی دروستکردنی گومان و پرسیارە لای خوێنەر ، یان زەرجاران ، لە ڕێگای پرسیارەوە مەبەست و ئامانجەکانی خۆی قووتر پێشان دەدات .

فەلسەفەش بە هەمان شێوە ، ئێش لەسەر پرسیار دەکات . هەر لە هەمان

کتێب لە(سەرەتاکانی فەلسەفەدا) هاتووە و دەبێ (فەلسەفە مانای بەردەوامبوون لە پرسیار دایە .. ، فەلسەفە لە بنەڕەتەوە لە ڕێگای پرسیارەوە دەبێ بە فەلسەفە ، یان لە شوێنێکی تردا دەبێ / فەلسەفە بیرکردنەوەیە و بیرکردنەوەش وەوژاندنی پرسیارە … ، کەواتە فەلسەفە پرسی مرۆڤکانە لەسەر بابەت یان دەخێک تەنانەت رووداوێکیش …!) . هەروەک فەلسەفە ، پرسیار لە نێو ڕووبەری دەق و زمانی شیعردا ، جێگا و شوێنێکی گرنگی هەیە بە تایبەت ، لای قوتابخانە ئەدەبییەکانی سەردەمی مەدەرنەتە ، بە نموونە / لە ستایلی شیعری پێستمەدەرنی ، پرسیار پێکهاتەیەکی گرینگە لە پاڵ / پاڕادەکس و گەمەکردن بە وشە و تەواوی پێکهاتە و تەکنیکە شیعرییەکانی تر ، هەروەها لە شیعر و فەلسەفە دا ، مرۆڤ چەقی ئیشکردن و ناوەندی ئامانجە ، چی شیعر چی فەلسەفە ، لە پێناو مرۆڤ هاتوونەتە بوون .

لەگەڵ هەموو ئەم خاڵە نزیک و هاوبەشیاندا ، دەبینین لە هەندێ شوێن / فەلسەفە و شیعر ، دژ و ناتەبا دەنێوە ، یان بە دوو ڕێگای جیاوازدا دەڕۆن . بە نموونە شیعر ئاماژە بە بوون دەکات بەڵام ، شەڤێی ناکات ..! یان لە توانایدا نییە شەڤێی بکات . شیعر وەک فەلسەفە ناتوانێ لە بوون بکۆڵێتەوە و قسە لەسەر دیوە شاراوەکانی بکات . هەروەک بە پێی بیرکردنەوەکانی (مارتن هایدگەر) شیعر وەکو فەلسەفە بیرکردنەوەیەکی داهێنرانەیە ، شیعر پێیوەندییەکی ڕاستەوخێی بە زمانەوە هەیە ، کە شێوازێکی سەرەکی و گرنگە بە دەربڕینی ڕاستی بوون ، لەڕەدا زێتر ئەوە دەبینین کە شیعر تەنها ئاماژە بە بوون دەکات ، بەدوای شەڤێ و سەلماندنی ڕاستییەکاندا ناگەڕێت ، زێتر ئەمە کاری فەلسەفە و زانستەکانن .. ئەمە گوتمان زمان ڕووبەڕ و توخمێکی هاوبەشە لە نێوان شیعر و فەلسەفەدا ، لە هەمانکات / ناوەندی دەربڕین و داهێنانەکانە . بەڵام ڕوونکرنەوە و شەڤە کردن و دەربڕینی ڕاستییەکان لە فەلسەفەدا ڕاستەوخێیە ، واتە فەلسەفە دوور لە کەد و هەماکان بە زمانێکی ڕووت و ڕەوان لە شتەکان دەدوێت ، بەڵام شیعر لەسەر میتافەر و ئاماژە و هەماکان ئیش دەکات ، بە دیوێکی تر / دەتوانین بڵێین لە شیعردا دەربڕینی مەبەست و ئامانجەکان ناڕاستەوخێن . ئەمە یەکەکە لەو جیاوازییە سەرەکییانەی نێوان شیعر و فەلسەفە ، بەیە ناتوانین هەردووک بکەین بە خاوەنی یەک شوناس . پرسیاریش ئەم توخمەیە جگە لە بوونی خاڵی هاوبەش لەنێوانیاندا بەڵام ، بەدیوێکدا دەتوانین هەر لەنێو ڕووبەری پرسیاردا ، جیاوازی لە نێوان شیعر و فەلسەفەدا ببینین چونکە ، شیعر وەکو فەلسەفە لەسەر پرسیار ئیش دەکات و پرسیار

دەوژەنە ، بەڵام / بە دوای وەڵام بە پرسیارەکاندا ناگەڕێت …!

تەمووزی ٢٠١٧

_____

_ سەرچاوەکان :

١/ کتێبی (سەرتاکانی فەلسەفەی هاوچەرخ)
نووسینی / پرۆفیسەر مەحمود خاتەمی .. وەرگێڕانی / سەعید کاکی
٢/ کتێبی (نێچە فەیلەسووفێکی بەرزەفڕە)
نووسینی / حەیدەر عەبدوڵا
٣/ کتێبی (شیعر و ئەرستە) .. وەرگێڕانی / د. محەمەد کەمال
٤/ وتاری (هایدگەر و ئەنتەلۆگی شیعر) .. د. محەمەد کەمال
گۆڤاری شیعر ژمارە ١ ساڵی ٢٠١٦
٥/ دیمانەی ڕۆژنامەی (هاوڵاتی) لەگەڵ د. محەمەد کەمال / بەشی پێنجەم
٦/ کتێبی (philosophical classics) Editor By: James M. Russell
٧/ کتێبی (prominent Greeks of Antquity their Live and works)
٨/ کتێبی (Greek mythology and Religion)
٩ / چەند سەرچاوەیەکیتری ئینتەرنێت دەربارەی شیعر و فەلسەفە .

هەمیشە ئاشبەتاڵ … ناڵە حەسەن

وا پەدەچێ
قەدەری ئێمە وابووبێ
لە نێو منداڵدانی مردنەوە
لەدایکبووبین
بە یەک فرچکمان بەوە گرتووە
بە تا ئەبەد
لە نێو مرندا بژین
لە نێو مرندا عەشق بکەین
لە نێو مرندا سرووود بڵێین
لە نێو مرندا سما بکەین

هەر لەنێو مردنیشدا بمرین
وا پێدەچێ
قەدەری ئەمە وابووبێ
کە لەنێو تەبەندە تاریکەکانی مردنەوە
بە یەکەمینجار
دەرگای ژیانمان لێکرابێتەوە
بەیە فرچکمان بەوە گرتووە
بە تا ئەبەد
ڕووناکی مردن لەنێو چاومان بە
خەرتاوی مردن لەنێو خۆنەکانمان بە
کە دەشفەین
درەختێک نەبە لەسەری بنیشینەوە
کە لەنێو شەوە ئەنگوستچاوەکانیش وندەبین
دەرگایەک نەبە لەی بەینە دەرەوە
لەسەر یەکبەیەکی ئەستێرەکاندا
لەسەر زەوی و
لەنێو بەشایی ئاسماندا
بستەخاکێک نەبە
بیکەین بە نیشتیمان و ماڵ
هەر / ئاشبەتاڵ و هەمیشە ئاشبەتاڵ …!

١٧ی ئەکتەبەری ٢٠١٧

شیعر و چەمکەکانی ئیرەس وسانا تەس و ئەبەدییەت …. ناڵە حەسەن

بە خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئەربکەن ....

شیعر و هەڵەکەست ... ناڕێ حەسەن

هەڵەکەست بە مانای کوشتنی بە کەمێ دەت یان هەوەدان بە سینەوە و لەناوبردنی کەمێگەیەک یان کەسانێک بەهەی / جیاوازی ڕێگەز ، ئایین ، پەست ....یان هەر جیاوازییەکی تر . هەڵەکەست و گینەساید ، لە مێژووی مرۆڤایەتیدا لە زەر شوێن و سەردەمدا ڕوویانداوە. هەروەک هەڵەکەستی جولەکەکان لەلایەن هیتلەر و ئەلمانیای نازی ، لە ساڵی ١٩٣٩ تا ساڵی ١٩٤٥ بەردەوامبوو ، ئاکامەکەش شەش ملیەن مرۆڤی جولەکە بوونە قوربانی ، هەکارەکەش بە پەی لەکدانەوە و بەچوونی هیتلەر و نازییەکان ، گوایە یەکێک لە هەکاری دەڕانییان لە جەنگی یەکەمی جیهانی ، جولەکەکان بوون کەوا ، یارمەتی دوژمنییان داوە و لە پشتەا خەنجەری ژەهراوییان لەداون . هەربەیە هەوەدەن تەڕیان لە بسەنەوە ، ئەنجامەکەش بە هەڵەکەست کەتایی هات .. لەڕەدا مەبەستمانە بەدواداچوونێک بە شیعر و هەڵەکەست بکەین ، دەمانەوە هەوەستە لەسەر ئەوە بکەین ، کەوا شیعر لە توانای دا هەیە ئەم جەرە ڕووداو و کارەساتە مێژوویانە بنووسەتەوە ؟ یان لە نووسینەوەی کارەساتێکی تراژیدیای جەرگبەی وەک هەڵەکەست یان ئەنفال ، کە هەزارەها یان ملیۆنەها مرۆڤ دەبنە قوربانی . ئایا زمانی شیعر چۆن ئیش دەکات ؟ یان لەم جەرە دەقە شیعرییانە چۆن مامەڵە لەگەڵ زمان دەکرەت ؟ هەروەک دەزانین زمانی شیعر و ئەدەبیات وا پەویست دەکات زمانێکی جیاواز بەت لە زمانی قسە کردن بەمانای ، زمانێک بەت لادانی تیابەت و جیاواز بە ، هەروەها ئیش لەسەر داهێنان بکات بەمەبەستی بەرهەمهێنانی جوانی .

یان لەمجەرە دەقە شیعرییانەی کە ڕووداو و کارەساتە گەورە مێژوویەکان دەنووسنەوە ، چۆن ئیش لەسەر کەد و هەماکان دەکرەت ؟ یان زمان لە نەو رووبەری مەرگ بە چ شەوێک مامەڵە لەگەڵ وشە و

سیستەمە ڕەزمانییەکان دەکات ؟ یان خودی کەسەکان و شاعیرەکان ، ئەوانەی لە نێو ڕووداوەکان بوون و دواتر ڕزگاریان بووە ، جیاوازی زمان و ئاستی داهێنانی دەقە شیعرییەکانییان ، لەگەڵ ئەو کەس و شاعیرانەی کە لە دەرەوەی ڕووداوەکان بوون چۆنە ..؟ نازییەکان ئەو هێزە فاشیستە بوون پێش کوشتنی مرۆڤەکان ، کتێبەکانیان سووتاند ، ئاگرییان لە فەلسەفە و ئەدەب و زانست و مەعریفە بەردا .. هەڵەکەست کارساتێک بوو ، ژیانی لە ملیۆنەها مرۆڤ سەندەوە ، خۆون و ئومێدی ملیۆنەهای خنکاند ، مردنی بەوکەسانەش بەخشی کە لە ژیان مانەوە ، هەندێ کەس لە هەڵەکەست ڕزگاریان بوو بەڵام ، تا مردن لە گەڵ خەیاڵ و بیرکردنەوە ڕەشەکان و لەگەڵ یادگارییە تاڵەکان ژیانییان بەسەر برد .

ئەوانەی لە هەڵەکەست بەشدار بوون ، ڕەژانە لەگەڵ برسییەتی و ترس و تەقاندن و کاری قورس ڕووبەڕوو بوون ، کوشتن و سووتاندنی کەسە نزیکەکان و هاوێکانییان بە بەرچاویانەوە ، زۆرێک لە شاعیر و ڕەماننووسەکان ، ئەوانەی شیعر و ڕەمانەکانییان بە هەڵەکەست نووسیوە ، زۆتر مەبەستییان خە بەتاڵکردنەوە بوو ، لەدەست بیرکە ڕەشەکان و خۆون و خەیاڵە مەرگئامێزەکان ، هەڵەکەست بە مانای درێژبوونەوەی مەرگ بە نێو ژیان . هەروەک (ماریان کامپینسکی) شاعیر و نووسەری پەلەندی ، یەکێک لە ڕزگاربووانی هەڵەکەست ، لە کتێبکدا بە ناوی (منتان لە بیر بە) ، باسی ئەو ئازار و موعاناتەی خەی دەکات ..
کتێبەکە باس لە بە هەڵەکەست بوونی خەیی و کەسە پەلەندییەکانی شارەکەی خەی دەکات ، لە کاتی هاتنی نازییەکان و گواستنەوەیان بە کەمپەکان و تا ئازادبوون و ڕزگاربوونییان ، چیەکی ژیانی نێو هەڵەکەست و دوای هەڵەکەستیش دەگێڕێتەوە . هەر لەم کتێبەدا باسی ئەو ئازار و خەیاڵە مەرگئامێزەی کە شوانان ناهێڵی بخۆون ، خەیاڵە ناخۆشەکان هەراسانی کردوون و بارێکی دەروونی شواوی بە دروست کردوون . بە خە بەتاڵکردنەوە لەم خەیاڵە مەرگئامێزانە ، شوانان لە تاو ئازار و فرمێسک دەستی دەدایە قەڵەم و هەست و ناخ و خەی دەنووسییەوە ، لە سەرەتای کتێبەکە باس لەم ژان و میحنەتانەی خەی دەکات ، هەر لەوکاتانە شیعری (ناتوانین لەبیری کەین) ی نووسیوە .

ئەم شیعرە و زۆرێک لە شیعرەکانی تری زادەی ئەم بیرکردنەوانە و ئەم چرکەساتانەن ، بە نموونە شیعرەکانی (بەرائەت ، من کەم ، گەنجینەی ژیان و چەندانی تر …) ، نەک تەنها شیعری ئەم خانمە

زربی ئەو شاعیرانەی ، شیعرییان بە هەڵەکەست نووسیوە لە شیعرەکانیاندا ، باس لە مردنی بە کەمە و ئەشوئازارەکی بوونە و یادگاریە ەش و تاەکان دەکەن ، یان باس لە فاشیەت و مامەی نامرەیانەی نازیەکان دەکەن . شاعیرەکی تر بە ناوی (مارتین نیمەلەر) لە شیعرەکدا بە ناوی (یەکەمینجار کە هاتن) .. ناوەکی شیعرەکە باس لە هاتنی نازیەکان دەکات ، یەکەمینجار کە دەن ، چەن وەک رەشبگیریەکی سەرتاپایی هەموو کەسەک دەبەن ، داواتر هەرخەی بە تەنیا دەمنەتەوە ، پاشان خەشی دەبەن ، ەشبگیریەک / لە کەس نابوورن و دەست لەکەس ناپارەزن ، زانا ، دانا ، شاعیر ، ەماننووس ، فەیلەسوف ، کاسبکار ، هەرکەسەک تەنها جوولەکە بەت و بەس ، یان خانمە شاعیرەکی تر بە ناوی (بەربارە سینەک) لە شیعرەکدا بە ناوی (لە دەر زمانەوە) باس لە کارەساتی هەڵەکەست دەکات ، بە زمانەکی شیرین و جوان ، باس لە سادەیی خەک دەکات ، کە چەن هەموویان لە ئامەزی خەشویستی بە یەکتری ، لە ئامەزی خەون و ئومەدەکانییان دەژیان ، بەام لە پەکا هەڵەکەست وەک ەشبایەک دەت زەر نامرەقانە و دەندا ژیانی ملیەنەها کەس کەتایی پە دەهەنەت . سەرەتای شیعرەکە وا دەست پەدەکات (ئەمە یاریمان دەکرد و پەدەکەنین و خەشویست بووین ، لە باوەشی دایک و باوکمان دەریانهەناین و فەدراینە نەو ئاگر ، ئەمە تەنها مندال بووین و هیچیتر ....) ئەگەر سەیری شیعرەکانی هەڵەکەست بکەین دەبینین ، هەموویان لە ەووی فەرم و مانا و تەنانەت پەکهاتەی شیعریەوە لە یەکتریەوە نزیکن ، هەموویان زەتر مامەلە لەگەە مردن دەکەن ، مردن ەووبەرەکی فراوانی داگیر کردووە ، هەموو باس لە بەرائەتی مرەڤکان دەکەن ، ئەوانەی بە بە هە لە ژیان دوور خرانەوە و لە هەموو خەشیەکان و جوانیەکان بەبەش کران ، هەر لەبەرئەوەی تەنها جولەکە بوون ، هەموو باسی دەندەیی و ەفتارە نامرەیەکانی نازیە فاشیستەکان دەکەن .. بەمانایەکی تر ، شیعری هەڵەکەست ، هەندەی مامەکردنە لەگەە مردن و برسیەتی و ئەش و ئازار یان خەون و خەیاە ترسناکەکان ، هەندە مامەکردن نیە لەگەە زمان و وشە و هەما و بنەما شیعریەکان .. یاخود هەوەدان بە بەکارهەنانی فەمی نوە و جیاواز ، زیاتر ئیشیان لەسەر ناوەک و مانای شیعرەکان دەکرد .

ئەوەش بەمانای ئەوەی نیە کە شیعرییەت لە شیعرەکانی هەڵەکەست دا نیە ، بە شەویەکی گشتی لە شیعردا ، پەیوەندی نەوان فەم و ناوەک پەیوەندیەکی هاوتەریب و توندوتەە و لەکنەپچەاوە ، هەریەکە و بە جەرەک جوانی بەرهەمدەهەنن و پەخشی دەکەن بە نەو

ووبەری دەقەکەدا ، لە هەندێ شیعر ، فەرمەکان زاڵ دەبن و زۆتر لە نێو ووبەری جوانی دەق دەردەکەون ، لە هەندێکیان ناوەڕۆکەکە ، لە هەندێکیان هەردووک پێکەوە . لە شیعرەکانی هەڵەکەست زۆتر ناوەڕۆکەکان دەبنە پنتی بەخشینی ئارامی و چێژ و جوانی ، یان دەبن بە سەرچاوەیەک بە وەبەرهەمهێنانی جوانی و چێژ . ئەویش بە هەی دەستبەربوونی ئەم مانا قووە و ئەم هەستە مرۆییانەی کە لە نێو شیعرەکان دەخرێنە ووو .. ئاخر ئاسان نییە ، مامەڵەکردن لەگەڵ ووداوێک یان کارەساتێکی گەورە و جەرگبڕی وەک هەڵەکەست ، دیارە باوەڕمان بەوە هەیە کە شیعر ، دەتوانێ تەواوی ژیان بنووسێتەوە بە هەڵەکەستیشەوە ، یان بە هەموو کارەسات و دیاردەکان و بە هەموو رووبەرەکانییەوە .

لە نووسینەوەی هەڵەکەست و ووداوە تراژیدییەکان ، زەرجاران شیعر دەبێتە هەکار تا ئەوەی ئامانج بێت ، زەربەی ئەو شاعیرانەی شیعرییان بە هەڵەکەست نووسیوە ، بەتایبەت ئەوانەی لە کارەساتەکە بەشدار بوون ، بە مانای ئەو کەسانەو تا کۆتایی ، لە نێو مردن و برسیێتی و ئازارەکاندا مابوونەوە ، دوای ڕزگاربوونیش ، مردن و خەون و خەیاڵە ناخۆش و تاڵەکان ، بەشێک بوون لە ژیان و بیرکردنەوەکانییان ، ئەوانە بە دوو مەبەست شیعرەکانییان دەنووسی ، یەکەم / بە خەبەتاڵکردنەوە ، دووەم / بە گەیاندنی کارەساتی هەڵەکەست وەکو خەی . ئەم (خەبەتاڵکردنەوە و گەیاندنە) سەبەری کردبوو بەسەر هەموو شیعرەکاندا ، وایکردبوو هەموو شیعرەکان هەکارەک بن بە ئەم دوو مەبەستە ، ئەوەتا (ماریان کامپینسکی) بە ووون و ئاشکرا لە شوێنێکی کتێبەکەی باسیکردووە کەوا ، هیچ شوێک نەیتوانیوە بەئاسایی بخەوە ، درەنگە شەوان ، گەورەترین ئازاری دەبینی بەدەست خەیاڵە ناخۆشەکان ، شەوانان لە جیاتی خەو کاری

فرمێسک ڕشتن و گریان و ئازار چێشتن بووە ، گریان بە شێش ملیۆن قوربانی ، گریان بە ناسکترین و جوانترین تەمەنی لەدەستچووی ، چونکە کاتێک نازیەکان دەگەنە پەلەند دوای سێ مانگ (ماریان) تەمەنی دەبێتە چواردە ساڵ ، واتە مەردمنداڵی و سەرەتای گەنجێتی ، کاتێک ڕزگاریان دەبێ و هەڵەکەست کەتایی دێت ، ئەم تەمەنی دەبێتە نەزدە ساڵ ، لە ڕاستیدا ڕزگاربوونییان هەرئەوەندە بوو ، لە کەمپەکان و لە دەست برسییەتی ڕزگاریان دەبێ ، ئازاد دەبن و دەگەڕێنەوە نێو ئاوەدانی ، ئەگینا ، مەرگ هەر لە گەڕیاندا دەمێنێتەوە و دەبێتە بەشێک لە بوون و ئایندەیان ..! بۆیە هەموو شوێک خۆیان ناخۆشکان و بیرکردنەوەکان ، بە جۆرێک فشاری ڕۆحی و دەروونییان بە دەهێنا ، تا ئاستی ئەوەی هەندجار جێستەی ڕۆق دەبوو وەک سەهۆڵ ، ناچار دەبوو ئەم هەستە خەمناك و مەرگاویەی ، لە نووسین و شیعرکانی خۆی دەربڕێ و خۆی بەتاڵدەکردەوە ..! لایەکیتریش مەبەستییان بوو ، ئەم کارەساتە تراژیدیا و گۆرەیەی هەڵەکەست وەکو خۆی بگێڕنن ، چ بە دنیا و چ بە نەوەکانی داهاتوو. ئەگەر لەبەرەوە لە (گەستانی چراکان) ی شەرکە بەکەس ورد بینەوە ، کە وەک دەقێکی درێژ بە (ئەنفال) نووسراوە ، بە بەراورد لەگەڵ ئەو شیعرانەی بە هەڵەکەست ، دەبینین لایەنی زمانەوانی و ئیستاتیکا و شیعریەت و داهێنان لە ئاستێکی بەرزدایە ، زێتر ئیش لەسەر تەکنیک و هونەری زمان کرایە لە هەمانکاتیش ناوەکەکی قووە و پە مانا و بەرزی هەیە .. پێکهاتە زمانییەکەی دەق بە تایبەت ، میتافەر و ئاماژە و هیما و وشە و دەستواژەکان زۆر سەرنجڕاکێش و پڕن لە ئیستاتیکای شیعری .

دیارە لەلایەک ، ئەوە پێیوەندی بە توانا و ئەزموونی شاعیرەکەوە هەیە ، لەلایەکیتر / پێیوەندی بە خاڵێکی جەوهەری هەیە ئەویش ، لە (گەستانی چراکان) دا / شیعر ئامانجە نەک هەکار ، (شەرکە بەکەس) تەنها مەبەستی خەبەتاکردنەوە و گەیاندن نەبووە ، (شەرکە بەکەس) مەبەستی بووە (ئەنفال) بکات بە شیعر ، بە مانایەکیتر بە زمانی شیعر ئەنفال بنووسێتەوە ، یان بەرگی شیعر بکاتە بەر ئەنفال ، بۆیە دەبینین لە نێو دەقەکەدا ، لەسەر زۆر ڕەهەند و چەمکی جیاواز ئیش دەکات وەک (سەفەر ، عەشق ، مقاومەت ، مەرگ ، یادەوەری ، هەستی نەتەوەیی … زۆر چەمک و ڕەهەندی تر) گەستانی چراکان چ وەک ناونیشان چ وەک دەق پەاوپەڕ لە داهێنان و جوانکاری شیعری ، ئەم قەسیدەیە بە سەلیقە و توانا و هەناسەیەکی درێژەوە نووسراوە ، هەرچەندە لە زۆر شوێن گەڕانەوەیەکی ڕووت سایە دەکات بە سەر دەقەکە و زمانی شیعر لە زمانی چیەڕەک نزیک دەبێتەوە

، ئەمەش شاعیر بە مەبەستەوە ئەوەی کردووە ، هەر بۆیە دەقە درێژەکانی ناوناون (دەقی ئاوەڵا) ، شەرکە بەکەس بە دەربەینەکی پە لە ئیستاتیکای شیعری لە (گەڵستانی چراکان) دەڵێ ، (سەفەرە بە سواری تراویلکە و بە سواری هەواڵی ناوەخت .. / سەفەرە بە مەملەکەتە لە شارەکانی خەڵەمەش … / یان سەفەرەک پە لە ئەسک و پروسکی هەتاو …!) ئەم دەربەینە شیعرییانە گەتە و دەربەینی جوان و ناسک و شیعرییین ، تا ئاستێکی بەرز چێژ و ئارامیی بە ڕەحی خوێنەرەکان دەبەخشن…! ، (سەفەرەک پە لە ئەسک و پروسکی هەتاو) بە مانای ، سەفەرەک پە لە مەرگی هەتاو ، یانی سەفەری مەرگ و نەگەڕانەوە / یانی ئەنفال …! ئەسک و پروسک ، ئاماژەیە بە مەرگ ، مەرگ دوا پنتی سەفەرەکەیە ، مەرگ مانایەک یان شوناسێک بە سەفەرەکە دەبەخشە و دەبەتە (سەفەری مەرگ) .

ئەمەش ئاماژەیە بە ئەنفال ، ئیشکردن لەسەر وشەکان و ئاماژە و میتافەرەکان و یان ئەمشەو مامەڵەکردنە لەگەڵ زمان ، بەستێکی قووڵی بە قەسیدەکە داوە ، دەبینین لە (گەڵستانی چراکان) مەرگ تاکە چەمک و تاکە ڕووبەر نییە کە شیرکە بەکەس ئیشی لەسەر کردبە ، ڕەنگە ئەمەش هەکارەکەی بە ئەوە بگەڕێتەوە کە ، شەرکە بەکەس ، یەکێک نەبووە لە ئەنفالبووەکان ، کەسێک نەبووە لە نەو بیابانەکان و لە نەو چاڵەکان ڕاکشابە ، لە نەو قیژە و هاوارەکان ، مردنی بە چاوەکانی خۆی بینی بە ، بە مانای شەرکە بەکەس لە دەرەوەی ڕووداوەکە شتەکانی بینیوە ، جیاوازە لەگەڵ بینینی کەسێک کە خۆی لە ناو ڕووداوەکە و یان بەشێک بێت لە ڕووداوەکە ، وەک ئەو شاعیرانەی شیعرییان بە هەڵەکەست نووسیوە ، کە زەربەیان لە گیراوەکان بوون و لە نەو کەرەساتەکە و لە نەو ڕووداوەکان بوون ، هەموویان لە نەو کەمپەکانی مردن لە گەڵ مردندا دەژیان .

مەبەستمە ئەوە بڵێم ، ئەوانەی لە دەرەوە سەیری ڕووداوەکان دەکەن ، وەک ئەوانەی خۆیان لە ناو ڕووداوەکانن وەکو یەک / ڕەنگەکان و کاریگەرییەکان و ئازارەکان و مردنەکان نابینن ..! ئەو مردنەی لە نەو شوەکان و لە نەو چاڵە بە کەمەڵەکانی ئەنفال هەبوو ، هەرگیز شەرکە بەکەس یان هەر کەسێکی دەرەوەی ڕووداوەکە ناتوانە وەکو خۆی بیبینێت . بەمانایەکی تر ، ئەوانەی لە دەرەوەن ، بە چاوی خۆیان سەیری کارلەک و پەکهاتە و کاریگەرییەکانی ڕووداوەکان دەکەن ، وە شتێکی ئاشکرا و دیاریشە لە نەوان چاوی خۆیان و چاوی واقیع ، زەر پەکهاتە و ڕەهەند و کارلەک و هاوکەشەی جیاواز هەن ، شاعیرانی هەڵەکەست ئەوانەی لە کەمپەکانی مردن بەشداربوون ، مردنییان بە

ووتی دەبینی ، بەیە لە نەو شیعر و نووسینەکانییان باسییان لە مردنەکی ووت کردووە ، دەبینین / چ لە شیعر و نووسینەکانییان ، چ لە ژیانی ڕۆژانەی خەیان خە بە دوورگرتن و لە بیرکردنی ئەم مردنە ، کارەکی نەکردە و ئەستەم بووە . بەیە هەموو شاعیرەکان لە نەو ئەم ووبارە ئیشییان کردووە ، یان هەریەکە و بە جۆرەک ئیشییان لەسەر دیوەکی مردن کردووە ، یان چەمکی هەلەکەست بە گشتی ، خەی لە مردن و قەکردن و سینەوە دەبینتەوە یان سەفەری مردنی بە کەمە ...! وا لە خوارەوە چەند نموونەیەکی شیعری هەلەکەستی دەخینەووو .

– چەند شیعرەکی هەلەکەستی

١ / (یەکەمینجار کە هاتن)

شیعری / مارتین نیمەلەر



یەکەمینجار بە کەمەنیستەکان هاتن
من هیچ قسەیەکم نەکرد
چونکە من کەمەنیست نەبووم
دواتر بە سوشیالیستەکان هاتن
من هیچ قسەیەکم نەکرد
چونکە من سۆشیالیست نەبووم
پاشان بە کرەکارەکان هاتن
من هیچ قسەیەکم نەکرد
چونکە من کرەکار نەبووم
پاشان بە جولەکەکان هاتن

منیش هیچ قسەیەکم نەکرد
چونکە من جولەکە نەبووم
دواتر بە منیش هاتن
بینیم هیچ کەسێک لەوەدا نەماوە
تا قسەیەک بە من بکات …!

_____

٢ / (لە دەر زەمانەوە)

شیعری / بەربارا سەنیک

یاریمان دەکرد و پەدەکەنین
بەختەوەر و خۆشویست بووین
لە نەو باوەشی دایک و باوکمان دەریان هەناین
فەدراینە نەو ئاگرەوە
تەنها منداڵ بووین و هیچیتر
ئەمەش ئایندەمان هەبوو ،
دەبووین بە پارەزەر ، خەزانمان پەکدەهەنا ،
دەبووین بە دایک ، بە مامەستا
خەونی جوانمان هەبوو
دواتر ئومەدەکانمان درانە دەم با
لە پەکدا ،
دوور خراینەوە لە شوەکی مردوودا
وەک شتە بەبەهاکان
فەیانداینە نەو ئوتومبەلەکان
تەنگ و تاریک ، نیگەران و هەناسەسوار
گریان ، برسیەتی ، مردن
لە ئاوەدانی لە دنیا دوورخراینەوە ، سایەنەوە
بە ەەحیکی خەەمەشیەوە هاوارمان دەکرد
با ئەمە بەسەر مرۆڤکان دووبارە نەبەتەوە
ئەمەتان لە بیر بە
ئەمە ئەو منداڵانە بووین
کە خەون و ژیانیان دزین و دوورخراینەوە …!

_____-

٣ / (من ناتوانم لە بیری کەم)

شیعری / ئەلیکساندەر کیمەل



ئایا من دەمەوێت بیرم بێتەوە ؟
ئارامی گەتە بەر لە داگیرکردنی
لەرزینی منداڵان وەک گەڵا لە نێو بادا
گەڕانی دایکان بە لەتە نانێک
تارمایی ئاوسانی ڕانەکان و جولانەوەیان لەگەڵ ترس
نا ، من نامەوێ بیرم بێتەوە ، بەڵام چۆن بتوانم لە بیری کەم ؟
ئایا من دەمەوێ بیرم بێتەوە ، دروستکردنەوەی دەزگەخ ؟
سەدای داگیرکارەکان و کەیف و سەفای ڕاوکردنییان
ناڵەی بریندارەکان و نزاکانییان بە ژیان
سیمای دایکەکان وەک پەیکەرێک پە ببە لە ئازار
ژانی ترس لە نێو خەیاڵدانی ونبوونی منداڵەکان
نا ، من نامەوێ بیرم بێتەوە ، بەڵام چۆن بتوانم لە بیری کەم ؟
ئایا من دەمەوێت بیرم بێتەوە ، گەڕانەوەی ساتە تەقنەرەکان ؟
دیارنەمانی خێزانەکان بە ڕەژی ڕووناک
هەستانی هەڵمی خوێناوی لە گەرە بەکەمەڵەکان
بەهوودەیی گەڕانی دایکان بە منداڵەکان
ئازارەکانی گەتە کە جەرگبەبوون وەک چەق
نا ، من نامەوێت بیرم بێتەوە ، بەڵام چۆن بتوانم لە بیری کەم ؟
ئایا من دەمەوێت بیرم بێتەوە ، هاوارەکانی شەوانم
کرانەوەی بە ئاستەمی دەرگاکان و بەاوبوونەوەی پەرەموجەکان لە بادا
بۆنی خوێنی بەفرە تواوەکان لە شەودا
هاوسەزی مانگ بەدەم ڕەشنکردنەوەی ڕەگا و شوێنەکاندا

شەوانی ڕوخسار و بەبەهایی بوون ، بە بە کەسکانی خەزاندا
نا ، من نامەوێ بیرم بێتەوە ، بەڵام چۆن بتوانم لە بیری کەم ؟
ئایا من دەمەوێت بیرم بێتەوە ؟
کاتێک ئەوانەی ڕەیشتوون خوداوەند مردنەکی کتوپڕی پێبەخشین
ئەوانەیش کە ماونەتەوە لەگەڵ ئازار و میحنەت دەتلێنەوە
گواستنەوە بە شوێنە نامە و نادیارەکان
گەیینی جەستە و ڕەحەکان بە گاز و خەڵمەش
نا ، من دەبە بە بیرم بێتەوە و هەرگیز نەهێڵم بیرم بچێتەوە … !

_____

سەرچاوەکان :-
١/ کتێبی (Fascism)
By Roger Eatwell
٢/ کتێبی (Remember me)
A Holocaust SurvivorS Story
Marian Kampinski
٢/ چەند سایتێکی ئینتەرنێت لەوانە ،
Holocaust Poetry –
– Poems For Holocaust , Poem Hunter

(٢٠١٦) … ناڵە حەسەن

ئەی تەمەن لەبەردا بوەستە
چ بەدبەختییەکی گەورە بوو
لە کاتێکی ناوەخت هاتینە دنیا
لەوەش بەدبەخت تر
بە نەو شەوکان و
بە هەورازە سەختەکانی
ئەم ساڵە شووەدا دا تێپەڕین
بە نەو کەڵان بە کەڵان و ژوور بە ژووری
ئەم ساڵە تاریکەدا تێپەڕین
بە نەو هەموو ڕەژ و مانگ و وەرزەکانی
ئەم ساڵە بە سەرەدا تێپەڕی

ساڵێکی پڕ لە ئافات و پڕ لە جەنگ و پڕ لە مردن
ساڵێک / پڕ لە خنکاندنی خۆنەکان
ساڵێک / پڕ لە ژاندنی چاوی ڕازەکان
ساڵێک / پڕ لە مردنی مرازەکان
ساڵێکی خوێناوی و سوور سوور
ساڵێکی ڕەشی شووم شووم
ئەی تەمەن لەرەدا بوەستە
بەم هەموو برین و زامەوە
چەن دەڵێی بە نەو ساڵێکی تر
بەم هەموو فرمێسک و گریانەوە
چەن دەڵێی بە نەو ڕووبارەکی تر
بەم هەموو خەڵەمێش و خوێنەوە
چەن دەڵێی بە نەو تابلۆیەکی تر
ئەی تەمەن لەرەدا بوەستە
ئارەقەی شەرمەزاری بەژە
کە بەهاکانی /
هەموو ژیان و بوون و
بەهاکانی /
هەموو شتە جوانەکانت
بە لەسەر شەستەکان و
لە نەو تونەل و زەرابەکان دا کەکەرەوە
ئەی تەمەن لەرەدا بوەستە
ئەی مرۆڤ / لەرەدا بوەستە و
پەتەک هەڵواسە بە خەت
بەم هەموو برسیەتی و ناڕەناڕەوە
بەم هەموو جەنگ و مردنەوە
بەم هەموو خوێن و خنکانەوە
بەم هەموو خەمەکی و شەتبوونەوە
بەم هەموو دەڵان و تەشکانەوە
چەن دەڵێی بە نەو ساڵێکی تر
چەن دەڵێی بە نەو گەڵستانێکی تر
چەن دەڵێی بە نەو دەزەخێکی تر
ئەی تەمەن
تکایە لەرەدا بوەستە
هەموو کاتژمێرەکان و
هەموو وەرزەکان و
هەموو ساڵەکانی

عەشق و موحیببەت تەپڕین
لەردا بوەستە ئەی تەمەن
مەڵە بە نەو ساڵکی تر و
دەزەخکی تر و مردنکی تر
ئەی تەمەن / لەو نوختە ڕەش بوەستە زەتر مەڵە
لە نەو ئەم گەماوە ڕەش پە خونە بوەستە / زەتر مەڵە
لە نەو ئەم وەرزە ڕەش وشکەانییە بە گوڵگەنمە بوەستە / زەتر مەڵە
لە نەو ئەم مەگە و مەزرا و مەرزە ڕەشانەی مردن بوەستە / زەتر مەڵە
بوەستە ئەی تەمەن
بەم هەموو بەرگە ڕەشەوە
بەم هەموو جەستە ڕەشەوە
بەم هەموو دڵە ڕەشەوە
بەم هەموو خونە ڕەشەوە
بەم هەموو مەژووە ڕەشەوە / بە کوە دەڵەی
ساڵکی شووم شووم شووم
ساڵکی ڕەش ڕەش ڕەش
لەردا بوەستە ئەی تەمەن
تا هەموو /
خنکان و مردن و کەچ و برسییەتی و ئافاتەکانت
دەبن بە بیرەوەری
لەردا بوەستە ئەی تەمەن
تا دەبیت /
بە باخچەیەک لە ڕووناکی
بە تاڤگەیەک لە ئارامی
بە گوەدانەک لە خەندەی سپی
لەردا بوەستە ئەی تەمەن
تکایە مەڵە
بە نەو ساڵکی تر و
بە نەو گەڵستانکی تر و
بە نەو دەزەخکی تر
تکایە مەڵە ئەی تەمەن
مەڵە تکایە ...!

٣١/ ١٢ / ٢٠١٦

بۆچی شیعر پێناسە ناکرێ ؟ … ناوی حەسەن

بە وەڵامدانەوەی پرسیاری (بۆچی شیعر پێناسە ناکرێ … ؟) یان (بە ناتوانین شیعر پێناسە بکەین …؟) ، هەروەها قسەکردن لە هەکارەکان ، وا پێویست دەکات تێگەیشتنێکی ڕۆشن و دروستمان لەسەر شیعر هەبێت . شیعر دەتوانێ لەسەر هەموو بابەتێک بنووسێ ، یان قسە لەسەر هەموو بابەتێک بکات . هەکارەکەش ئەوەیە ، شیعر لە نێو ڕووبەری خەیاڵ دەتە بوون . ڕووبەری خەیاڵیش ، ڕووبەرێکی فراوان و بێ سنوورە . پێسەی نووسینی شیعر بەم شێوەیە ، شاعیر لەسەرتاوە بیر دەکاتەوە ، دواتر لە نێو بیرکردنەوەکانی قووە دەبێتەوە ، دەگاتە ئاستی (ئەندێشە) واتە خەیاڵ .
لەوەوە شاعیر لە ڕێگەی زمانەوە گۆڕان و داهێنانەکانی خۆی دەکات . یان لە پێکا بیرکەیەک یان خەیاڵێکی شیعریت بە دەت دواتر ، لە ڕێگەی بیرکردنەوە بە نێو خەیاڵەکەت قووە دەبیەوە و دەست بە گۆڕانکانت دەکەی ، واتە شیعر پێیوندیەکی ڕاستەوخۆی بە بیرکردنەوە و فیکرەوە هەیە . بە مانای ، بیرکردنەوە پردێکە شاعیر بەهەیەوە دەگاتە ڕووبەری ئەندێشە و خەیاڵ . دەتوانین خەیاڵ بە نیشتیمانی شیعر ناوبەرین . ئەو شوێنەی شیعر تیایدا لە دایک دەبێت . شاعیر لە نێو خەیاڵدا بەهای مرۆڤایەتی و بەهای بوون و بەهای جوانیەکان و خۆنەکان دەنووسێتەوە . لە نێو

خۆن و نهێنیەکانی بوون ، نهێنیەکانی ژیان و گەردوون کەشف دەکات و قسەیان لەسەر دەکات . گومان و پرسیارەکان دەهێنێتە بوون ، دەچێتە نێو جەنگە دەروونیەکان و شێ لەگەڵ بیرە دواکەوتووەکانی نێو کەلتوورە تەقلیدیەکان دەکات ، ئەوانەی دەیانەوێت سنوورێک بە ئازادی ژیان و تەنانەت سنوور بە جوانی و خۆن و بیرکردنەوەکانیش دابنێن . تاکە چەکەکیش بە دەستی شاعیرەوە بە ئەم جەنگە ، فیکر و زمان و مەعریفەیە . چونکە شیعر لە بنەڕەتەوە بە هەی بیرکردنەوە دەتە بوون ، واتە فیکر و مەعریفە سەرچاوەی بوون و پێکهاتەی شیعرن . بیرکردنەوەش سەرچاوەی مەعریفەی مرۆڤ ، تەنانەت لە نێو ڕووبەری خەیاڵیش فیکر لە ڕێگەی زمانەوە بەردەوام کاری خۆی دەکات ، وەک سەرچاوەکی جووڵێنەر یان بزوێنەر

بە بنیاد و پێکهاتەی دەق . ئەگەر زمان بە دیوە بنەڕەتییەکەی ، هەکارەک بێت بە تەگەیشتن یان سیستەمێکی ڕەزمانی یان سیستەمێکی ئاماژەیی بێت ، یان هەر مانایەکیتری هەبێت . بەڵام ، لە بنەڕەتدا بەشێکە لە مەعریفە و پێکهاتەی مرۆڤ ، بەرهەمی بیر و مەعریفەی مرۆڤە . لە هەمانکاتیش ، پێکهاتەیەکی بنچینەییە بە بەرهەمهێنانی دەقی شیعری . یەکێک لە کارە سەرەکییەکانی زمان بەرهەمهێنانی جوانییە لە نێو ڕووبەری دەقدا .

شاعیر لە ڕەگەی زمانەوە دەتوانێ قسە لەسەر بابەتەکان بکات یان ناوەوەی خۆی بخوێنێتەوە و کار لەسەر ئارزووەکان و غەریزەکانی خۆی بکات ، پێیوندییەکانی لەگەڵ خۆیی و لەگەڵ دەرەوەی خۆی ڕەسم بکات . هەروەها بیرەوەرییەکان و ئابردووی خۆی بنووسێتەوە . تەنانەت ، خەون و پێشبینییەکانیش . شیعر لە ڕووبەرێکی هێندە فراوان ئیش دەکات ، هیچ سنوور و بەربەستێک ناتوانێت بەر بە هەزی خەیاڵ بگرێت . ناتوانین هیچ سنوورێک و بازنەیەک بە دەوری خەیاڵ بکێشین ، یان خەیاڵ لە چوارچێوەیەکی دیاریکراو بێند بکەین . شیعریش زادە و بەرهەمی ئەم ڕووبەرە بە سنوور و فراوانییە . ئەگەر بڵێین ، ئایا شیعر نووسینەوەی ئابردوو و بیرەوەرییەکانی شاعیرە …؟ یان ئایا شیعر نووسینەوەی خەونەکان و غەریزە و ئارزووەکانی شاعیرە …؟ ئایا شیعر زمانی ناوەوەی مرۆڤە …؟ ئایا شیعر گەیانە بە دوای حەقیقەتی جوانی …؟ ئەمانە و دەیان پرسیاریتر …! ڕەنگە بە هەر یەکێک لەم پرسیارانە وەڵامەکە (بەڵێ) بێت . بەڵام ، هیچ کام لەم وەڵام و (بەڵێ) یانە بە (تەنها) ، ناتوانن مانایەکی دروست و گشتگیر بە شیعر بدەن بە دەستەوە . دەتوانین بڵێین (لە یەککاتدا / شیعر هیچ کام لەم وەڵامانە نییە لە هەمانکاتیش هەر هەموویانە …!) .

بە مانایەکیتر ، دەتوانین بڵێین (کەی هەموو ئەم وەڵامانە ڕەنگە مانایەک بە شیعر بدەن بە دەستەوە یان نزیکمان بکەنەوە لە مانای شیعر …!) . بەو مانایەی وەک گوتمان ، شیعر لە ڕووبەرێکی هێندە فراوان ئیش دەکات ناتوانین تەنها لە گۆشەیەکەوە خوێندنەوەی بە بکەین . یان لە یەک دیودا بیبینین . بەیە هەر کەسەو بە پێی تەگەیشتن ، ئاستی وشیاری و مەعریفە و بینین و بە پێی باری دەروونی خۆی خوێندنەوە بە شیعر دەکات و قسەی لەسەر دەکات . هەموو ئەم قسە و گۆشەنیگا جیاوازانەش مانایەک نین بە شیعر ، چونکە شیعر بوونێکی چەسپاو و نەگۆی نییە ، لە چرکەیەکەوە بە چرکەیەکیتر ، لە زەمەنێکەوە بە زەمەنێکیتر گۆشەنیگا و قسە و خوێندنەوەی جودا لە خە دەگرێت ، یان لە کەسێکەوە بە کەسێکی تر تەنانەت ، لە خودی کەسێکەوە بەڵام لە کاتێکەوە بە کاتێکی تر ، تەوانینییان بە شیعر

دەگەڵت ، یان بە پێی هەست و باری دەروونی ئەوکاتەی قسە لەسەر شیعر دەکات .
بە بەوای من / ئەم قسەکردنانەش لەسەر شیعر لە چرکەساتێکی دیاریکراو ، ئەوە مانایەک نین بە شیعر بەکو ئەوە ، دەربڕینی هەست و باری دەروونی ئەوکەسەیە بەرامبەر بە شیعر بەمانای ، کەسەکە لەو کاتەدا باس لە هەستی خۆی یان باس لە باری دەروونی خۆی دەکات لە پێیوەند بە شیعرەوە . کەسەکان سەر بە هەر زمان و کەلتوور و نیشتیمان و ڕەگەزێک بن ، شیعر هەر بە شێوەی ناچەسپاو و ناجێگیریە دەبیندرێتەوە و دەخوێندرێتەوە . چونکە شیعر لە بنەڕەتدا بوونێکی گەردوونی هەیە . بە هەشتنەوەی شیعر لەم ئاستە فروانیە ، زەرەک لە شاعیران مانای شیعرییان هاوتا کرد بە مانای ژیان . واتە شیعر تەریبە لەگەڵ ژیان . هەرچەندە شاعیر وەک مرۆڤێک / ئازادی و مافی ئەوەی هەیە لە ژیان دوور بکەوێتەوە و بچێتە دەرەوەی ژیان ، بەڵام شیعر / بە هەمیشە لە نەو ژیان دایە و هەر لە نەو ژیان دەمێنێتەوە . بەمانایەک ، ژیان لە کوە بێت شیعریش لەوەدا دەبێت .
شاعیر دەتوانێ بەدەنگی هەڵبژێرێت و بە بەدەنگی قسەکانی خۆی بکات بەڵام ، شیعر ناتوانێ بەرامبەر هەموو ئە شتانە بەدەنگ بێت کە ژیان ناشیرین دەکەن . بە مانایەکیتر / شیعر فەمەکی بەدەنگ نییە ..! بەڵام ، لێرەدا ئیشکالییەتێکی تر دێتە پێشەوە ، ئەویش ئەوەیە / گەر شیعر هەندە نزیک و تەریب بێت بە ژیان ، دەتوانین بپرسین ، ئەی ژیان مانای چییە … ؟! ئایا ژیان مانای لە دایکبوون و هەناسەدانە ؟ ئایا ژیان مانای عەشق و خۆشویستی و پێکەوەییە ؟ ئایا ژیان مانای مردنە …؟ لێرەدا ژیانیش وەکو شیعر چەمکێکی گەردوونی و بوونێکی گەردوونی هەیە . دەقی شیعری لە بنەڕەتدا ڕووبەرێکی نادیار و تاریک دەردەکەوێت ، وەکچۆن مرۆڤ پێکهاتەیەکی ئاڵۆز و پڕاوپڕ لە نهێنی شیعریش بەهەمانشێوە . مانگۆشەوی دەقی شیعری لە ڕەگەی خوێندنەوەی بەردەوام و قووبوونەوە دەردەکەوێت ، بە خوێندنەوەی جیاواز و بەردەوام ، دەقەکە بە گشتی و ئەو ڕووبەرە تاریکەی پشتی ئاماژەکان و کەدەکانیش بە تایبەتی ، ڕەشنتر دەردەکەون . لێرەدا دەتوانین بەم ئەنجامە بگەین و مەبەستەکانمان لەو چەند خاڵانەی خوارەوە چە بکەینەوە .
١ / هەموو ئەم چەمکانەی بوونێکی گەردوونییان هەیە وەک (شیعر ، عەشق ، مەسیقا ، ژیان …) پێناسە ناکرێن ، چونکە ناتوانین لە یەک گۆشەوە بیانبینین و خوێندنەوەیان بە بکەین .

٢/ هەموو ئەم چەمکانەی لە ڕووبەری ئەندێشە واتە خەیاڵ لە دایک دەبن (بەتایبەت شیعر) ، پێناسە ناکرێن ، چونکە خەیاڵ بە پێی

شوێن و کات دەگۆڕێ و هەمیشە بە جۆرێکی تر دەردەکەوێت .

٣/ هەموو ئەم چەمکانەی لە سەر جوانی ئیش دەکەن یان جوانی بەشیکە لە بنیاد و پێکهاتەیان ، یان ئامانجییان بەرهەمهێنانی جوانییە ، یان لە ڕێگەی جوانییەوە لەزەت بە مرۆڤ دەبەخشن ، وەک (شیعر مەسیقا ، تابلۆ ، سروشت) پێناسە ناکرێن . چونکە جوانی خۆی بوونێکی ڕەژەیی هەیە ، ناتواندرێ بە شێوەیەکی گشتگیر و ڕەها ببیندرێ .

٤/ شیعر وەک مرۆڤ چەمکێکی ئاڵۆزە واتە ، بوونێکی نادیار و شێواوی هەیە و پێاوپڕە لە نهێنی ، نهێنیەکان و دیوە شاراوەکانیش کەتاییان نایە و هەوڵکانیش لە شیعردا هەرگیز ناگەنە خاڵی کۆتایی ، قۆساییی زمان لە ئاماژە و کەدەکان چە دەبەتەوە . ئاماژە و کەدەکانیش بوونێکی ئایرۆنییان هەیە ، بە داخراوی و ڕوخسار و ڕەنگی جیاواز دەردەکەون ، بەیە هەمیشە پێویستییان بە کرانەوە و خوێندنەوەی نوێ هەیە .

نیسانی ٢٠١٦